# شێوازەکانی
# هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانی

**پاچڤەکردنی**
**بەدرەدین ساڵح**
**فاتیمە حوسێن پەناهی**

چاپی یەکەم – هەولێر
2001

ناونیشانی ئەم کتێبە بە ئینگلیزی:
INTERVIEWING TECHNIQUES
FOR WRITERS & RESEARCHERS
SUSAN DUNNE, A&c BLOCK, 1995
ناونیشانی ئەم کتێبە بە فارسی:
شیوەهای مصاحبە در مطبوعات
سوزان دان
علی ایثاری کسمایی

ناوی کتێب: شێوازەکانی هەڤپەیڤینی رۆژنامەڤانی
پاچڤەکردنی: بەدرەدین سالّح و فاتیمە حوسێن پەناهی
سالّی چاپ:٢٠٠١
:

ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەین بە:
رۆحی پاك و یادی هاوڕێی جوانەمەرگ
(مارف ئاغایی) شاعیر.

وەرگێڕ

# پێرست


سەرەتا ........................................ 7-11

١-پرسیارە باوەکان سەبارەت بە هەڤپەیڤین کردن ........ ١٢-٢١

٢-هەڤپەیڤین، شێواز و جۆرەکانی ........................ ٢٢-٤١

٣-کەرەستەکانی هەڤپەیڤین ........................ ٤٢-٦١

٤-هەڵبژاردنی پەیڤدەران ........................ ٦٢-٧٥

٥-وەرگرتنی هەڤپەیڤین ........................ ٧٦-٩٢

٦-بەرهەڤی بەرلە هەڤپەیڤین ........................ ٩٣-١٠٧

٧-بەرهەڤی رۆحی ........................ ١٠٨-١١٣

٨-ئەنجامدانی هەڤپەیڤین ........................ ١١٤-١٧٤

٩-نەقڵ کردنی کاسێت و رێك و پێك کردنی ........ ١٧٥-١٨٨

# سەرەتا

بۆ زۆربەی نووسەران، جگە لەو کەسانەی کە لە نووسینی بابەتی خەیاڵاوی سوود لە زانیارییەکانی خۆیان وەردەگرن، یەکێك لە پێویستیەکانی نووسین گەڕان لە دونیای دەوروبەر بۆ وەدەست هێنانی زانیارییە.

سەرەڕای ئەوەی کە بڕێك لەو زانیارییانە بە ئاسانی لە کتێبخانە و شوێنی هەڵگرتنی تایبەتی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دەست دەکەون! لە زۆربەی جاراندا باشترین کار ئەوەیە کە نووسەر بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی زیندوو، یاخود بەواتەیەکی دیکە بەرێگای هەڤپەیڤینەوە، زانیاری پێدڤی خۆی دەست دەکەوێ.

بەگشتی هەڤپەیڤین بە کەرەستەی کاری هەواڵنێر دەژمێردرێت. لە راستیدا لە زۆربەی کاتدا هەڤپەیڤین شارەگی وتارەکانە، بەلاّم لە زۆر جاری دیکەشدا لە زۆر شێوە نووسیندا دەکرێت سوود لە هەڤپەیڤین وەربگری.

ئێوە سەرەڕای ئەوەی دەبێت رۆژنامەنووسێك بیت کە دەیەوێ بابەتێك دەربارەی کەسێکی ناودار بنوسێت، نووسەری چیرۆکە خەیاڵیەکانیش بە کە هەوڵ دەدات سەبارەت بە داب و نەریتە کۆمەلاّیەتیەکانی چاخێکی تایبەت لە مێژوو نووسێك زانیاری وەدەست بێنێ. یاخود نووسەری رۆمانێك بیت کە پێویستی بە زانیاری لەسەر رۆژێك لە ژیانی گەسك لێدەرێکە، پێویستت بە هەڤپەیڤینە. نووسەران، لێکۆلەرەوان، دیرۆکزانان و تاکو ئەوانەی بەدوای ساخکردنەوەی رەچەلەك و بنەمالەن لە کاری خۆیاندا دەتوانن بەهرە لە هەڤپەیڤین کردن وەربگرن.

هەروەها ئەو کەسانەی کە وەکو رۆژرابواردن و کاری دڵخۆشی خۆیا ن بابەت دەنووسن لەوانەیە بیانەوێت هەندێجار لەسەر

کەسایەتیەکی ناوچەیی بابەتێك بۆ گۆڤارەکەی شاری خۆیان بنوسن.

تاکو ئەگەر هەموو ئەو بابەتانەی کە دەتانەوێت بینوسن سەبارەت بە شوێنە مێژووییەکانە بۆ گۆڤارێك، حەز دەکەیت کە بابەتەکەتان بەوەدەرکەوتن لە قاوشی کتێبخانەو ئەرشیف خانەو هێنانەوەی چەند گێڕانەوەو بەسەرهاتێکی سەیر و سەمەرە یاخود بیروڕای کارناسێك، جوانتر و باشتر و زیندووتر لێدێ.

ئێوە تاکو ئەگەر بتانەوێت پێوەندی بە کەسانێکەوە بکەن کە دەیانەوێ لەکاری ئەو نووسینەدا هاوکاریتان بکەن، دیسان فێربوونی ئەزموونەکانی هەڤپەیڤین کردن بە کەڵکت دێن.

لە هەڤپەیڤین کردندا قازانجێکی زۆر بە نووسەران دەگا. هڤپەیڤین بۆ رۆژنامەنووسان، سەرچاوەیەکی بێ کۆتایی لە هزری نوێ و ئەندێشەیە بۆ وتارەکانیان. ئەو کەسانەی کە هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا دەکەیت دەتوانن لە رێگای گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان، بەسەرهات و کارەساتی شیرین لە ئەزموونی جوانی مرۆڤانە، گیانێکی نوێ و ژیان بە بەرهەمەکەت (نوسراوەکەت) بدەن.

بە رێگای هەڤپەیڤینەوە دەتوانیت، زانیاری و پسپۆری تاکە کەسی، بابەتی سەیر و سەمەرە لە شاهێدان، بەرهەمی بەڵگەدار، کە لەوانەیە لە کتێبخانەو ئەرشیفخانەکانیش وەدەست نەکەون کۆ بکەیتەوە. دەستکەوتی لاوەکی هەڤپەیڤین ئەوەیە یارمەتی ئەوەت دەدات بۆ بەشداریکردنی مرۆڤەکان لەو کارەدا کە لە نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە حەز لە لێکۆڵینەوە دەکەن.

هەڤپەیڤین کردن بۆ زۆربەی نووسەران، هەلی روانینێکی بەرز بۆ نووسەر، لەسەر ژیانی خەڵکانیتر کە ئەزموون و شێوەی ژیانیان بە شێوازێکی تره پێك دەهێنیێ.
لەکاتی هەڤپەیڤینێکدا دەگەڵ زۆر کەسی جۆراجۆردا دیدار دەکەیت کە لە ماوەیەکی کەمدا ئیلهامی ئەوەت دەدەنێ و تۆ دەکەن بە هۆگری خۆیان و تۆش حەزیان لێ دەکەی. ئە و کاتەی کە هەڤپەیڤین دەکەیت، ئەزموون و شارەزایی و پسپۆری بە نرخ دەخەیتە سەر خەرمانەی زانیارییەکانی خۆت و وەك نووسەرێك و لێکۆڵەرەوەیەك پێیانەوە دەوڵەمەند دەبیت، بێگومان دەتوانن لە زۆر لایەنەوە رێنماییت بکەن.
زۆربەی هەرە زۆری نووسەران ناچارن بەهۆی تاقیکردنەوە و هەڵە کردن، چۆنییەتی و شێوەی هەڤپەیڤین کردن فێر ببن.
زۆبەی ئەو کەسانەی کە تازە بوون بە نووسەر، چۆنکە هێزی باوەڕ بەخۆبوونیان تێدا نییە، یاخود ئەوەی کە نازانن دەبێ چۆن هەڤپەیڤین بکەن و سوود لە سەرچاوەی زیندوو بۆ هاوکاری و پشتیوانی کارەکەیان وەربگرن، هەرگیز ئەو سەرکەوتنە وەدەست ناهێنن کە لە راستیدا شایانیشیانە. ئەگەر ئەزموونتان لە هەڤپەیڤین کردندا نییە، لەوانەیە ئەم کارە بە بڕوای ئێوە کارێکی زۆر نهێنی و رازدار بێت یاخود وا بیر بکەیتەوە کە هەڤپەیڤین کردن تەنیا لە توانای کۆمەڵێك نووسەری لێزان و تایبەت دایە.
کەچی بوون بە پەیامنێرێکی باش پێویستی بە کات و تێکۆشان هەیە (و تەنیا رێگای کاریگەری فێربوونی هەڤپەیڤین کردن پرۆڤە کردنە).
نووسەرێکی تازەکار ئەگەر بێت و پشت بە چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ فێربوونی هەڤپەیڤین کردن ببەستێ بەرادەی

ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون دەتوانێ هەڤپەیڤین بە جوانی ئەنجام بدات.
دەم کتێبەدا شێوازە بنەڕەتییەکانی هەڤپەیڤین کردن، کەواتان لێدەکا هەڤپەیڤینێکی ڕێك و پێك ئەنجام بدەی ڕاڤە کراوە.
هۆی هەڤپەیڤین کردن هەرچییەکی بێت، قۆناغی جۆراجۆر و ڕێڕەوی هەڤپەیڤینەکان لە زۆربەی جاراندا تا ڕادەیەك یەکسانە.
دەبێت پرۆژەو نەخشەیەکت هەبێت، ئەوکاتە هەڤپەیڤینەکە ڕێك بکەی و ئەنجام بدەی، دواتر ناوەڕۆکەکەی بنووسیتەوەو بۆ لە چاپدانی (هەر کوێ کە گونجاوترە) بنێریت.
قۆناغەکانی هەڤپەیڤین کردن دەو کتێبەدا بە ڕێك و پێکی هاتوون، سەبارەت بە هەڵبژاردنی باشترین شێوەکانی تۆمارکردن، خۆ بەرهەڤ کردنەکانی بەرلە هەڤپەیڤین و ئەوەی کە ئەگەر هات و گیر و گرفتێك هاتە سەر ڕێگاتان دەبێت چی بکەی، گەلێك ڕێنمایی پێویست کراوە.
هەرگیز وا هەلناکەوێ کە دوو هەڤپەیڤین وەك یەك بچن، هیچ نووسەرێك ناتوانێت هیوادار بێت هەموو ئەو چاوەڕوانیانەی کە لەوانەیەخوێنەر لە هەڤپەیڤینێکدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە بێنێتەوە. بەلاّم هیوادارم ئەم کتێبە هاوکاری ئەوەتان بکات، ئەو کارەی کە زۆربەی نووسەران وەکو بە چێژترین و نوێترین بەشی لێکۆڵینەوە دەیناسن، دەست پێ بکەیت.
هەڤپەیڤینی سەرکەوتوانە بەچێژەو بۆ ئێوە بە خاڵی بەهێز دەژمێردرێت بۆیە با ئێوەش ئەم چێژ و خاڵە بەهێزەتان هەبێت.
ئاگادار کردنەوەیەك بۆ لێکۆلەرەوان: بۆ ئاسانکاری زیاتر واژەی گشتی (نووسەر) م بۆ ئاماژە بە نووسەران و لێکۆڵەرەوان دەکار کردووە، کەچی زۆربەی هەرەزۆری لێکولەرەوان لە پێناوی

داهێنانی بەرهەمێکی نووسراو، نامەیەکی زانکۆیی، یاخود نامەیەکی لێکۆڵینەوەیی کار دەکەن، هەندێکیان لەوانەیە تەنیا لەپێناوی هۆگری و رۆژ رابواردنی خۆیان لێکۆڵینەوە بکەن. کەچی هەموو لێکۆڵەرەوان پێویستییان بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی خۆیان دەبێت، بەڵام هەموو ئەوانە لەوانەیە نەیانەوێت کارەکانیان لە چاپ بدەن. هەر بەم هۆیەوە لەوانەیە پێویستیان بە خوێندنەوەی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە نەبێت.

# فەسڵی یەکەم

## پرسیارە باوەکان لەبارەی هەڤپەیڤین

## هەڤپەیڤین چییە..؟

هەڤـپـەیڤین بریـتییە لـە کۆمـەڵێك پرسـیاری ئامـانجدار لـە کەسێك (یان چەند کەسێك) بۆ وەدەست خستنی زانیاری و بیروڕاو" تۆمار کـردنێکی پێویسـتی وەڵامـەکان، بـە مەبەسـتی بڵاوکـردنەوەیان.

ئەمەی سەرەوە بنەمای هەموو هەڤپەیڤینێکە.

لای زۆربـەی خـەڵکی واژەی (هەڤـپـەیڤین) بـە واتای تێکەوتن و بە ناچـار وەڵام دانـەوەی هـەندێ پرسـیاری تایـبەتە. هەر چەندە بۆ هـەندێك نووسـینان (بۆ وێنە نووسینی رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوە) خسـتنە ژێـر پاڵەپەسـتۆی ئـەو کەسەی وتووویژی دەگەڵ دەکرێ لەوانەیـە بـاوبێ، بـەڵام لـە زۆربـەی هەڤپەیڤیـنەکاندا، کە بە هۆی نووسـەرانەوە رێـك دەخـرێن، شـێوەیەکی بـە ئەدەبـەوە رەچـاو دەکـرێ" کـە لـەوەدا ئـەو کەسـەی وتووویـژی لەگـەڵ دەکـرێ، کەسێکی پسپۆر و لێهاتووەو ئامانجی ئەو کەسەی کە وتووویژەکە دەکا پتر فێربوون و وەرگرتنی زانیارییە.

## جۆرەکانی هەڤپەیڤین

هەڤـپـەیڤین لـە ڕوانگـەی یەکەمـەوە" لـەڕووی قوڵـی و نـاوەرۆکی وتووویژەکـەوە دەشـێت جیـاوازی زۆریـان تێـدا بێـت، کـە یـان لە رێگای تەلەفۆن یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێن.

نـاوەرۆکی هەڤـپـەیڤین و ئەو پوختەیەی کە لە ئەنجامدا دێتە سەر کاغـەز، پـتر بـەهۆی جـۆری ئـەو کـارەی کـە ئـەنجام دەدرێـت، دەردەکەوێ.

لەبەشـی داهـاتووی ئـەم نووسـینەدا بـە دوورو درێـژی سـەبارەت بەشێوەکانی هەڤپەیڤین دەدوێین.

## ئایـا هــەر هەڤپەیڤینێك دەبێ بەشێوازێكی جیاواز رەفتاری لەگەڵدا بكرێت؟

دەتوانـین بڵێین بەڵێ و نەخێر، بەڵێ لەبەر ئەوەی تا رادەیەك هەر كەسێك لەگەڵ كەسێكی دیكەدا جیاوازی هەیە و پێویستە شـێوازی هەڤپەیڤـینی خـۆت بـە باشـترین شـێوە لەگـەڵ ئـەو كەسـەی كـە مەبەستتە هەڤپەیڤینی لەگەڵ بكەی، رێك بخەی. نەخێر، لەبەر ئەوەی رێچكەی بنەڕەتی هەڤپەیڤین بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی كە لەگەڵ چ كەسێك دا هەڤپەیڤین دەكەی، هــەردەم دەبێـت بـە یەكسـانی بمێنێـتەوە. ئـەركی ئێـوە چ لــەوەی كــە لەگــەڵ نــاودارێكی جیهــانی مۆســیقا یــاخود ئافـرەتێكی ماڵـەوە یـان بەڕێوەبەری دەزگایەك وتووێژدەكەی هـەموو كـاتێك دەسـت خسـتن و دەركێشـان و تۆمـار كـردنی زانیـاری یـان بـیروڕا بـۆ نووسین، یاخود ئەو پرۆژەیەیە كە لە بیرتاندایە و مەبەستی سەرەكی كارەكەتانە.

## هەڤپەیڤین چ رۆڵێك لە نووسیندا دەبینێ ؟

وتوووێـژ بەشێكە لە داهێنان و لێكۆڵینەوەی نووسەرێك، بەڵام خـودی هەڤـپەیڤین ئامـانجی سـەرەكی نییـە. لـە كـردەوەدا لەوانەیە هەست بەوە بكەیت كە ماوەی ئەو كاتەی بۆ وتوووێژ كـردن تـەرخان كـراوە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو كاتەی كە بۆ وەرگرتــنی كــاتی وتووێژەكــە، دۆزیــنەوەی (تــەرحێك) و بەتاڵكـردنەوەی كاسـێتی هەڤپەیڤـینەكە، شـتێكی ئەوتۆ نییە تـاوەكو ئەگـەر وتـارێك لەسـەر بـنەمای هەڤپەیڤـینێكەوە بـۆ گۆڤـارێك دەنووسـیت، هەڤپەیڤـینەكە خـۆی، تەنیا یەكێك لەو

چەند هەنگاوە دەبێت کە بۆ تەواوکردنی وتارەکە پێویستە. بەم شێوەیەیە کە وتووێژ دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە کاری تۆژینەوەی زۆر نووسەر ببینێ و دەستکەوتەکانی هەڤپەیڤینێکی باش، زەحمەتەکانی پەیوەست بە سەرەتاو بەدیهێنانی هەڤپەیڤینەکەو دابەزاندنەکانی دواتری بە ئاسانی قەرەبوو دەکاتەوە.

## سوودەکانی هەڤپەیڤین بۆ نووسەر چین ؟

لەم دێڕانەی خوارەوەدا ئاماژە بە چەند هۆی سوود وەرگرتنی نووسراوەکان لە هەڤپەیڤینەکاندا کراوە .

-: سوود وەرگرتن لە زانیارییە پیشەییەکان: پێداچوونەوەو خستنە ژێر چاودێری زانیارییەکان. نووسەران لەژێر پاڵەپەستۆی دڵنیابوون لە راست و دروست بوونی زانیارییەکانیاندان. دانی زانیاری هەڵە، سەرئێشە بۆ خوێنەرو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی هەر بڵاوکراوەیەك دروست دەکا، هەروەها سوودوەرگرتن لە زانیاری راستەوخۆی پیشەیی یارمەتی نووسەر دەدات کە تووشی هەڵە نەبێ.

-: وەدەست هێنانی متمانە: هیچ نووسەرێك ناتوانێت بڵێت هەموو شتێك دەزانم؟ تەنانەت ئەو بابەتەی کە هەست دەکرێ لەویاندا ئەزموون و زانیاری پیشەیی تەواویشی هەیە، وەرگرتنی بۆچوونێك یاخود وتەی شارەزایەك و لکاندنی بە نووسینەکەی تۆ، لەو رێگە باشانەیە کە جوانی و نرخ بە نووسینەکەتان دەدەن و دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکانت وەك کارێکی ئاکادیمی بێنە بەرچاو.

-: بواری ئەوەت پێ دەبەخشێ لەسەر ئەو کەسانە بنووسیت کە خۆشت دەوێن، یاخود شایانی ئەوەن تاکو لە بارەیانەوە بنووسرێ.

-: زیندوو راگرتنی نووسینەکەتان بەهۆی دەنگ یاخود بۆچوونێکی مرۆڤانە.

-: فرۆشتنی هەواڵ: هەڤپەیڤین بەتایبەت بۆ رۆژنامەنووسان دەتوانێ سەرچاوەیەکی زانیاری بێ کۆتایی و بەهێز بۆ نووسین و دارشتنی وتارێك دەستەبەر بکات، لەوەش گرنگتر سەرنووسەر و بەڕێوەبەری رۆژنامەوانی، ئەو بابەتانەیان لەلا پەسەندترە کە تیایاندا سوود لە هەڤپەیڤین وەرگیرا بێت.

## چ کەسێك پێویستی بە هەڤپەیڤین هەیە..؟

بۆ هەندێك لە جۆرەکانی نووسین هەڤپەیڤین گرنگی خۆی هەیە و پێویستە، چونکە هەڤپەیڤین بەشێك لە کەرەستەی خاوی ئەو رۆژنامەوانانەیە کە پتر سەرو ساختیان لەگەڵ کێشە زیندووەکان و ئەو کەسانەدا هەیە کە هێشتا لە ژیاندان. هەواڵ نووسە لێهاتوو و سەربەخۆیەکان، ئەگەر نەتوانن بابەتێك لەسەر بنەماو بەسوود وەرگرتن لە هەڤپەیڤین ئامادە بکەن، یاخود ئەوەی بەسەرچاوەی زیندوو بۆ بەدەست هێنانی زانیاری، پێوەندی ببەستن، گەلێك هەلی لەدەست دەچێت. ژیاننامەنووسان بەتایبەت ئەوانەی ژیاننامەی ئەو کەسانە دەنووسن کە هێشتا لە ژیاندا ماون، کە ئەگەر لە ژووری کارکردنی خۆیان نەچنە دەرەوە و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە وتووێژ نەکەن، یاخود لەو کاتانەی ئەو کەسەی مەبەستیانە، هاوکاری پێویستیان نەکات، ئەگەر بێتو

پێوەندی بە دۆستان، هاوکاران، دوژمنان و ناحەزانی ئەوکەسەوە نەکەین، بێگومان ناتوانین هیچ ڕێگا و هەنگاوێك ببڕین و بنێین.
ئـەو کەسـانەی کـە ژیانـنامەی ئەو کەسانە دەنووسن کە لە ژیاندا نـەماون و مـردوون (تـاکو ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆر بەسەر مـەرگیاندا تێـپەڕیبیّ)، ئەگـەر بیانـەوێت شـیکردنەوەی راسـت و دروسـت لـە ژیـانی کەسایەتیەکی ناسراویش ئامادە بکەن، دەبێت سوود لە ئەزموونی خەڵکانی دیکە وەربگرن، پزیشکێکی ئەمڕۆ بۆ لێتوێژینەوە لە نەخۆشی و دەردی (ناپلیۆن بوناپارت ١٧٦٩ ١٨٢١) یـاخود لێکترازانـی نائاسـایی بڕبڕەی پشتی (ئەلکساندەر پۆپ ١٦٨٨ ١٧٤٤) دەبێت چی بکات؟!
ژیاننامەنووسـێك بـەم دواییانـە هەسـتی بەوەکـرد کـە (ئەمیـلی برۆنـتە)ی نووسـەری ئینگـلیزی یـەکێك لـەو کەسانە بووە کە هیچ کـاتێك حـەزی نەچووەتە خواردن یاخود کەڵك لێوەرگرتنی خراپی جنسـی لــە مـنداڵیدا ، کارتێکـردنی دیـارو بەرچـاوی بەسـەر بەرهەمـەکانی نووسـەر و رەخـنەگری ئینگـلیزی (ویـر جینا وۆلف ١٨٨٢–١٩٤١)ەوە بـووە. بـەکورتی دەتـوانم ئـەوە بـڵێم هـەر نووسەرێك کە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی زیندووی زانیاریەکان یاخود پسپۆری هاوکاری و پشتیوانی کارەکەی بێت، یاخود ببێتە هۆی باشترکردنی کارەکەی پێویستی بە هەڤپەیڤینە.

## ئاخۆ هەرکەس دەتوانێت هەڤپەیڤین بکات ؟

بۆچـوونێکی (بـە هەڵـە) زۆربـاوە لەسـەر ئـەوەی کـە تـەنیا رۆژنامـەوانانن هەڤـپەیڤین ئـەنجام دەدەن. ئـەم بۆچـوونە راسـت نییـە. مەگەر ئەوەی کە توانای ئاخاوتن یاخود گوێگرتنت نەبێت، ئینجا هەڤپەیڤینت پـیّ نەکرێت. مەرجی سەرەکی بۆ هەڤپەیڤین

کـردن ئەوەیـە کـە بـتوانی کۆمـەڵێك پرسـیاری ئامـانجدار بێـنییە ئاراوە و ئینجا وەڵامەکان بە وردیەوە تۆمار بکەی.
ئەگــەر بــتوانیت ئــەم پێــوەرو بــنەمایانە لەبەرچــاو بگــریت، دەشـتوانیت هەڤـپەیڤین ئـەنجام بـدەی، لەوانەیـە بتانەوێ ببن بە پەیامـنێرێکی هێـرش بـەرو بـزۆز کـە بـە پاڵەپەسـتۆو هێـز بتەوێ قسـەیان پـێ بکـەی، یاخود بتانەوێ ژیانی گەندەڵ کاری، هەندێ کەسـایەتی، بـۆ رۆژنامەیـەکی بـەدەنگ وەدەسـت بخـەی، ئەگـەر وابێـت پێویسـت بـە (لێهـاتوویی) و کەسـایەتی یـاخود دەمـامکی کەسـایەتیەکی دیکـە هەیـە بـۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەرامە، ئێمە لـەم کتێـبەدا وا بـیر دەکەیـنەوە کـە ئێوە پێویستیتان بە زانیاری زیاتـر هەیـە بۆ کارەکەتان، یاخود دەتانەوێ لە چۆنییەتی ئیش و کـاری هەڤـپەیڤین زیاتر تێبگەن، نووسەران، رۆژنامەنووسانیان لێ جیـا بکەیــەوە، بــە دەروون بــین بــەنێو بــانگن. گــریمان ئــەم بۆچـوونەش وابێـت، دەروونبینی خۆی نابێتە لەمپەرێکی وەها کە نەکـرێ هەڤـپەیڤین ئـەنجام نـەدرێت و لـە هـەندێ لایەنیشـەوە دەتوانرێ ببێت بە خاڵی چاك لەم کردەوەیەدا.
هەڤـپەیڤین واتـە بە قسەهێنانی کەسانی دیکە دەربارەی خۆیان و یـان دەربـارەی خـەڵك هـەموو ئـەو شـتەی کـە پەیامـنێرەکان پێویسـتیان پێیـەتی، ئاشـنایی و زاڵ بـوون بەسـەر چەند شێوەی سـاکارە کـە بـتوانن بەباشـی و بـە دروسـتی وتوویـژ بکـەن. لـەم قۆناغـە بـەدواوە لەوانەیـە ئـەوان بیانـەوێت ئەم شێوازانە لەڕووی هونەرییەوە پێبگەیەنن، بەڵام ئەم کارە بە زۆرەملێیی نییە.

**پەیڤدەر . یاخود ئەوەی هەڤپەیڤینی لەگەڵ دەکرێ کێیە ؟**

هەرکەسـێك لە مرۆڤێکی ئاسایی نێوکۆڵان و شەقامانەوە بگرە تا پسپۆرێکی نێونەتەوەیی، ئامانجێکە، لەوانەیە بیهێنینە ئاخاوتن و

هەڤپەیڤینی لەگەڵ بکەین. ئەوەی کە دەتەوێ لەگەڵ کێ هەڤپەیڤین بکەی، پێوەندی بە بەرنامەو ئامانجەکانی خۆتەوە هەیە، بۆ نووسینی بابەتێك لەسەر بیروڕای خەڵکی لەمەڕ پێوەندییەکانیان لە دەرەوەی ماڵەوەدا، لەوانەیە پشت بە راوەرگرتنی خەڵکی ئاسایی ببەستی، لە کاتێك بۆ نووسینی وتارێك لەسەر کانزایە دەگمەنەکان، دەبێت بۆ زانکۆی بەشی زانستە تایبەتیەکان بڕۆی، چونکە بێگومان دواندنی پسپۆڕێکی ئەم بوارە پێویستە.

لەوانەیە هەندێ جار کارەکەتان وەك قسەکردن لەگەڵ دۆستێکی نزیکتان ئاسان و سوك بێت و جاری واش هەیە پێویست دەکات بۆ دەست کەوتنی کەسێکی وەها پێوەندی بە دورترین شوێنەوە بکەیت. کە واتە ئەوانەی لەگەڵیان هەڤپەیڤین دەکەی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن:

**(پەیڤ) بێژە گرنگەکان:** ئەم دەستەیە لەلایەکەوە بێ وێنە و تایبەتن (یاخود لەبەر ئەوکارەی کە کردوویانە هەندێ جاری واش هەیە بە هەردوو هۆیەکەوە)، ئەم دەستەیە دەکرێ دەوڵەمەند و کەسانی بە ناوبانگ و هەروەها بەد ناو و جێگەی ئاماژە و بە توانا و کەسانی ئاسایی لە بارودۆخی نائاسایش لەخۆ بگرێ.

**(پەیڤ) بێژە پسپۆڕەکان:** ئەم دەستەیە زانیاری نێوخۆیی یاخود تایبەتیان هەیە، کە بۆ وتارەکان پێویستیتان پێی هەیە.

بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە ئاساییەکان، وتەبێژانی راگەیاندنە گشتیەکان، کاربەدەستان، شایەتی دەران، هەموو ئەوانە سەرچاوەی سەرەکین بۆ ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە.

## بۆ هەڤپەیڤین کەسەکان لە کوێ بدۆزینەوە..؟

بەگشتی وا پێویست دەکات کە کەسەکان بەهۆی کەسی دووەمەوە یاخود کەسی پێوەندی خۆتانەوە لە ماڵەوە یاخود لە شوێنی کارەکەیانەوە بدۆزیتەوە، یاخود ئەوەی بە دوایاندا بگەڕێی و بە دوای هەرسەرە داوێکیشدا بگەڕێی. بۆوە دەست هێنانی زانیاری زیاتر تکایە بۆ بەشی (٥) هەڤپەیڤین وەرگرتن بڕوانە.

## هەڤپەیڤین لە کوێ ئەنجام بدەین ؟

جگە لە هەڤپەیڤین بە تەلەفۆن، یاخود هەڤپەیڤینی کورت لەگەڵ کەسێکی نامۆونەسراو لە شەقامدا، بەگشتی واپێویست دەکات شوێنێکی لەبارو گونجاو بۆ وتووێژکردن لەبەرچاو بگرین، هەر ئەوەی کە کەسەکان رازی دەبن هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکەیت، بەهۆی ماوەپێدان و لێزانی خۆیانەوە، چاکەیان لەگەڵدا کردوویت، بۆیە وا جوانترە لە شوێنێکدا کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە شوێنێکی لە باروگونجاو بێت، هەڤپەیڤینەکەت رێك بخەی بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لەسەر ئەم باسە بڕوانە فەسڵی (٥)ەم هەر لەم کتێبەدا.

## کاتی هەڤپەیڤینێك چەندە ؟

ئەمەیان بەپێی بابەت دەگۆڕدرێ، دەتوانی هەڤپەیڤینێك لە چەند دەقیقەیەکدا بە تەلەفۆن یاخود هەڤپەیڤینێکی کورت لەگەڵ کەسێك دابێ کە لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ دێتەدەرێ ئەنجام بدرێ، یاخود ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەسەرهات دەنووسن بە مانگان و بە ساڵان و هەرجارەی چەند کاتژمێرێك بخایەنێ.

هەڤپەیڤینێکی راستەوخۆ بۆ وتارێکی نێو گۆڤارێك بەگشتی لە کاتژمێرێکدا ئەنجام دەدرێ، بەلاّم هیچ یاسایەکی نەگۆڕ و تایبەتی بۆ ئەمەش نییە، ماوەو کاتی هەڤپەیڤینەکە بەندە بەو بڕە زانیارییەی کە پێویستیتانە و رادەی حەزی ئەو کەسەی هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەکرێ بەوەی کە چەند دەیەوێ قسە بکات.
بۆ دیار کردنی کاتی هەڤپەیڤینیش دەکرێ ئەوکاتەی یەکتر دەبینن قسەی لەسەر بکرێ.

## بەر لە هەڤپەیڤین دەبێت چەند ئاگاداری بابەتەکە بین ؟

هەرچەندە ئاگاداریمان زیاتر بێت باشترە، توێژینەوە بەشی بنەڕەتی وتووێژێکی جوان و باشە. لێکۆڵینەوە پرسیارەکانت بە پێزتر دەکات و رێزی هەواڵنێریش لەلای ئەوکەسەی کە وتووێژی لەگەڵدا دەکرێ زیاتر دەکات. بۆ زانیاری لەسەر ئەو بابەتە بڕوانە بەشی (٦)، (ئامادەکارییەکانی بەرلە هەڤپەیڤین) .

## خوێندنەوەی بابەتی مافداری .؟

بەڵێ گرنگترین بابەتی مافداری، درۆ و تۆمەت هەڵبەستنە، لە فەسڵی یازدەیەم بەشی هێنانە سەرکاغەزی قسەی سەر کاسێت لەم بارەوە، شیکردنەوەو ئاگاداری پێویست دراوە..

# فەسڵی دووەم

## هە ڤپەیڤین" شێوازو جۆرەکانی

**هەڤپەیڤین" شێوازو جۆرەکانی**

لـــەم بەشـــەدا بـــەکورتی و بەگشـــتی لەســـەر باوتـــرین شـــێواز و جۆرەکـانی هەڤـپەیڤین بـۆ نووسـەران دەئـاخڤین . شێوازو جۆری هەڤـپەیڤین تـا رادەیـەکی زۆر ناوەڕۆکی کاری ئێوە دەخاتە ڕوو ، ئەگـەریش بەرنامـەو پـرۆژەیەکی دیـارو نەگۆڕیشتان لە دڵدایە،کە لەوانەیـە هـزرێکی زۆر روونـت لە سەر کەسەکە هەبێت کەدەتەوێ لەگـەڵیدا بـپەیڤیت و لـە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی دیاریکراو، بـەلاّم ئەگـەر دەتـەوێ ژمارییـەکی زۆر هەڤپەیڤین ئەنجام بدەی ، لەوانەیـە لـە کۆتـاییدا هەسـت بەوەبکـەی کـە بـڕێ لـە جۆرەکانی هەڤــپەیڤین بۆهـــەندێ لێکۆڵیـــنەوە یـــاخود نووســـین لەبارتـــرە- لێرەشـدا ئامـاژە بەهـەندێ لەو شێوازانە کە لە بەردەستتان دان- ئەگـەری ئێـوە رۆژنامەنووسـێکی ئـازادن و پابـەندی هیچ شوێنێك نـــین، بۆتـــان دەردەکـــەوێ کـــە هەرچـــەندە هەڤپەیڤیـــنەکانت جۆراوجۆربـن بلاّوکـراوە وبلاڤۆکـی زیاتـر حـەز بە بلاّوکردنەوەیان دەکـەن .زۆربـەی نووسەران یەکێك لە جۆرەکانی هەڤپەیڤینیان لە جۆرەکـانی تـر لا دڵگیرتـرە ، هـەندێ کـەس لەوانەیـە خۆیـان راسـتەوخۆ بـۆ بینینی کەسێك بچن لە کاتێکدا خەڵکیتر لەوانەیە ، لەباشـترین شـێوە کەچی ئەوەندەش خۆیی نییە- واتە شێوازی بەتەلـەفۆن لەگـەڵ ئەوکەسەی دەتەوێ وتووێژی لەگەڵدا بکەیت- سـوودوەربگرن ئـەو شێوازەی کە تۆ حەزی لێدەکەی هەرکامەیان بێـــت ،جـۆری هەڤپەیڤیـــنەکە لـــەکۆتاییدا ، لەتـــەك نـــاوەڕۆکی ئەوکارەی کە ئەنجامی دەدەی دەبێت یەکانگیر بن.

**هەڤپەیڤینی ڕووبەڕوو**

ئەگـەر دەتانـەوێ ریـپۆرتاژێکی تێروتەسـەل ئامادەبکـەن ،یـاخود بابـەتێکی چڕوپڕ لەسەر کەسێك بنووسن ئەوا هەڤدیتنی ڕووبەڕوو پێویسـتە و باشـترە .مەگـەر ئـەوەی کە دەرفەت وکاتی گونجاو و پێویسـت نـەبێت و کەسـی مەبەسـتتان دوور بـێ و دەستتان پێی ڕانــەگات هــە ڤپەیڤیــنی ڕووبــەڕوو، لــە زۆرلاوە دەبێــتە هــۆی رەزامـەندی و رازیبونتان . چونکە پـەیڤدەر کاتێکی دیاریکراوی بۆ دیـداری ئێوە داناوە وبواری ئەوەتان دەست دەکەوێ کە قوڵتر لە بابـەت ئـەو کەسەوە لێکوڵینەوە ئەنجام بدەن و زانیاری زیاترتان لـەوەی کـە زۆر جاران بەهۆی هەڤپەیڤینێکی تەلەفۆنییەوە یاخود لـەماوەی چـەند چـرکەیەکدا ، لە کۆتایی سەردانی شاندێك یاخود کونفرانسـێکی رۆژنامـەوانیدا پێـی دەگـەیت ، دەسـت بکەوێ . لە هەڤپەیڤـنێکدا دەورو روبـەرو جوڵـەکانی لـەش ، گۆڕانـی سـەرو سـیماو.ی پـــەیڤدەر دەتوانـــن زانیـــاری بـــە ســـوود بـــن بـــۆ سەرکەوتنی کارەکەتان .سەرەڕای ئەمەش ڕێگە خۆش دەکەن بۆ پەیوەندییـەکی دۆستانە ، کاتێك لە شوێنێکی لە بار دانیشتوون و پێکـەوە چـاییەك ، یـاخود قاوەیەکیش دەخۆنەوەو وتووێژدەکەن .چـونکە بـەو شـێوەیە پەیوەندییەکـە راستەوخۆ دۆستانەترە لەو کاتەی کە بە هۆی تەلەفۆنەوە ، بە بێ بینینی سیمای ئەوکەسەی کـە قسـەی لەگـەڵ دەکـەی و بەتـەمای زانیـاری زۆر بـە سـوود و گرنگت بداتێ.

لــە وانەیــە گـرێ و کۆسـپی ســەرەکی رێکخسـتنی هەڤپەیڤیـنی ڕووبـەڕوو بگەڕێـتەوە بـۆ ئـەوەی کە کات بە فیڕۆ دەچێو دەبێت پارەیـەکیش خـەرج بکـرێ . هــەندێجاریش وا هەڵدەکـەوێ کـە کـەش وهـەوا لـە بارنییـە بـۆ ئەوەی هەڤپەیڤینێك ئەنجام بدەی ،

یاخود ئەوەی کە هەندێ هات و هەرا ببێتە هۆی ئەوەی کارەکەت بوەستێ . بە لاّم بە گشتی بە بڕوای زۆربەی ئەوکەسانەی هەڤپەیڤین ئەنجام دەدەن ، هەڤپەیڤینی راستە وخۆ ، دڵگیرترین و جوانترین رێگایە بۆبەدەست هێنانی زانیاری . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنییەتی رێکخستنی هەڤپەیڤینی راستەوخۆ تکایە بڕوانە بەشی (هەشتەم ) ، (ئەنجامدانی هەڤپەیڤین).

**هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی.**

ئەگەر دەتەوێ بابەتێکی تێرو تەسەل بەویستی خۆت بنووسی، دەبێ بزانی وتووێژی تەلەفۆنی کارێکی چاك نییەو باشتر وایە کەیەکتر ببینن ، ئینجا هەڤپەیڤین ئەنجام بدرێت .سەرەڕای ئەمەش هەندێ رێگە هەن کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە لە هەندێ بارودوخ دا وتووێژی تەلەفۆنی لەبارترو بە کەڵك تردەبێت لە جۆرەکانی دیکە .بۆ نموونە ،ئەگەر لە هەڤپەیڤینی ڕوبەڕوودا“ ئەو لایەنەی کە دەمانەوێ هەڤپەیڤینی لەگەڵدا بکەین، لە شوێنێکی دوور لە ئێمەدا دەژییێت، لەوانەیە لەبەر بە فیڕۆنەدانی کاتی زۆرو کەمتر خەرج کردنی پارەو شتی لەوبابەتە ، وتووێژی تەلەفۆنی لەبارتربێ لەوانی تر، بەلاّم ئەگەر گرنگی ئەو کەسەی کە دەتەوێ وتووێژی لەگەڵ دا بکەی بە هۆی پسپۆڕیەکەیەوەیەتی (بۆ وێنە دەروونزانێك کە پسپۆڕە لە چۆنایەتی وردەکارییەکانی ئەو بنەماڵانەی کە تووشی سەر لێشێوان هاتوون، لەوانەیە بتوانرێت بەهۆی وتارێکەوە دەربارەی بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو و رێك هاوکاری ئێوە بکات) ئەو کاتە لەوانەیە هەست بەمە بکەیت، جۆری ئەو زانیاریانەی کە دەتوانیت وەریان بگریت، بەتەلەفۆنەوە ئاسانترە .ئەگەر ئێوە یاخودئەو

کەسەی هەڤپەیڤینی لەگەڵدادەکرێت، بەراستی لەکێشەیەك دان ،لەسەروبەندی سەردانێکی دەروەی وەلاتیت یاخود ئەوەی کە هەلێکی زۆرت لەبەر دەستدا نییە، پێوەندی تەلەفۆنی لەبارەی کەمتر بە فیڕۆدانی کات کەڵکی زیاتری هەیە. ئەو هەواڵنێرانەی کە بە شەو و رۆژ کار دەکەن و لە هەر هەفتەیەکیشدا چەندین هەڤپەیڤینیان هەیە، بۆ بەفیڕۆ نەدانی کاتەکەیان پتر سوود لە تەلەفۆن وەردەگرن.

ئەگەر ناچار بیت لەنێوان هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی و هەڤپەیڤینی رووبەڕوویی یەکێکیان هەلبژێری دەبێت قازانج و زیانەکان لەبەر چاو بگریت. یەکێك لە قازانجە بەرچاوو باشەکانی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی لەوەدایە کە دەتوانی دەست بەجێ لەگەڵ ئەو کەسەی کە مەبەستتە قسە بکەیت.

سەرەڕای ئەمەش ئەگەر ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵدا دەکەی، ئەو زانیاریانەی کە ئێوە مەبەستتانە نەزانێ، پارەو کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ نەداوە.

گرفتی سەرەکی ئێوە ئەوەیە، تەنیا ناتوانن جوولەکانی دەست و دەم و چاوی ئەو کەسە ببینن، (بەلاَم لە کاتێکدا ئەگەر وتووێژەکە بە مەبەستی دەست کەوتنی زانیاری زانستیەوە بێت کە دیارە لەوکاتەدا دیتنی کەسەکە یاخود نەدیتنی کار لە کرۆکی وتووێژەکەتان ناکات) سەرەڕای ئەمانەش بڕینەوە یاخود کورت کردنەوەی هەڤپەیڤین، بە رێگای تەلەفۆن زۆر سانایە و ئەو لایەنە بە وتنی بەداخەوەم یان دەبێ بڕۆم، کاروئەرکی خۆی سووك دەکات.

تۆمارکردنی زانیاری بە تەلەفۆن سەختر دەکەوێ ، بەلاَم بەگشتی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی لەبارەی مادییەوە هەرزانتر لە هەڤپەیڤینی

ڕووبەڕوو تەواو دەبێت . سەبارەت بە ڕێگاکانی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی بڕوانە فەسڵی هەشتەم کە زانیاری پتری گرتۆتەخۆ.

## هەڤپەیڤین بە ڕێگای نووسینەوە

هەندێ جار لەوانەیە هەڤپەیڤین بە ڕێگای نووسینەوە لە جۆرەکانی دیکەی هەڤپەیڤین بەکەڵك تر بێت.
ئەگەر ئەو کەسەی کە ئێوەش مەبەستتانە، لە شوێنێکی دوور لە ئێوە بژییێت و دەستتان پێی ڕانەگەیشت و بە ڕێگای تەلەفۆن مسۆگەر نەبێت ، بەلاّم دەکرێ بەهۆی نووسینی کۆمەڵێك پرسیار و نامەیەك بتوانی ئەنجامێکی باشتر وەربگری، بە کورتی دەکرێ بڵێم وتووێژی لەو جۆرە واتە نووسینەوەی پرسیار و ناردنی بۆ کەسی مەبەست پتر بۆ هەندێ کاری ڕەسمی بۆ نموونە بۆ پێوەندی کردن بە زانکۆ و شوێنە تایبەتیەکانی زانست و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە زیاتر ئەنجامی باش و لەباری هەیە. بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەم بابەتە لە فەسڵی داهاتووی باسەکەمان زیاتر قسەی لەسەر کراوە.
ئەگەر ئەو زانیاریانەی کە دەتەوێ بە دەستیان بهێنی زۆرن، یاخود دەزانیت کە ئەو کەسانەی تۆ مەبەستتن گەلێك سەرگەردان و گرفتارن، لەوانە پرس وڕا پێکردنێکی بەروەخت جا چ بە تەلەفۆن بێت یان بە نووسین، لەسەر ئەوەی ئایا ڕازی دەبن هاوکاریتان بکەن یاخود نا، لەوانەیە بە کەڵکت بێت.

## جۆرەکانی هەڤپەیڤین

هەڤپەیڤینەکانیش هەروەکو پەیڤدەران شێوەو ئەندازەی جۆراوجۆریان هەیە ئەگەرچی شێوازە بنەڕەتیەکانی پرسیارکردن بۆ وەرگرتنی زانیاری و تۆمارکردنیان لە چەندین

جـۆری هەڤپەیڤیـندا تـا رادەیـەکی زۆر یەکسـانە، جـۆری هەڤـپەیڤین نـاوەرۆکی قسـەکان و پێداویستیەکانی بلاّوکراوەکە یـاخود چۆنییەتی سـوود وەرگـرتن لە بابەت و زانیاری دەست نیشان دەکات.
هـەندێ لـە جۆرەکـانی هەڤـپەیڤین کـە شـرۆڤە کردنیان لەمەو دوا دەکرێ، بەکارهێنانی تایبەتیان بۆ هەندێ هەڤپەیڤینی تایبەتی لە نووسیندا هەیە.
وتارگـەلی پیاهـەڵگوتن یـاخود ژیانـنامەی کەسـەکان، بێگومـان دەکەونە سەر ڕێی کاری ڕۆژنامەنووسان.
بـەلاّم نووسـەرانی تری وەکو مێژوو نووسانیش دەتوانن سوود لەو شێوازە وەربگرن.
بـەم شـێوەیە جۆرەکانی تری هەڤپەیڤین وەکو هەڤپەیڤین دەگەڵ کارناسـێك (پسـپۆرێك) بـۆ سـوود وەرگـرتن و بەهـرە بـردن لـە پسـپۆری و لێزانییەکەی، بیرورِا وەرگرتن یاخود هەناردنی پرسیار نامـەیش لەوانەیـە هـەر بـەو رادەیـە بـۆ ئـەو نووسـەرانەی کـە پێویستیان بە زانیاری و پسپۆری هەیە بەکەڵك بێت.

### هەڤپەیڤین بۆ بابەتێکی باس لێوە کردن یان ژیاننامەنووسین

بابەتـەکانی نێـو وتووێـژێ لەوانەیـە ببێـتە هـۆی دڵـبەندی و جێکـردنەوەی ڕۆژنامەنووسـەکە لـەنێو خـەڵکیدا، هـەروەها بـە پێچەوانەشـەوە، بەپێچـەوانەی راپۆرتـی هەواڵـنێرێك کـە بـۆ وەدەسـت هێـنانی وتەیـەکی بـاش یـان وەدەرخستنی ئەوەی کە پسـپۆران دەیـڵێن بـۆ بەدەسـت هێـنانی لەگـەڵ کەسـێکدا لـە ماوەیـەکی کورتـدا هەڤـپەیڤین بکـەن، یـاخود بـۆ نووسـینەوەی ژیانـنامەی کەسـێکی ناسـراویش ئـەنجامدانی هەڤـپەیڤین و بیرورِا

گۆڕینەوەیەکی پتەو و بنەڕەت پێویستە. لەم جۆرە وتووێژانەدا بارستایی وردبوونەوەکە بەهۆی سەرکەوتنێکی تایبەتەوەیە لەسەر ئەو کەسەی مەبەستمانە ( بۆ نموونە نووسەرێك کە بەرهەمەکەی بازاڕێکی گەرم و گوڕی هەیە) یاخود لە بەراوردێکی تایبەتیدا کە بۆ هەندێ کەس ڕویداوە (بردنەوە لە کێبەڕکێدا) یاخود هەندێ جاریش بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە (پێوەندی سەرمایەداران، کەسایەتیە ناسراوەکان یاخود بەگشتی ئەوانەی کە بەرچاون)، هەمیشە ڕۆژنامەکان بەبەردەوامی و گۆڤارە گشتییەکانیش لەهەر ژمارەیەکیاندا، لانی کەم بۆ نموونە یەکێ لەم وتووێژانەیان تێدایە، لە هەندێ ژمارەشدا وا هەڵدەکەوێ چەند نموونەی ئەم وتووێژانە لە ژمارەیەکیشدا بڵاو دەکرێتەوەو بەرچاو دەکەون.
وتارە وەسفیەکان، یاخود ئەوانەی بایەخ بە ژیاننامەی کەسەکان دەدەن وتارەکانیان لانی کەم کەمتر لە هەزار وشە نابێت. بەگشتی ئەم جۆرە بابەتانە پڕن لە گێڕانەوەی بەسەر هات و گوتە و جاری واش هەڵدەکەوێ هەمان گوتەی باسکراو سەرجەمی قسەکانی پەیڤدەرێك دەبێت، یاخود وتارگەلێك بەناونیشانی ڕۆژێك لە ژیانی... دوا نموونە گەلی جۆراوجۆرن.
کەچی لەوانەیە سەروبەندی بابەتەکەش تایبەت بە پرسیارکردن و وەڵامدانەوەیەکی تایبەتییەوە بێت، کە ئەمەیان زیاتر پێوەندی بە وەڵامدانەوەی وشیارانەی پەیڤدەرەوە هەیە. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە فەسڵی یازدەیەمی ئەم کتێبە بەناوی گوێزانەوەو نووسینەوەی هەڤپەیڤین لە کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز. ئەو بابەتانەی لەڕووی وتووێژیکەوە دەنووسرێنەوە بەگشتی ڕوانگەیەکی تایبەتیان هەیە، ڕۆژێك لە ژیانی کەسێکی دەوڵەمەند

و ناسراو لەوانەیە نموونەیەك بێت لەو بابەتە، بەڵام ئیتر بابەتی جۆراجۆر لە شێوە چیرۆکی (زاڵ بوون بەسەر گیروگرفتەکاندا) کە زیاتر لە گۆڤاری تایبەت بە ئافرەتاندا بە چاپ دەگەیەنرێن و هەروەها هەندێ چیرۆك و بەسەرهات کە بابەتی ئەزموونی تاکەکەسی بۆ نموونە (چۆن رۆژانەی خۆم وەك کارمەندێك دۆڕاند)یە.

بڵاوکراوە ناوچەییەکان لەوانەیە گرنگی پتر بە خەڵکی ناوچەکەی خۆیان، بەهۆی ماڵ، باخچە، ئیش و کار و ئەزموونی گەشت و گوزاری ئەوانەوە بدەن.

بەگشتی هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسایەتیەکی ناودار تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ناسراوەو ناوداره ، چونکە زۆربەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش پێویستییان بە هۆو پاڵنەرێکی تایبەتی یە کە ئەو بابەتەیان بۆبخاتە قەوارە و چوارچێوەیێکی گونجاو وباشەوە . لەم بارەوە بۆ زانیاری پتر بڕوانە فەسڵی چوارەم (هەڵبژاردنی مەبەست.) بۆ رۆژنامەنووسە ئازادەکان ،ئەو بابەتانەی کە پشت بە هەڤپەیڤین دەبەستن زۆرگرنگن .زۆربەی بەڕێوەبەری نووسینی گوڤارەکان حەزیان لەم شێوە بابەتانەیە ، لەبەر ئەوەی بابەت و زانیاری نوێیان تێدایە . هەروەها ئەگەر ئەوکەسەی هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەکرێ ناسراوبێت ،ئەم وتارە دەتوانێ ببێتە هۆی پتر بوونی ژمارەکانی تیراژی ئەو بلاڤۆکە . لەوەش بترازێ،زۆربەی ئەو رۆژنامە نووسانە دەتوانن لەیەك هەڤپەیڤیندا سوودی ئەوەندە وەربگرن چەندین وتار بۆ چەندین بلاڤۆکی لە سەر بنووسن . بۆیە ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە لە بارەی بەفێرۆنەدانی کاتیشەوە دەتوانن سوودبەخش بن .هەروەها کە بە هەڵکەوت چاوێك بە رۆژنامەو گوڤارەکاندا دەخشێنی ، خوشەویستی ئەمجۆرە وتارانە

خۆی دەردەخات .چاوێك لەچەند بلاڤۆكی ناوچەیی ، كە تێیاندا هاتووە: هەڤپەیڤین لەگەڵ ئافرەتێك لەسەر هەرەشەكانی ئەسپ سواران وهاتووچۆ كردنیان لە بلاڤۆكێكی ناوچەیی وەك هەفتەنامە، وتووێژ لەگەڵ بازرگانێكدا كە كارگەی بۆ بەرهەم هێنانی پەنیر لە ناوچەكەی خۆیدا دروست كردووەو لە گۆڤاری مانگانەی ناوچەكەی خۆیدا، هەروەها هەڤپەیڤین لەگەڵ ژنە هونەرمەندێكدا سەبارەت بەجۆری رازاندنەوەی ماڵەكەیی و هەڤپەیڤینێك لەگەڵ نووسەرێكی ناوچەیی سەبارەت بە دوایین كتێبی.

ئەوەی كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا یەك لە سێی ئەو بابەتە رۆژنامەوانیانەن كە بۆ هەڤپەیڤین لەسەر كردن دەشێن و گونجاون.

لە یەكێك لە رۆژنامە سەرتاسەرییەكاندا لە دوایین رۆژی هەفتەدا وتارێك كە لەلایەن ژنە هونەرمەندێكی ناسراو سەبارەت بە شادی و كۆڤانەكانی باوك، یاخود تەنیاییەكانی دایكی هەروەها پرسیار و بەرسڤی ئاسایی لەگەڵ وەرز شوانێكی ناسراو و هەڤپەیڤینێك لەگەڵ چێشت لێنەرێك لەسەر ئەو چێشتخانەیەی كە خۆی حەزی لێدەكات ئەو بابەتانە بوون بۆ پرۆڤەكردن، ئەو بلاڤۆكەی كە حەزی لێدەكەی بگەڕێ و بزانە چەندی لەم شێوە وتارانەی تێدا دەدۆزیتەوە.

### وتارێك بە چەند گفتوگۆیەكەوە

ئەنجامدانی هەندێ كاری پەیوەست بە لێكۆڵینەوە، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی كە بڕیارە لەسەر بابەتێكی تایبەتی بینووسن، یاخود وێنەیەكی جوان و رونی لێ بەدەستەوە بدەن، لەوانەیە

ئـەنجامدانی چـەندین هەڤـپەیڤین، بـۆ بەدەسـت هێـنانی کۆمەڵێك بیروڕا یاخود روانگە پێویست و گرنگ بێت.
مێـژوو نووسێکی ناوچەیی، ئەگەر بیەوێ لەسەر باری کۆمەڵایەتی لـە دەساڵەی ۱۹۲۰دا بابەتێك بنووسێ دەبێت لانی کەم بیرەوەری ئـەو کەسـانە تۆمـار بکـات کـە لەو دەساڵەدا ژیاون و ئێستەش لە ژیـاندان تـاکو بـتوانێ وێـنەیەکی زیـندووی ئـەو مەبەسـتە نیشـان بدات.
ئـەو کەسـانەش کـە خـەریکی نووسـینەوەی ژیانـنامە و شـتی لەو بابەتــەن لــە وانەیــە، زۆربــەیان بگەڕێـنەوە ســەرئەو وتووێژانــە و کەڵکی زۆریشیان لێ وەربگرن.
لـە زۆربـەی هـەرەزۆرەی وتارەکانیشـدا دەکـرێ سـوود لـە چـەند شـێوە وتووێـژ وەربگـری بەتایـبەت ئەگـەر هەڤپەیڤینەکان لەسەر چـاوەی جۆراجۆرەوەبـن. ئەمانـەش لەگـەڵ ئـەو بابەتانـە کـە بـۆ بەدەسـت هێـنانی هـەندێ رێـژە و کۆکـردنەوەی بیروڕاو شتی لەو بابەتـە جیاوازیـان هەیە. لەم کاتانەدا ئەو کەسانەی کە وتووێژیان لەگــەڵدا دەکــرێ (پــەیڤدەر)ەکــان بــە وردە کارییــەکی زۆرەوە دەستنیشـان دەکـرێن، چـونکە لەوانەیە هەندێ زانیاری تایبەتیان هــەبێت یارمــەتی نــاوەرۆکی وتارەکــەش بــدات، لــە جیــاتی کۆکـردنەوەی بـێ بەرنامـەی بیروبـاوەڕی هەڕەمەکی و شتی دیکە بـۆ نموونـە لێکۆڵیـنەوە لـە ژیـانی کۆمەڵایەتی ئەو ئافرەتانەی کە خـەریکی ئیـش و کاری گرنگن یاخود ئەو پیاوانەی کە لە هیچەوە هـەموو شـتێکیان دەسـت کـەوتووە، بـە بابـەتی گرنگ و جوان بۆ ئەم وتارانە دابنێین.
بەگشـتی لانی کەم پێویستیتان بەسێ جۆری گفتوگۆ دەبێت تاکو بۆتـان بـلوێ کۆمـەڵێك ئـەزموون بە رادەیەکی بەربڵاو بخەنەڕوو و

ئەركی سەرەكی ئێوە (بە چاوپۆشی لە فرۆشتنی هزرێكی نویٚ بە سەرنووسەر) دۆزینەوەی ئەو بابەتانەیە كە شیاوی هەڤپەیڤین كردن بۆ ئەم گۆتارەبێت، كەچی نێوەرۆكی ئەو بلاڤۆكەی كە هەتانە بۆی دەنووسی، لەوانەیە وا پێویست بكات كە مەبەستەكان بۆ تەمەنێك یاخود چینێكی كۆمەلاٚیەتی تایبەت تەرخان بكەیت (بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەو بابەتە فەسلٚی چوارەم، هەلٚبژاردنی مەبەست،بخوێنەوە) دەبێت هەولٚ بدەیت لەم بەربەندی نێوانەدا كۆمەلێٚكی هەمەجۆر بۆ هەڤپەیڤین هەلٚبژێریت و بدۆزیتەوە. دەستنیشان كردن و هەلٚبژاردنی چەند ئافرەتێك یاخود چەند پیاوێك كە هەموویان لە كارگەیەكدا خەریكی كاركردنن، لەوانەیە ئەوەندە ژیرانە نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم كارە واتا ئەم جۆرە هەلٚبژاردنە دەتوانیٚ روانگەیەكی سنوردارمان بۆ دەست نیشان بكات.

تۆ تا ئەو ڕادەیەی كە بۆت دەلویٚ دەبێت روانگەی كراوەت هەبێت، زۆر دوورە كە هەموو ئەو كەسانەی وتووێژیان لەگەلٚدا دەكەی وەلاٚمی نزیك لە یەكتریان بۆ بە پرسیارەكانت هەبیٚ، یاخود ئەوەی كە رایەكی وەك یەكتر دەرببڕن.

لە راستیدا لەوانەیە هەست بەوە بكەیت كە لە نێو ئەو بیروڕاو بەرسڤانەی كە دراونەتەوە گەلێك جیاوازی بەرچاو بكەوێت، گەیشتن بەو ئەنجامە زۆر باشە، چونكە وتارەكەتان دەبێتە شتێكی بابەتیانە و بەلگەدار.

ئەگەر دەتانەویٚ شتێك بسەلمێنن كاتێك كەسێك یان چەند كەسێك دژایەتی فلان بابەت دەكەن كە لەوانەیە وا هەست بكەن تووشی هاتووی، ئەمە بابەتێكە دەتوانی بەر لە نووسینی وتارەكەت لەبەر چاوی بگریت و لەم بارەشەوە باشترە بە هۆی

گفتوگۆوە بیروڕاتـان دووبـارە بکەنـەوە، ئەویش بە پرسیارێك کە پێـتان وایـە و بە هیوان وەڵامەکانی لە وتارێکدا بدۆزنەوە، دەست پـێ بکـەن. لـە جـۆرە وتـارێکی ئـاوادا پێویسـتیتان بـەوە دەبێت پرسـیارەکەتان دووبـارە بکەنـەوە ( بـۆ زانیـاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتـە بـڕوانە فەسڵی نۆیەم تایبەت بە –هەڤپەیڤین لەگەڵ پتر لە کەسێك).

## هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانییەکان

هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانی کاتێك دێتە ئاراوە کە کارگەیەك یاخود رێکخـراوێك دەیـەوێت بابەتێکی تایبەتی رابگەیەنێ یان ئەو کاتەی رۆژنامەوانییـەکان بابـەتێکیان زۆر لـەلا مەبەسـتە ئەگـەر تا ئێستا هەرگیـز بەشـداری هەڤپەیڤیـنێکی رۆژنامــەوانیت نەکـردووە، بـە دیتـنی هەڤپەیڤیـنێکی رۆژنامـەوانی لـە تەلەڤـزیۆندا، دەتوانیت تا رادەیـەك ئاشـنای ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە ببیت. لە کۆنفرانسێکی رۆژنامـەوانیدا، بەگشـتی پەیامـنێران و ئەو کەسانەی کە حەز لەم کـارە دەکـەن بـۆ بیسـتنی ئاگادارییەك یاخود بابەتێك کۆدەبنەوە دواتریش ئامادەبووان دەتوانن پرسیارەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

کۆبوونــەوە رۆژنامەوانییــەکان، زۆر جـار (بـەڵام نـەك بـەردەوام) کـۆڕی ئـازادن کـە تیایـاندا هـەر کەسـێك دەتوانێت پرسیار بکات، ئەگەرچـی هەندێ کەس حەز دەکەن هەموو هەڤپەیڤینەکە تایبەت بە خۆیان بێت.

پرسـیارەکان، یـان ئـەوەی کـە کەسـی دووەم (پێوەنـدی) یـەك دەیانخوێنێتەوە یا ئەوەی کە پەیامنێر راستەوخۆ دەتوانێ لەگەڵ ئـەو کەسـەی کـە هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەکات پرسیارەکانی بخاتە ڕوو.

هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانییەکان دەتوانرێ بە ئامادەبوونی چەند کەس، کە هەواڵنێران یاخود پەیامنێران پرسیاریان لێ دەکەن یاخود بە ئامادەبوونی، کەسێك بە تەنیا بۆ نموونە نووسەرێکی ناسراو کە بەرهەمەکەی خۆی لە کۆڕێکی ناوچەیی پێشکەش دەکات، پێك بهێنرێت.

باشتر وایە بەر لەوەی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانی دا بەشداری بکەیت ئاگاداریت لەسەر جۆری پرسیارەکانی خۆت هەبێت (بە گشتی لە زۆربەی کاتدا پرسیارەکان لە داواکاریەکانی بلاڤۆکەتاندا پێك دێن) و لەو بەرسڤەی کە بە پرسیارەکانی ئێوە دراوە سوود وەربگرەو لەوانەیە بەم جۆرە پرسیاری ئەوانی تریش، هەروەها ئەو بەرسڤانەی کە بەو پرسیارانەش دراون لە نووسینی بابەتەکەی خۆت دا دەکار بکەیت.

لەکاتی رێك کردنی بابەتەکەی خۆتدا بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن کەسانی دیکەوە کراون بە ناوی خۆت بنووسیەوە. هەمیشە بۆ بەشداری کردن لە هەڤپەیڤینی رۆژنامەوانی لە گۆڤار و رۆژنامەکان دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەگەر تۆ پەیامنێرێکی سەربەستی، دەتوانی لەگەڵ نووسینگەی هەر رێکخراوێك کە بەتایبەت بۆتۆ جێگای سەرسوڕمانە پێوەندی بکەیت و دوایان لێ بکەیت لە داهاتوودا ئێوە لە کات و ساتی هەڤپەیڤین و کۆبوونەوە رۆژنامەوانییەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە و بانگهێشتت بکەن. لەوەش بترازێ ئەگەر لەگەڵ سەرنووسەری بلاڤۆکێك پێوەندی کارکردنت هەیە، دەتوانی پێشنیاری ئەوە بکەی وەکو نوێنەری ئەوان لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە رۆژنامەوانییەکان و رووداوە ریکلامیەکان بەشدار بکەیت.

ئـەو بەلاڤۆکانـەی کـە پەیامـنێری پێویسـتیان نییـە لەوانەیـە پێشوازی لەو پێشنیارەی تۆ بکەن.

## دەنگی خەڵك

هەڤـپـەیڤین بـە ناونیشـانی (دەنگـی خـەڵکی) هەڤپەیڤـینێکە کـە لــەویاندا هەواڵــنێر بــیروڕای خــەڵکی ئاســایی وەردەگــرێت و کۆدەکاتــەوە، ئــەم جــۆرە هەڤپەیڤیــنانە بەگشــتی وتارگــەلی جۆراوجــۆرن، بــۆ نموونــە گووتــارە پێکەنیـناویەکان وەك (بـۆ نزیکترین کەس و کاری خۆت چ جۆرە جەژنانەیەك دەکڕیت).
هــەروەها بـۆ لێکۆڵیـنەوش لـە بابـەتێکی تایـبەتی وەك ( ئاخۆ لە بەرنامــەکانی مــیری، بــۆ بەرگــری لــە زۆر بوونــی دانیشــتووان، ئاگاداری، بیروبڕوای جەنابتان لەم بارەیەوە چییە ؟).
ئـەم جـۆرە گفـتوگۆیانە لەوانەیـە لـە زۆر شـوێندا تۆقێـنەر بێـت، چـونکە بـاس و هەڤـپەیڤین لەسـەر شـتێکە لەگەڵا کەسانی نامۆ و نەناسـراو بـەبێ بەرنامـە دەبێت ئەنجامی بدەیت. بەم شێوەیە بۆ زانیـاری دەربـارەی ئـەم بابەتە بڕوانە (دەنگی خەڵك) لەم بارەوە دەتوانـی سەرچـاوەیەکی بـاش و پـڕو پـتەو بێـت بـۆ زیاتر بوونی زانیاریتان لەسەر گێڕانەوە و هەواڵەکان.
ئـەم هەڤپەیڤـینانە زیاتـر لـە نێـو شەقامەکان یاخود ناوەندەکانی کەلوپــەل کـڕین ئــەنجام دەدرێـن. بـەڵام ئـەوەی کـە دەتـەوێ کە لەگـەڵا چ کەسـێکدا هەڤپەیڤین ئەنجام بدەی، ئەوە پەیوەندییەی بـەو بابەتــەوە هەیـە کـە دەتـەوێ لەسـەری بدوێـی، بـۆ نووسینی بابـەتێك لەسـەر تەندروسـتی بەساڵا چووان بێگومان دەبێت بچیت بـۆ لای ئەوانـەی وا پـێ دەچـێ لـە تەمـەنی خانەنشـینی دان، لـە کـاتێکدا کـە ئەگەر بتەوێ لەسەر بێکاری لاوەکان شتێك بنووسی،

دەبێت لەگەڵا لاوان هەڤپەیڤین و قسە بکەیت. بەڵام باشتر وایە بۆ هەر وتووێژ گەلێك بەدوای کەسانێك بکەویت کە لەکارەکەیاندا پەلەپروزکێیان نەبێت، یاخود ئەو کەسانەی کە لەسەر کورسیەکانی پارکەکان دانیشتوون یاخود ئەوانەی بە تەنیا زیاتر بۆ ئەوە دەشێن هەڤپەیڤینیان لەگەڵا بکەیت و ئەنجامەکەشی باشتر دەبێت.

کاتێك مەبەستتە هەڤپەیڤین ئەنجام بدەیت باشتر وایە یەکەم شت خۆت بەکەسەکە بناسێنیت (هەولێش بدەن لە کاتی خۆ ناساندندا، قسەکانتان زۆر وشك و برینگ نەبن) بەکورتی بۆی شی بکەوە کە کێیت و بۆ کام بلاڤۆك قسەی لەگەڵدا دەکەیت و پرسیارەکانت لەسەر چین.

دوای ئەمانە پێی بڵێ (حەز دەکەن پرسیارێکتان لەسەر بەرزبوونەوەی رێژەی باج و سەرانە و رادەی هەڵکشانی نرخەکان یاخود چەندو چۆنی باج و جگەرەبێت و ئەوان لەو بارەوە قسەت بۆ بکەن).

لێی بپرسە دەتەوێ لەگەڵا چەند کەسی دیکە دەربارەی ئەو بابەتە قسە بکەیت. بە رادەی بابەتەکە، رادەی ئەو زانیاریانەی پێویستت پێیەو بەربلاوی بیرورِاش پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە.

بەلام هەرچی بۆتان دەکرێ لە بارەی چۆنییەتیەوە پرسیارەکانت کەم و کورت بێ و زۆر کاتی خەڵکی پێ مەگرن..

بۆ ئەم جۆرە وتووێژانەش هەمیشە یەك دوو پرسیار بەسە.

لەهەمووی گرنگتر هەر کەسێك نەیویست بەرسڤی پرسیارەکانت بداتەوەو بپەیڤێ سوپاسی بکە و برۆبۆلای کەسێکی دیکە.

لەبەر ئەوەی زۆر کەسی وامان هەیە حەزناکەن پرسیاریان لێ بکرێت، بەڵام بەکردەوە ژمارەی زیاتری خەڵك حەز بەوە دەکەن بیرورای خۆیان لەسەر ئەو شتانەی کە دەیزانن دەربڕن.

## قۆستنەوەی چرکەساتەکان

لەوانەیە هەندێ جار ڕووبەڕووی کەسێك ببیەوە کەبتەوێ هەر لەو ساتەداو هەر لەو شوێنەدا هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا بکەی، ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە زۆرترینیان لە بەرنامە نوچەییەکانی تەلەفزیۆن بەکار دێن. پەیامنێران هەوڵ دەدەن چەند وشەیەك لە زمانی کەسێکی ناسراوەوە، زیاتر لە مەودای دابەزین لە ئۆتۆمبێلەوە تا درگای چونە ژووری خانوویەك وەربگرن، ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە زۆر کورتن، بەڵام زۆر گرنگ و بە سوودن. ئەگەر دەتوانن کەسێکی ئاواتان دەست بکەوێ بەوشێوەیە پرسیارەکەی خۆتان بە دڵنیاییەوەو بە پەلە و بەڕوونی دەربڕە. ناوی خۆت و بلاڤۆك و هۆی پرسیارکردنی ئەو پرسیارە بڵێ، ئەگەر ئامێری تۆمار کاریت هەیە، ئامێرەکەت لە مەودایەکی شیاودا رابگرە.

هەوڵبدە پەیڤدەرەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بە پێوە مەوەستێنە، زۆرینەی خەڵك گرنگی بەوە نادەن کە لەو دۆخەدا بەرسڤی پرسیارەکە بدەنەوە، بەڵام ئەگەر پەلەیان بوو کە بچنە شوێنێکی دیکەوە لەوانەیە پرسیارەکەی ئێوە ئازاریان پێ بگەیەنێ.

دەبێ لەمەش دڵنیا بن کە تێدەگەن هەرێمی تایبەت بە کەسەکان و هەڤپەیڤین لەگەڵ سازدانیان دەناسن ( بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە فەسڵی پێنجەم (وەرگرتنی هەڤپەیڤین).

**هەڤپەیڤینی دوور و درێژ .**

لـەکاتێکدا بەشـی زۆری هەڤپەیڤیـنەکان لـە یـەکجار بەرهەڤـبونی کورتی پەیامنێر لە ژیانی پەیڤدەردا کورت دەکرێتەوە، هەندێك لە جۆرەکـانی نووسـین (بەتایـبەت بەسەرهات) لەوانەیە پێویستی بە هەڤپەیڤیــنی دوورو درێــژ لەگــەڵ کەســێکدا، لەماوەیــەکی زۆر هــەبێت. بـۆ نموونە دیسان دەبێت کاتی چاوپێکەوتن وەربگریت و لـەزووەوە لێکۆڵیـنەوە ئـەنجام بدەیت، بـەڵام دیسـان دەبێـت لە ڕادەی پابـەندبوون، هـەل و توانـا و تەندروسـتی پـەیڤدەر ئاگادار بیت و لەبەرچاوی بگریت و بیان پارێزی.

**پرسیارنامە، یاخود نامە**

پرسـیارنامە بـۆ ئـەو کاتانـەی لەبارودۆخێکی تایبەتیدا کە وەڵامی دیـاری کـراوت بـۆ هـەندێ پرسـیاری راسـتەو راسـت پێویستە، بە کەڵکن.

دەکـرێ پرسـیار نامـەکان بەشـێوەی دوانـدن پـڕ بکەیـتەوە یـان ئــەوەی کــە بــەهۆی پۆســتەوە بیانــنێری. خــراپەی ســەرەکی پرسـیارنامە بـە پۆسـت لەوەدایە کە لەوانەیە وەڵامێکت هەرگیز و هەرگیز بە دەست نەگاتەوە.

ئەگـەر پرسـیارنامەیەکی نووسراو دەنێری، لە نامەیەکی هاوپێچدا روون کــردنەوەی بــۆ بنووســە، بــۆ نموونــە تــۆ چ کەســێکی، مەبەسـتتان لـەم کـارە چـییە، هـەموو جـارێك (زەرفێـك) کە پوڵی پۆسـتەی پێویسـتی لەســەر بێـت و ناونیشـانی خۆتـانی لەســەر نووسـرابێت بخـەرە نـاو ئـەو نامەیـەی کـە بۆکەسـی مەبەسـتتان دەنێری.

ئـەو پرسـیارنامانەی پێویسـتیان بـە وەڵامـی نوسـراوەوە هەیـە دەبێـت لەسـەر کاغەزێکی ($A_4$) یەك دیوی کاغەزەکە نووسراوبن، هەروەها مەودای پێویست بۆ وەڵامدانەوە لەبەرچاو گیرابێ.
دەبێـت پرسـیارەکان بـەکورتی و ڕۆشـن بـن و لە پرسیارنامەکەدا دەبـێ بۆشـایی پێویست بۆ تێبینی و رادەربڕینی پەیڤدەر لەکاتی پێویسـتدا لەبەرچـاو بگـیرێ. ئەگـەر کـەمێك زانیـاری سـاکارت دەوێت، ناردنی نامەیەکی کورت لەوانەیە باشتر لە پرسیارنامەیەك بێت.
بەڵام لەم حاڵەتەشدا دیسان ناردنی زەرفێك بە ناونیشانی خۆت و پولی پۆستە دەبێت فەراموش نەکەی.
کـارێکی زۆربـاش دەبێت ئەگەر دوای ئەوەی پەیڤدەر وەڵامەکانت بـۆ ڕەوانـە دەکاتـەوە، تـۆش وەك ڕێزلێـنان لـە وەڵامدانەوەکـەی کـارت پۆسـتەرێکی جوانـی بـۆ بـە دیـاری بنێری و سوپاسگوزاری خۆتـی ئاراسـتە بکـەی. بـەڵام ئەگـەر پرسـیار نامەیەك بەشێوەی پرسیار و وەڵام پڕ دەکەیتەوە، شێوەی کارەکە لێکچۆنێکی زۆری لەگـەڵ دەنگـی خـەڵکی (راوەگـرتن)دا هەیـە، کەچـی لەوانەیـە کەسانی تایبەتیتان بۆ ئەم کارە لەبەرنامەدا هەبێ.

## وەرگرتن و تۆمارکردنی بەسەرهاتێك لە زمانی کەسێکی دیکەوە

ئـەم کـارە ئەگەرچـی هەڤپەیڤین نییە، بەڵام هەندێ جار پێویست بـە زیـاد کـردنی قسـەیان گێـڕانەوەکە یـان وەرگرتـنی بـیروڕای پسـپۆڕێك هەیە بۆ کارەکەتان. ئەگەر سەرقاڵی هەواڵ و هەواڵنامە لەسـەر بەرزبوونەوەی نرخی دەرمان و کارتێکردنی بەرزبوونەوەی نـرخەکان لەسـەر ژیـانی خـەڵکی هـەژارن، لەوانەیـە زۆر تـرین ئەو کەسـانەی کـە قسـەیان لەگـەڵدا دەکـەیت لـەم توێژەبـن. بـەم

حاڵەشـەوە رەنگـە بشـتانەوێ بـیروڕای فـەرمی رێکخـراو یـاخود کەسانێکی لێهاتوو لەم بوارەدا بزانن.
دەکرێ بە تەلەفۆن لەگەڵ گوتەبێژی ئەو رێکخراوەی کە بۆ دەزگا راگەیاندنە گشتیەکان دەدوێ قسە بکەی و بیروڕایان بزانیت.
لـەم بارەیـەوە یـەك پرسـیارتان هـەبێت، بـەلآم بەهـەر شـێوەیەك دەبێـت ئامرازی تۆمارکردنی دەنگ، بۆ تۆمارکردنی پرسیارەکانی خۆت و وەلآمەکانی کەسی مەبەستت زۆر زووتر ئامادە کردبێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( فەسڵی حەوتەم، هەڤپەیڤین بە تەلەفۆن).

# فەسڵی سێیەم

## کەرەستەکانی هەڤپەیڤین

## شێوەکانی تۆمارکردن

باشتر وایە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە ماوەی هەڤپەیڤینێکدا باس دەکرێن، چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگیرێ، تۆمار بکرێن. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە جۆری هەڤپەیڤینەکەیە کە باشترین شێوەی تۆمارکردن و نووسینەوەکەی دەست نیشان دەکات، بۆ نموونە نابەجێیە ئەگەر بە تەمای ئەوە بی لە هەڤپەیڤینێکی دووسەعاتیدا، چەند هەزار وشەیەکی لێ هەڵێنجی و بابەتێکی دوورودرێژی لێ دروست بکەی و بێیت و تەنیا پشت بە بیر و هزری خۆت ببەستی و لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دەتەوێ بۆ ماوەی دە دەقیقە هەڤپەیڤین ئەنجام بدەی و لەو ماوەیەدا ڕاستی گەلێك وەدەست بخەی، بردنی ئامێرێکی تۆمارکردن لەگەڵ خۆتدا لەوانەیە شتێکی زیادە بێت، شێوەی تۆمارکردن و نووسینەوەی هەڤپەیڤینێك پتر پێوەندی بە سەلیقە و حەزی تاکە کەسی هەر کەسێکەوە هەیە.

ئەگەرچی لەوانەیە هەندێ هۆکاری بەدەر لە هەڵبژاردن و حەزی ئێوە لە ئارادا بێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك پێ لەسەر ئەوە داگری کە لە نێومەلەوانگەیەکدا هەڤپەیڤینت لەگەڵدا بکات، ئامێریتۆمارکردن و قەڵەم و کاغەز بەکار نایەت.

بە دڵخۆشیەوە ئەوجۆرە داواکاریانە زۆر کەمن و ئێوە هەردەم دەتوانن زوتر بڕیار بدەن و پێشبینی ئەوە بکەن کە بۆ ئەنجام دانی هەڤپەیڤینەکەتان پێویستیتان بە چ کەرستەیەك هەیە.

لەم بەشەدا باس لە سوود و زیانەکانی کەرستە و شێوەی تۆمارکردن و نووسینەوەی هەڤپەیڤین دەکەین و دواتر کەرەستەکانی دیکە کە بەزۆری بۆ هەر کەسێك کە دەیانەوێت

بەپێی بناغەیەك ئەویش بناغەیەكی ڕێك و پێك هەڤپەیڤین ساز بکەن“ دەکەین.
ئەو کەرستانەی کە بۆ سازدانی هەڤپەیڤین پێویستن زۆر ساکارن و دەتوانین بڵێین چەند پەڕە کاغەز و قەڵەمێکن و تەواو، بەڵام پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کاری لە هەڤپەیڤینیش هەروەکو هەر شتێکی دی کردووە و ئێستا زۆربەی نووسەران بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان سوود لە ئامێری تۆمار کارو کۆمپیوتەر وەردەگرن.
ئەگەر تۆ دەستت بەو ئامرازانەی کە لەسەرەوە باسمان لێوە کرد ڕاناگات وابیر نەکەیتەوە کە ناچاریت و دەبێت هەر ئێستا هەموو ئەوانە دەستەبەربکەی یان وا بیر نەکەیتەوە کە تا ئەوکاتەی هەموو ئەو ئامرازانەت دەست نەکەوتووە ناتوانی ئیشی خۆت واتە کاری هەڤپەیڤین دەست پێ بکەی.

## نووسینەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان

لەکاتی هەڤپەیڤیندا پێویستت بە کەرەستەی تۆمارکردن و نووسینی خێرای کاریگەرو وردی بابەتەکە هەیە، (بەداخەوە بەبیروڕای هەواڵنێران)، ڕادەی دەربڕین زیاترە لە ڕادەی نووسین. ئەمە گیروگرفتێکە کە دەبێت بەسەریدا زاڵ بن، بۆ ئەم کارە شێوەیەك پێویستە کە بۆ ئێوە لەهەموو ئەوانیتر شیاوترە، بەڵام پێویستیەکانی پەیڤدەریش دەبێت لەبەر چاو بگریت. بەهۆی بێتواناییش لەم کارەدا لەوانەیە ڕەوتی وتووێژەکە بەلاڕێدا بڕوا لەکاتێکدا کە ئەگەر هەندێ لە پەیڤدەران بەرهەڤی ئەوە نەبن بەهۆی تۆمارکردنی دەنگیانەوە قسەتان لەگەڵدا بکەن.

هیچ شێوە و شێوازێك لەسەداسەد جێگای دڵنیابوون نییە و ئەزموون و تاقیکردنەوە باشترین شێوەی هەرکارێکت پێ دەناسێنێ، لە بابەتەکانی داهاتوودا باس لە شیکردنەوەی سوود و زیانەکانی شێوە باوەکانی بواری هەڤپەیڤین دەکەین.

## قەڵەم و نووسین

بۆردێك و قەڵەمێك و چەند پەڕە کاغەزێکی سپی باشترین و بەسوودترین ئامرازن بۆ کاری هەر پەیامنێرێك.

باش سەرنجی ئەوە بدە دەبێت بۆردەکەتان قەبارەیەکی جوان و گونجاوی هەبێت تا بتوانی پەڕە کاغەزەکانی سەری بە ئاسانی هەڵبدەیتەوە قەڵەم و زۆر باشترە قەڵەمێکی زیادەشتان پێ بێت باشترە لە قەڵەمی پاندان و شتی لەو بابەتە کە لەوانەیە لە پڕێك لە نووسین بوەستێ یان لەوانەیە مەرەکەبەکەیشی تەواو بێت .

## خێرا نووسینەوە .

ئەگەر شێوازی نووسین بۆ هەڤپەیڤین کردن هەڵدەبژێری گرفتێکتان دەبێت کە ئەویش خێرایی نووسینەوەیە. نووسینی قسەکانی کەسێك کە بە خێراییەکی ئاسایی دەئاخڤێ، بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەی بووەستێ یاخود پەیڤەکانی دووبارە بکاتەوە، زۆر دژوارە و لەوانەیە نەشیاو بێت. لەکاتێکدا کە لەوانەیە پەیڤدەر جارێك یان دووان داواکاری تۆلەبەرچاو بگرێ، بەلام دووبارەکردنەوەو وەستانەکان دەتوانێت ببێتە هۆی پێناخۆشی و ماندووکردنیان و بەفیڕۆچوونی کاتی هەردوو لاتان، چونکە دەتوانرێ ئەو کاتەی کە بە خۆڕایی دەچێت بە پرسیاری بەجێی تر پڕ بکرێتەوە.لە بەر نووسینەوەی هەموو بابەتەکە بەم

شـێوەیە نـاگونجیٚ ، بـە کورتـی نووسینەوە ، لەوانەیە شێوازێکی گونجـاو بێـت . ئەگـەریش ئەو توانایەتان هەیە و ڕاهاتوون قسە و گوتــەکانی کەسـێك پێشــبینی بکــەن، لەوانەیــە ئــەم جــۆرە هەڤپەیڤینە واتە بەشێوەی لەگەڵ هەڤپەیڤین نووسینەوە لەوانەیە زۆر بەکەڵکـتان بێـت، بـەڵام ئەگـەر نـاتوانیت، دەبـیٚ بـزانیت کـە هەڤپەیڤین کارێك نییە بۆ پڕۆڤە کردنی ئەم جۆرە کارانە.

توانـایی کـورت کـردنەوەی وتووێژەگـەلی تـۆ هەرچـەندە و بەهــەر رادەیـەك بێـت، لەوانەیـە دیسـان نەتوانیٚ هەندیٚ بەشی قسەکانی پەیڤدەرەکـە بنووسـیەوە، بـەڵام ئەمـە لەوانەیە هەموو جارێکیش گـیرو گـرفت نەنێـتەوە. لــە زۆربــەی هەڤپەیڤیـنەکاندا لەوانەیــە نووســینەوەی دەقــاودەقی وتــەکانی پــەیڤدەر گـرنگ نــەبێت و بـتانەوێت تـەنیا داواکاریـەکان بنووسـیەوە. لەم کاتانەدا بەکورتی وەرگرتـنێك لەوانەیـە بـەس بێت. بەهەر شێوەیەك لەهەر جۆرێکی کـە ببێـتە هـۆی خێـرایی لـە بەئەنجام گەیاندنی کارەکەتان سوود وەربگرن.

## خێرا نووسین

لـەجیاتی ئـەوەی کورتەیەك لە بابەتەکە هەلێنجن، دەتوانن سوود لەخێـرا نووسـینەوە لـە وتووێژەکان وەربگرن. ئەگەر توانای خێرا نووسـینەوەت نـەبوو یـاخود بـەم زووانە خێرا نووسینت نەکردووە دەبێـت بەرلەپشـت بەسـتن بەخێرانووسـین لـە هەڤپەیڤـیندا، لـەم بـارەوە خولێکـی فێـربوون ببیـنیت و بـە ڕادەی پێویسـت پـرۆڤە بکـەیت. چـونکە لـە هــەندیٚ بـارودۆخدا ناکـریٚ سـوود لـە ئامێری تۆمارکـاری وەربگـری، بۆ نموونە لەدادگەیەکدا یاخود هەندیٚ جار سـوود وەرگرتن لەو ئامێرە زۆربە سەختی دەبێت. هێشتا پرۆڤەی

خێرانووسینەوە بە هەواڵنێران دەکرێت و لەو بارەوە رادەهێنرێن.
ئەگەر بێتو هەڤپەیڤین کردن کاری سەرەکی و بەردەوامی ئێوەیە، فێـربوونی خێرانووسـین نرخی لەو زەحمەتە زیاترە کە بۆ ڕاهاتنی دەبینی.
بەفێـربوونی خێـرا نووسـین دەتوانیـت خێـرایی نووسـیت لـە یـەك دەقیقـەدا بگاتـە رادەی نووسـینی دووسـەد وشـە؟ بـەلاّم لاوازی خێرانووسـین لـە وەدایـە کـە ئەگەر بە بەردەوامی پرۆڤە نەکەیت، خێرایی نووسینەکەت لەبیر دەچێتەوە.

## سـوودەکانی کـەلك وەرگـرتن لـە یادداشت هەڵگرتنەوەو قەڵەم و کاغەز..

یـەکێك لـە چـێژەکانی کـەڵك وەرگـرتن لـە قەڵـەم و نووسـینەوە ئەوەیـە کـە پەیڤدەر بەو ڕادەیەی کە لە بینینی ریکۆردەرو شتی لـەو بابەتـەی پەیامـنێران بپەشـۆکیٚ، لـەکاتی دیتـنی قەڵـەم و یادداشـت بەپێچـەوانەوە بـەو ڕادەیە هەست بە دڵخۆشی و ئارامی دەکات.
لـەکاتێکدا کە ئەگەر ئێوە وەك پەیامنێر تازە ئەم کارەتان دەست پێکـردووە، کەڵك وەرگرتن لە دەفتەری یادداشت و قەڵەم، لەشتی دیکە چاکترە، بەلاّم بۆ ئەو کەسانەی کە بەدرێژای ماوەی وتووێژ کردن دەتوانن بە دەستەکانیانەوە کارێکی تریش ئەنجام بدەن بە کەڵکـە. دەبـیٚ ئـەوەش بزانن کاتێك کە وتووێژەکە دەنووسنەوە، دەتوانـن وەلاّمـەکان لەژێـر پرسـیارەکانی خۆیان بنووسنەوە، کە لەباری خێرایی و بەفیرۆنەدانی کاتەوە بۆ ئێوە باشترە. سەرەڕای ئەمانـــەش لەبـــەر ئـــەوەی خـــۆی دەرفەتێکـــە تـــا ئەوکاتـــەی یادداشتەکانت لەلایە و نەفەوتاون بەکارتان دێن.

**زیانەکانی قەڵەم و یادداشت .**

چەند هۆیەك هەن کە لە گرنگی نووسینەوەی هەڤپەیڤین کەم دەکەنەوە یەکێك لە گرنگترینی ئەمانەکە ئەوەیە کە لەکاتی نووسینەوەدا ناتوانی لە خودی هەڤپەیڤینەکە ورد ببیتەوە.

نووسینەوە لەبەردەمتدا دەبێت بەڕێگر کە نەتوانی وەك و پێویست پێوەندی روانینی تۆ لەگەڵ پەیڤدەر دروست بیٚ و بەردەوام بێت، ئەڵبەتە ئەم حالەتەش بۆ کاتێك کە پەیڤدەرەکە کەسێکی تووڕە و ئالۆز بێت بە قازانجی تۆیە. کەسانی تر لەوانەیە لەو جۆرە هەڵسوکەوتانەدا دڵگران بن و بڕەنجێن، یاخود بەبیٚ زەوقی ئێوە لە کارەکەتان بزانن، لاوازترین خاڵیش لەم نێوەدا دەتوانیٚ ئەوە بێت کە بەڵگەیەکت بەدەستەوە نەبێت، تا لەکاتی درۆو بوختان بۆ هەڵبەستن هیچ بەڵگەیەکت بۆ سوود وەرگرتن و بەرگری لەخۆکردن بەدەستەوە نییە. هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا خاو نووسینیش، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندیٚ جار چاوپۆشی لە نووسینەوەی هەندیٚ زانیاری بکەیت. چونکە بەو خێراییە هەمووتان بۆ نانووسرێتەوە، گرفتی تری وتووێژ ئەوەیە کە بە دەگمەن ئەو کەسەی هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەکەی ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەتەوێن، لەسەر یەك و بەشێوەیەکی رێك و پێك دەریان بڕیٚ و جاری واش هەیە کە ئەم چڵیٚ و ئەو چڵت پێدەکات.

بەمجۆرە کۆمەڵێك زانیاری تێکەڵتان لەلایە و ئەوکاتەی دەگەنەوە ماڵەوە دەبێت زۆر لەسەرخۆ و بە ئارامی لە یەکتریان هەڵاوێرن. دەفتەری یادداشتەکانی ئێوە ئەگەرچی چڕوپڕە و بۆ ئەوەی هەردەم لەگەڵ خۆت هەڵیگری دەشیٚ، بەڵام هەندیٚ جار بارودۆخ بەشێوەیەکە کە نووسینەوە زۆر دژوار دەبێت. ئەگەر پەیڤدەرێك

پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە لەکاتی بەرێداڕۆیشتن قسەتان لەگەڵدا بکات، یاخود پێشنیازی ئەوە بکات لەکاتی گەرماوی ساونای قسەتان دەگەڵدا بکات، ئەوکاتە ناتوانیت پەیڤەکانی بنووسیتەوە.
لە بارودۆخێکی ئاوادا باشتر وایە پێشنیازی ئەوەی پێ بکەیت کە لە هەلێکی ترو لە شوێنێکی گونجاوتردا قسەی لەگەڵدا بکەی.
پیاسە کردن بەرلە هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسی مەبەستدار لە بەرژەوەندی تۆ دایە، لەبەر ئەوەی هەلی ئەوەت دەداتێ لە بارودۆخی رەسمی بێتە دەرێ و لەو ماوەیەدا سەرچاوەی باشت بۆ وتارەکەی خۆت دەست بکەوێ.

**زەین و هۆش..**

هەرچەندە پشت بەستنی تەواو بەبیرو هۆش بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی هەڤپەیڤینێك زۆر نا ئاساییە، بەلآم لەوانەیە بارۆدوخ وا بکات کە ئەمەیان لە بارترین شێوەی هەڤپەیڤین بێت، یان ئەوەی کە جگە لەوەی پشت بە بیروهۆشی خۆت ببەستی چ رێگەچارەیەکی دیکەت نەبێ.
بە دەگمەن ئەو کەسانە دەست دەکەون کە بیروهۆشمەندیەکی بەهێزیان هەبێت و هەموو شتێکیان بیر بێتەوە، بەلآم بەیاد هێنانەوەی خاڵە گرنگەکان لەماوەیەکی کەمدا کارێکی شیاوەو دەکرێت، بەتایبەت ئەگەر هەڤپەیڤینەکە کورت بێت، بەمەرجێك ئەگەر بێت و لە کەمترین دەرفەتدا، دوای بە ئەنجام گەیاندنی هەڤپەیڤینەکە بابەتەکانی یادداشت بکەی رێکیان بخەی، کە واتە دەتوانین جار جارە بۆ ئەنجام دانی هەڤپەیڤین پشت بە بیرو هۆشی خۆمان ببەستین.

## سوودەکانی پشت بەستن بە هۆشمەندی خۆت..

جوانیی سپاردنی زانیاریەکان بەبیرو هۆشی خۆت لەوەدایە کە ناچارت ناکات نیگەرانی ئاستەنگەکانی نووسینەوە بیت، کە لەوانەیە بەجێ بهێنی یاخود هۆشتان بەلای هەڤپەیڤینەکەوە نەمێنێ.

هەروەها پێویست ناکات دڵت بەلای تێکچوون و لە کارکەوتنی رێکۆردەرەکەتەوە بێت، دەتوانن هەموو سەرنجی خۆتان بدەنە پەیڤدەر، بەڵام ئەگەر هەڤپەیڤینەکە زۆر کورتە دەتوانیت لە یەکەم دەرفەتدا زانیارییەکانی خۆت وشە بە وشە بنوسیەوە.

## گیرو گرفتەکانی پشتبەستن بە هۆشمەندی خۆت

گەورەترین گرفت ئەوەیە کە لەوانەیە ئەو شتانەی کە بیستوتن لە بیرت بچنەوە یان هەندێ شت لە خۆتەوە زیاد بکەی کە پەیڤدەرەکە نەیگوتبێ. ئەگەرچی زۆربەی جاران هیچ گیروگرفتێکیش دروست نابێت (لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە ئەو کەسەی دوواندووتانە نەتوانێ بە وردی هەر چییەکی گوتویەتی بێتەوە بیری)، بەگشتی لەم جۆرە هەڤپەیڤینانە هەندێ هەلەی زەق یاخود نووسینی شتێك کە وا بکات، گلەیی بخاتەوە سەرئێوە، هەیە، کەواتە هەرچەندە مەودای نێوان ئەنجامدانی وتووێژو دابەزاندنی لەسەر کاسێت زیاتر بێت بێگومان ڕوودانی هەڵەش زیاتر دەبێت، بۆیە ئەگەر ناچار بی بەبێ نووسینەوە هەڤپەیڤین بکەی کاتی هەڤپەیڤین سەرە قەڵەم و یادداشت بنووسە، ئەگەریش بەردەوام چاوەڕوانی ئەنجامدانی هەڤپەیڤینی لەناکاویت باشتر وایە دەفتەری تایبەتی یادداشت و کەرەستەی تۆمارکردن و شتی پێویستی ئەم کارەت لەلا بێت. وتووێژە

(سەرزارییەکان) واتە ئەوانەی نەدەنووسێنەوەو نە تۆمار دەکرێن، بە تەنیا و لە بارودۆخی تایبەتدا ئەنجام دەدرێن. خاتوو (بایبر دیترو) نووسەری بەسەرهاتی ژیانی (سامۆئیل بیکیت)، ئەودەمەی کە ژیاننامەی ئەم شانۆنووسە ناسراوە ئەڵمانییەی دەنووسی، ناچاربوو پشت بە هۆشمەندی خۆی ببەستێ. چونکە (بیکیت) سوود وەرگرتن لەهەرجۆرە ئامێرێکی هەڤپەیڤین و تۆمارکاری (بەهەموو جۆرەکانییەوە) لە دانیشتن و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا قەدەغە کردبوو.
ئەوەی راستی بێت بەرهەمی کار و خۆماندووکردنی ئەم خاتوونە بەهرەمەندە لەمەڕ ژیانی بیکیت، بەرز و بێ وێنەیە.

## رێکۆردەر-ئامێری تۆمارکردن

ئەمڕۆ ئامێری تۆمارکاری، بەشێکی جیانەکراوەی کەرستە پێویستەکانی پەیامنێرانە و زۆربەیان رایان لەسەر ئەوەیە کە ئامێری تۆمارکاری داهێنانێکی بێ وێنەیە کە سوودەکانی لە ژمار نایەن و زیانەکانی زۆر کەمن.
ئەگەر دەتانەوێ سوود لە ئامێری تۆمارکاری وەربگریت، ئامێرەکەت هەرچی بچووکتر بێت باشترە. باشترینی تۆمارکارەکان ئەوانەی گیرفانین کە مایکرۆفۆنیان لەسەرە و نرخەکانیشیان جۆراوجۆرە. بۆیە ئەگەر هەڤپەیڤین کردن بەشێکی گرنگ یاخود بەردەوامی کاری لێکۆڵینەوە یاخود نووسینی ئێوە پێك دەهێنی، پێشنیاز دەکەین باشترین جۆری رێکۆردەر ئەوەی کە توانای کڕینتان هەیە دابین بکەن.
ئاگاداری ئەوەشیان بیت کە رێکۆردەر ئامێرێکی ناسکە و زۆربەباشی بیپارێزی، بەڵام ئەگەر بەرلە دەست پێکردنی

هەڤپەیڤینێك هەست بە تێكچوونی ڕێكۆردەرەكەت دەكەیت، باشتر وایە بە گومان لە (تۆمار كارەكەت)ەوە بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێك نەچیت. هەموو جارێك كە بەهۆی تۆماركار (مسجل)ەكەتەوە دەچیتە هەڤپەیڤین كردن باشتر وایە دەفتەری یادداشت و قەڵەمێكیش لەگەڵ خۆتدا بەریت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بە هەندێ هۆوە نەتوانی سوود لە ئامێرەكەت وەربگری یان لەوانەیە لە ناكاوێك تێكچوبێ.
بێجگە لە دروست بوونی ئامێرە تۆماركارەكەت دڵنیابوون لەوەی چەند پاتری باش و پڕو نوێت پێیە پێویستە.
بۆ تۆماركردنی هەڤپەیڤینەكە سوود لە كاسێت وەربگرە كە هیچ بابەتێكی دیكەی لەسەر تۆمار نەكرا بێت و لە سەرەتای دەست پێكردنیش بابەتی وتووێژەكەتان و ڕۆژی ئەنجامدانی وتووێژەكە دەستنیشان بكە یاخود (هەردوای كۆتایی هاتنی هەڤپەیڤینەكە) لەسەر كاسێتەكە بە خەتێكی جوان بنووسە بۆ ئەوەی بۆ لەڕوو نووسینەوەی بابەتەكە یاخود سوودوەرگرتنی دیكە كێشە و ئاڵۆزیتان بۆ دروست نەبێت.
باوترین كاسێت كاسێتی (٦٠،٩٠) دەقیقەیین، جگە لە وتووێژگەلە كورتەكان، لەوانەیە لەناوەڕاستی هەڤپەیڤینێكدا ناچار ببیت لایەكەی تری كاسێتەكە دانێیەوە یان كاسێتیتر بەكار بێنی، بۆیە بەم كارە لە ئەنجامدا بڕێكی هەڤپەیڤینەكەت لەدەست دەچێت.
ئەمكارە بەگشتی كاتێك بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێك سوودتان لە كاسێتێك وەرگرت، تا ماوەیەك دووبارە ئەم كاسێتە بەكار مەهێنەوە تا ئەگەر بێت و پەیڤدەر سكالایەكی هەبێت، وەك بەڵگە سوود لە قسەكانی خۆی لەسەر كاسێتەكە وەربگریت.

**سوودەکانی تەسجیل بۆ هەڤپەیڤین**
ئەوەی کە وەك قازانج و دیار بیّ ئەوەیە کە لەبارودۆخی ئاسایی‌دا هەمووجۆرە هەڤپەیڤینێك بەبیّ گریّ و گۆڵ تۆمار دەکا و تەنیا کاری ئێوە ئەوەیە کە (سەرەتای قسە کردن تەسجیلەکەتان پیّ بکەن)، لەکاتی پێویستدا کاسێتەکە وەربگێڕن و کە پەیڤدەرەکەش لیّ بووەوە تەسجیلەکە بکوژێننەوە.
ئامێری تۆمارکار (مسجل) ئەو دەرفەتەتان دەداتیّ کە بە تەواوەتی لە پەیڤدەر ورد ببیتەوەو دەوروبەریشت لەبەر چاو بێت.
نیگەرانی بەپەلە نووسینەوەو پێڕانەگەیشتنیش نەبێت. سەرەڕای ئەمانەش تۆمارکار بە تۆمارکردنی دووبارە گوتەکان و شێوەی ئاخاوتنی پەیڤدەر، کاتی لەبەر نووسینەوەی کاسێتەکە هاریکاریەکی کاریگەرت دەکا بۆ بیر خستنەوەی هەڵسوکەوتی پەیڤدەروکەش و هەوای هەڤپەیڤینەکە، ئەمە ئەو جۆرە هاوکاریەیە کە بە ڕێگای دەفتەر یادداشت و قەڵەمەوە دەستەبەر نابێت.
بەهۆی تۆمارکارەوە دەتوانیت هەرچەند جارێك کە بتانەوێت گویّ لە هەڤپەیڤینەکە بگریت و زانیاری پێویستی خۆی لیّ وەربگری.
ئامێری تۆمارکار دەتوانێت روخسارێکی کاری و لێهاتوو بەدەستەوە بدات و ئێوەش وەك کەسێکی لێزان کە لە کارەکەیدا بە دڵ و بە گیان تێدەکۆشیّ بخاتە بەر چاوان.
**گیرو گرفتەکانی هەڤپەیڤین بە ئامێری (مسجل) تۆمارکار**
کەمجار و مەگەر بەدەگمەن هەڵدەکەویّ کە قەڵەم و کاغەز لە ئامێری تۆمارکار بەکەڵکترو کاریگەرتر بیّ، بەلاّم هەندیّجار نووسینەوەی بابەتەکان بەدەست لەوەی کە تۆمار بکریّ،

ساکارترە کەم کەس هەیە کە حەزناکات دەنگی تۆمار بکرێت و لەوانەیە لە بیستنی جۆری دەنگی خۆیان لەسەر کاسێت پەست بىن. ئامێری تۆمارکار بەهۆی رووخساری کاریەوەو خەڵکی ئاسایش لەبەرئەوەی بەگشتی مەبەستی هەڤپەیڤین و دواندن نین دەترسێنیّ. هەندیّ جاریش بارودۆخەکە بەپێچەوانەی ئەمەیان وا دەکەوێتەوە و وای لێدیّ ئەو کەسانەی کە قسەکانیان تۆمار بکریّ وا هەست دەکەن کە مرۆڤی زۆر گرنگ و لێوەشاوەن. بەم هۆیەوە لەوانەیە هەست بەوە بکەیت کەپەیڤدەران کاتێك بزانن قسەکانیان تۆمار دەکریّ سەرتاپا بگۆڕدرێن. لە ئەنجامدا دەکریّ گۆڕانی زاراوە، شێوەی دەربڕین، دەرخستنی زانیاری و هەڤپەیڤینەکە بە گشتی ئازار دەربێت. بڕیاری سوود وەرگرتن لە تەسجیل، بۆ هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسێکدا کە بە دیتنی (تۆمارکار) دڵی دەگوشریّ و ئازار دەبینیّ، بۆ خۆت دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەتان لەبەرچاو بێت و بزانن کە زۆربەی کەس وردە وردە کە هەڤپەیڤینەکە دەچێتە پێش و بەردەوام دەبێت، بە گوتەی خۆیان نوقمی هەڤپەیڤینەکە دەبن، بەسەر ئازاری سەرەتای هەڤپەیڤینەکە (بوونی تۆمارکارەکە)دا زاڵ دەبن و بیر لە بوونی ناکەنەوە، بەڵام بۆ هەندیّ لە خەڵکی ئیتر بوونی مەکنییەیەکی بچووکیش لەسەر مێزەکە، لەوانەیە ببێتە هۆی کڕ وکپ بوون و پەیڤ نەدان. ئەگەر هەستت کرد بوونی ئامێری تۆمارکار لە کۆتاییدا زیان بەخشە، لەوانەیە باشترین رێگەچارە ئەوەبێت کە تۆمارکارەکەت وەلاوەبنێی و لەجیاتی ئەوەیان دیسان سوود لە قەڵەم و کاغەزو (تاکو هۆشمەندی) خۆت وەربگری.

سەرەڕای لابردنی دڵە خورپێی پەیڤدەر ، دەبێت بەسەر دڵە خورپیّ و پەشۆکانی خۆشتاندا زاڵ بن کەلەوانەیە لە کاتی بە کار

هێـنانی ئامێـری تۆمـار کـاری ( تسـجیل) توشـتان بێـت. ئـەو کەسانەی کە تازە دەستیان بەم کارەکردووە ، لەوانەیە زۆربەیان لـە کـاتی بـە کـار هێـنانی تەسجیل ، کـە لەوانەیـە هەرگیـز لـەم جۆرەیـان دەکـار نەکـردبێ ، سـەریان لێ بشـێوێ. لەمـبارەیە وە دەتوانـی دووشـت بکـەی : پێشـتر پـرۆڤەبەو ئامێـرەنوێیەتەوە بکـەیت و داوا لــە هــەڤالێکت بکــەی هەڤپەیڤیـنێکی تاقیکـاری دەگەڵدا بکەیت . یان ئەوەی کە زۆر بە ئاسانی بە پەیڤدەر بڵێیت کـە ( تۆمارکـار¬ تسـجیل ) ەکـەت نوێیـەو لـەوەو پێـش بـە کارت نەهێـناوە . چـونکە پەیڤدەر بە هەر شێوەیەك توورە و بپەشۆکێ هەسـت کـردن بـەوەی کـە تـۆش ئـەوەندە بەسـەر خۆتدا زاڵیت ، دەبێـتە هـۆی هیۆر بوونەوەی ئەویش و نەهێشتنی کەش و هەوای کۆبونـەوەی ئاسـایی زاڵ بەسـەر بـارودۆخی هەڤپەیڤیـنەکەدا" بـە تایـبەت ئەگـەر قسـەیەکی خـۆش و خـەندەدار لـەم بـارەوە ، بگێڕیەوە .

بـە دەسـت هێـنانی باشـترین ئـەنجام لـەو هەڤپەیڤیـنەی کـە ئەنجامتان داوە نەقڵ کردنییەتی لە کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز ، لە کـاتێك دا کـە نـەقڵ کـردنی هـەموو هەڤپەیڤیـنەکە پێویست نییەو زۆربـەی خـەڵکی ئـەم کارەیان پێ کارێکی گرانە . لە هەمان کاتدا کـاتێك ئـەو بابەتـەی کـە مەبەسـتتانە دە نووسـیەوە ، ناچـاری کاسـێتەکە ئـەم لاو ئـەو لاو پـاش و پێشـی پـێ بکـەیت، تائـەو زانیاریـەی پێویسـتیت پێیـەتی دەسـتت بکـەوێت ، کە ئەمە خۆی کارێکـە و مـاندووت دەکـات" لەوانەیـە شـتێکی وا کە گرنگ بێت و بـیرت بچێت لـە کاسـێتەکەدا هەرنـەبێت . بـە گشتی دەبێت ئەوە قـەبوڵ بکەیت کە ئەمەیان سەر سوڕهێنەرترین بەشی هەڤپەیڤنێك نییـە ، بـەلاّم لەبـەر نووسینەوەی هاوکاری ئەوەت لەگەڵدا دەکات

کـه هـزرێکی ڕووناك لەسـەر نـاوەڕۆکی هەڤپەیڤینـەکە بـە دەست بهێنی .
تۆمـار کارەکان ( تسجیل) بە گشتی بۆتۆمارکردن لە چوارچێوەی ژوورێـك یـان شـوێنی کـار کردنـتان شـیاوو گونجاون . بەڵام لەبەر ئـەوەی کـە هـەموو هەڤپەیڤینـەکان لەکـەش و هەواو بارودۆخێکی یەکسـان ئـەنجام نـادرێن، باشـتر وایـە لەمەودای دڵنیا و گونجاوی تۆمار کارەکەت ، پێش دەست پێکردن دڵنیا بیت .
بابـەتی تـر دەنگە دەنگ و هاتو هاواری دەوروبەرە لە تۆمار کارە سەرەتاییەکاندا ئەم بابەتە دەبووە هۆی دروست بوونی گێرگرفت، بـەڵام تۆمـار کارەکـانی ئێستە پێشکەوتووترن و دەتوانن دەنگ و چـرپەی دەوروبـەرو دەنگـەکانی نێـزیك تـر لـە جـاران وەربگرن و تۆمار بکەن.
ئەگـەر لـەم بـارەوە گومـانێکت هەیـە ، لە شوێنیکی بە هاتوهاوار تـاقی کـردنەوەیەك ئـەنجام بـدە ، تا بزانیت تۆمار کارەکەت تا چ ڕێـژە و ڕادەیەك دەنگەکان تۆمار دەکات و ئایا لەو نێوەدا دەنگی تۆ دەبیسترێ .
لــە بــەردەم پــەیڤدەردا ،ڕاگــرتنی مایکــروفۆن یــاخود ئامێــری تۆمارکـردن زیاتـر لـە لایەن پەیامنێرانی تەلەفزیۆنەوە باوە .. بە گشـتی لـە کـاتی هەڤـپەیڤین دا دەزگـەی تۆمارکـار لـە مەودایەکی یەکسـانی نێـوان هــەردوو کەسـەکە (پەیامــنێر-پــەیڤدەر ) ەوە ڕادەگـیرێ وباشـتر وایە پێش وەختە بۆ جارێکیش بێت ئەمە تاقی بکرێتەوە تا بە جوانی بۆت ڕۆشن ببێتەوە و بزانیت ئامێرەکەت لە چ مەودایـەك بـە جوانـی تۆمـار دەکـات، تـا ئـەو کاتـەی تـۆش ئامێرەکەت بۆ هەمیشە لەو مەودایە بە کار بهێنی .

به گشتی سوودەکانی هەڤپەیڤین بە هۆی تەسجیلەوە،زۆر کەمترە لـەو زیانانـەی لێی چاوەڕوان دەکرێ و زۆرتری پەیامنێران ، بەبێ تۆمارکـەر لـە ماڵەکانیان ناچنە دەرەوە . تۆمارکەر بە تایبەتی بۆ هەڤپەیڤینە دوور ودرێژەکـان باشـە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تۆماردکردنی بە سەرهات و گێڕانەوەیان پێویستە.

## کەرەستەکانیتری هەڤپەیڤین (تەلەفۆن)

ڕێکخستنی بەشی زۆری هەڤپەیڤینەکان بە هۆی تەلەفۆنەوە ئـەنجام دەدرێن. بەم جۆرە دەبێت چ ئەوەی لە ماڵەوەبیت یا لە شۆینی کار کردن ، تەلەفۆنت لەبەر دەستدا بێت.

سوود وەرگرتن لـە تەلـەفۆنی گشتی لەوانەیـە بە هۆی پچڕان لە ناوەڕاستی هەڤپەیڤین دا و یاخود تەواو بوونی پارەی وردەت یان ئـەوەی کە پێوەندییەکە بپچڕێ و زیقە زیق و دەنگی ناخۆش لە تەلەفۆنەکەوە بێت، ببێتە هـۆی ئـەوەی زیـان بە کارو ئیعتباری پیشەیی ئێوە بگەیەنێ.

هـەندێ جـار پـەیقدەر دەیـەوێت، بـۆ نموونە یۆ دیار کردنی کاتی دیاریکراو یاخود گۆڕینی سەروەخت بە تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە بکـات، بۆیـە هـەبوونی هێڵی تەلـەفۆن یەکێك لە پێداویستیەکانی رۆژنامەوانی و هەواڵنێرییە .

## کامیرای وێنە گرتن..

زۆربـەی بلاو کراوەکان وێنەگری تایبەتی خۆیان هەیە بەلاّم گەلێك لـە بلاّوکـراوەکانیش لەوانەیـە بیانـەوێت خۆیـان وێنەی تایبەت بە بابەتـەکانی خۆیـان پـەیدا بکـەن. بـۆ هەڤپەیڤینەکان لەوانەیـە وێنـەی پـەیقدەر یاخود وێنەیەکی پەیوەندیدار بە هەڤپەیڤینەکەت لێ بخـوازن. ئەگـەر هۆگـریت بە ئیش و کاری وێنەگریشەوە هەیە،

هەبوونی کامێرایەکیش سەرمایەیەکی بە نرخە، ئەگەرچی لەوانەیە وێـنەکانت هەموو کاتێ کڕیاریان نەبێت بەڵام دەتوانی وێنەی باش بـە نـرخێکی باشـیش بفرۆشـیت، لەبـەر ئەوەیـە کـە هەڵـبژاردنی کامێرایەکی چاکیش گرنگە.

## دەفتەری پێوەندی..

زۆربەی نووسەران و پەیامنێران دەفتەرێکی پەیوەندییان هەیە کە بەشـــێکی ســـەرەکی کەرەســـتەکانی کارەکەیانـــە. ئەگـــەر زۆر هەڤپەیڤین دەکەیت، هەبوونی دەفتەرێکی پێوەندی، ڕێگایەکی بە سـوودی پاراسـتنی ناونیشـان و ژمارە تەلەفۆنی پەیڤدەرانی تۆیە کـە هـەرکاتێ لەگەڵتدایە. سەرچاوەیەکی ئاوا دەبێتە هۆی ئەوەی کـە ئێـوە سـەرگەردان نـەبن بـە دوای وردەشـتی وا کەلەوانەیـە هەرساتێك لێتان ون ببێ.

## دەفتەری یادداشت

بوونـی دەفتەرۆچـکەیەکی یادداشـتیش بـۆ تۆمـار کـردنی کـات، ڕێکـەوت و شـوێنی هەڤپەیڤیـنەکانت، لەوانەیـە ئەوەندە پێویست نـەبێت ، بەڵام لانی کەم ئەوەندەتان هاوکاری دەکات کە ئەوەتان بـۆ ڕۆشـن بکاتـەوە کە، کەی و لە کوێ دەبێت سەردانی کەسێکی تایـبەتی بکـەیت. بەم شێوەیە بیرچوونەوەی کاتی دیاریکراوت بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێك کەمتر ڕوودەدات.

## کارتی ویزیت

دروسـت کردنی کارتی ویزیتیش لەوانەیە زۆر زۆر پێویست نەبێت، بـەڵام زۆر کـەس حـەز لـە کـارتی ویـزیت دەکـەن و پێیـان خۆشە کـەڵکی لێ وەربگـرن ، ئەمەشـیان ڕێگەیـەکی باشـە بۆ دان و بڵاو

کردنەوەی ناوونیشانتان ، بۆ نموونە لە کۆتای هەڤپەیڤینێك دایە. هەندێ جار لەوانەیە پەیڤدەر ، دوای هەڤپەیڤین کردن بیەوێت زانیاری زیاترتان بداتێ . چاپ کردنی کارتی ویزیت لەهەر چاپخانەیەك دا دەکرێ.
وا دیارە توانای هەندێ نووسەران لە کاتێك دا بەدەر دەکەوێ کە دەورووبەریان پڕ بێ لە کاغەزی دارژاوو داپرژاو. بەلاّم زۆربەشیان دەزانن کە رێك و پێکی دەبێتە هۆی ئاسان کاری لە کارەکانیاندا.
ئەمەش کە چۆن بەرنامە بۆ کارەکانتان دادەنێن ، پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە،بەلاّم ئەوکارە لە گیروگرفتەکانت کەم دەکاتەوە و زۆر بابەتتان لە ونبوون و لە ناو چوون دەپارێزێ. بابەتەکانتان لە ناو رەفە یان، فایل، یان لەناو چەکمەجەیەکدا بە ڕێکوپێکی دابنێن یان جیاجیایان بکەنەوە . ئەگەر دەتوانی بە سوود وەرگرتن لە بیر و هۆشمەندیتان ئەم کارە بکەیت ، پێویست ناکات خۆتان بخەنە داوی رەفە و فایلی لەم بابەتەوە.
بەڕاستی رێك و پێکی زۆر پێویست و گرنگە بەلاّم رێك وپێکی بابەت و وتار لە جیاتی ئێوە نانووسێ و هیچ هۆیەکیش نین بۆ نووسینیان .هەروەها ئەگەر کاسێتی هەڤپەیڤینەکانت لە کاسێتەکانی ترتان بۆ نموونە لە کاسێتەکانی مۆسیقا جیابکەیتەوە زەرەر نابینیت.

## ئامێری تلیپ

دەگێڕنەوە کە خاتوونێکی بە تەمەن بابەتێکی خۆی کەلەسەر کاغەزی توالێت نووسیبوو بۆ ڕادیۆی شارەکەیانی نارد.

بەرپرسی ئەو بەشە دەیەویست ئەم کاغەزە یەکسەر بخاتە زبڵدانەوە، فزوڵیەت وای لێکرد بەر لە توڕدانی بیخوێنێتەوە تا بزانێ چی لە سەر نووسراوە. کە خوێندیەوە بینی جوانترین بابەتەو بەپارەیەکی باش کڕی و بڵاوی کردەوە، دواتریش زۆر کەس گوێبیستی ببوون و پێیان شتێکی باش بوو بەڵام ئەمڕۆ هەرنووسەرێك هەر چەندەیش ناسراو بێت نووسراوەکەی خۆی بە چاپ نەکراوی نادا بە هیچ بڵاو کراوەیەك؟.

بۆ ئەو نووسەرانەی کە هیوادارن بەرهەمی خۆیان چاپ بکەن یان ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە دەبێت بەرهەمەکەی خۆیان– بۆ نموونە نامەی زانکۆ– یی بە زانکۆ بدەن، چاپکردنی نامەکەیان گرنگە . بەم شێوەیە بەهەر شێوەیەك بێت دەستیان وە ئامێرێکی چاپکردن ڕابگا باشە .

ئەو نووسەرانەی کە مەبەستیانە هەڤپەیڤین ئەنجام بدەن ، هەندێ جار ناچارن نامەی چاپکراو بۆ پەیڤدەران بنێرن.

ناردنی ئەو نامانەی کە بەدەست و نووسراون دەکرێ بەڵام کەمتر کارتێکردنی پیشەیی هەیە . بە تایبەت ئەو کاتەی ئەگەر دەست و خەتیشتان ناخۆش بێت. دەکرێ بڵێین هەمیشە وا باشترە نووسینەکەتان چاپ و بێ هەڵە بکەیت ، چونکە لە رووی دارایشەوە پاڵە پەستۆتان ناخاتەسەر و لە وانەیە باشترین نووسینێکتان پێویست بکات لە دوا ساتدا بە شێکی لاببەی و چاکتری بکەیت .

بۆ خۆڕاهینان لەسەر دەزگای چاپکردن و کۆمپیوتەر و تایپ و شتی لەو بابەتە دیارە شوێنی تایبەتی بۆ ڕاهاتن لە هەموو شوێنێك هەیە.

ئامێـره تایـبەتیەکانی ئـەوڕۆی چـاپکردن ، بەلابـردنی سەختی و ئـازاری نووسـینی سـەر کاغەز ، ژیانی نووسەرانیان گۆڕیوه . ئەم ئامێـرانه بـه هـۆی ئاسـانکاریان لـه راسـت کـردنەوەی بابەتـەکان یـاخود گۆڕیـنی نـاوەرۆك ،بـۆ پـەیامـنێران زۆر بەکـەڵکن . کـاتێك دەتانــەوێ هەڤپەیڤیـنەکەتان لەسـەر کاسـێتەوه دابەزێـنن تـازه هەست بەوه دەکەیت کە دەبێت گەڵێك لە بابەتەکە و زانیاریەکانی خۆتـان ئـەملاو ئـەولا پـێ بکـەیت .ئـەم کـاره بـه هـۆی ئامێـری چاپکردنەکانەوه زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ.

# فەسڵی چوارەم
## هەڵبژاردنی پەیڤدەران

## هەڵبژاردنی پەیڤدەران

بــەپێی بــیروڕای هــەندێ نووســەر و لێکۆڵــەرەوان، وتووێژکــردن بەڕادەیەك تێکەڵاوی کارەکەیان بووە لایان روونە کە دەبێ لەگەڵ چ کەسـێدا هەڤـپەیڤین بکـەن. ئەگــەر بەســەرهات و ژیانــنامەی کەســێکی زیــندوو، یــاخود بیروڕایــەك لەســەر هونەرمــەندێکی هاوچــەرخ یــا بەرهــەمێکی رەخــنەیی لەســەر نووســەرێك کــە لــە ژیاندایـە دەنووسـیت، یـان بـەدوای دۆزینەوەی ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆتدا کەوتووی، ئەو کەسانەی کە لەوانەیە هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکـەی دیـارە دەبـێ کێـبن. لـە هـەندێك بـاردا لەوانەیە بەدروستی بۆتـان دیـار نـەبێت کـە دەبێـت لەگـەڵ کێـدا قسـە بکـەی، بـەلام لەوانەشە بیرتان بۆ لای هەندێ کەسی تایبەتی چوبێ کە بە باشی لـەو بابەتە ئاگادارین، ئەو کەسانەش زیاتر ئەوانە دەبن کە لەسەر ئـەو بابەتـەی تـۆ پسـپۆرن یـان ئـەوەی کـە بـیروڕای پسـپۆرانە و تایـبەتییان هەیـە. لـەکاتێکدا ئـەو کەسەی دەتانەوێ بپەیڤێ دیار بێـت ئـەرکی ئێـوە زۆر سـانا دەبێـت، بـەلام هـەندێ جـار بـەهۆی ئـەنجامدانی چـەند وتووێژێـك دەتوانـن وێـنەیەکی باشتر و رونتری مەبەسـتەکەتان بخەنـەڕوو، ئەمەشیان بابەتێکە هەر لە سەرەتاوە بە وردی بیری لێ بکەنەوە.

کـاتێك کارەکەشـتان دەسـت پێکـرد ئەوسا بۆتان دەردەکەوێ کە دەبێت بەسەر بابەتـی مەبەستداردا بچنەوە یان بڕیاری ئەوە بدەن بـە هاوکـاری و بەشـداری کۆمـەڵێکی بەرفـراوان یـاخود بچووکتردا بـپەیڤن، ئـەم کـارەش دەقـاودەق دەگـەڵ کـارە لێکۆڵیـنەوەکەی ئێـوەدا یەکدەگرێتەوە چونکە ئەگەر بەرلە دەست پێکردن هەموو وەلامەکانـتان دەزانـی قـەت دەستتان نەدەدایەکاری لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە هەڵبژاردنی بابەتێکی وەك،  هەڤپەیڤین دەربارەی ڕۆڵی

کارگەیەك لەسەردەمی شەڕدا، هەر لە پێشدا دیارو ڕوونە، بەڵام ئەو پرسیارانەی کە پێویستە لەخۆت بپرسی ئەوەیە کە ئایا دەتەوێ هەڤپەیڤینەکانی خۆت تەنیا لەگەڵ کرێکارانی ئەو کارگەیەدا بکەی، یان مەبەستتە قسە لەگەڵ کارگێڕانیشدا بکەی یان ئەوەی کە تەنیا لەگەڵ ئافرەتەکانی سەردەمی شەڕدا وتووێژ بکەی، لەکاتی نووسین و لێکۆڵینەوەدا ئەوەتان بۆ دەردەکەوێت کە پەیڤدەرێك دەبێتە هۆی ڕێنوێنی کردنت بۆ دۆزینەوەی کەسێکی دیکە.
لەبەر ئەوەی زانیاری و سەرچاوەی پتر دێتە سەر ڕێگاتان، زۆرجاران ئەو پەیڤدەرانە دەبنە هۆی پێوەندی دروست کردن لەنێوان ئێوە و ئەو کەسانەی کە ئێوە مەبەستتانە. بۆ پێوەندی دروست کردن لەگەڵ ئەوانەی هەڤپەیڤینت لەگەڵدا کردوون بڕوانە فەسڵی پێنجەمی ئەم کتێبە.

## هەڵبژاردنی بابەتی هەڤپەیڤین لەلایەن پەیامنێرانەوە..

پەیامنێران بەتایبەت ئەوانەی کە کار بۆ گۆڤارێك، شوێنێکی تایبەتی ناکەن و دەبێت شوێنێك بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی خۆیان بدۆزنەوە، ناچارن بەردەوام بەدوای بابەتی نوێدا بگەڕێن چونکە لە نووسەرانی دی جیاوازن. پەیامنێران بەگشتی بابەتی هەڤپەیڤینی خۆیان لەبەر یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوە هەڵدەبژێرێن.
هەڵبژاردن بەهۆی کاریگەربوونی ئەو بلاڤۆکەیە کە بۆی دەنووسن بۆ وێنە ئەگەر بابەتێك بۆ گۆڤارێکی تایبەت بەکاروباری باخەوانییەوە دەنووسن، بەدوای کەسێك لە ناوچەکەی خۆتاندا دەچن، کە لایان وایە هەڵبژاردنێکی بەجێ و گونجاوە بۆ ئەو

گۆڤـاره. ئەگـەر گۆڤـارێك دەناسـيت كـە بـەردەوام بابـەتی لەمەڕ کەسـانی ئاسـايی هەيـە، لەوانەيـە بـتەوێ پێشـنيازی ئـەوەيان بدەيـتێ کـە دەتـەوێ بابـەتێك دەربـارەی کوچـە مـاڵێك بنوسـيت کەچی کوچەماڵەکە ناناسيت.

بـەم پێيـە بابەتەكـەت لەسـەر داخـوازی گۆڤارەكـە هەڵـبژاردوه. هەڵـبژاردن لەسـەر پێشـنياری کەسـێکەوەيە كـە تـۆ بـەجوانی دەيناسـيت. بـۆ وێـنە ئەگـەر کەسـێك دەناسـيت بەدەسـت نەخۆشـيەکی کوشـندەوە ئازاری ديوه و خۆڕاگری کردووەو دواتر بەسـەر نەخۆشـيەكەدا زاڵ بـوه، لەوانەيـە بـتەوێت راپۆرتێـك لەچوارچـێوەی (بەسـەر هـاتێکی راسـتی) يـا (سـەرکەوتن بەسـەر کارەساتدا)ی دەرباره بنوسيت.

لەلايەکی ديکەوە رەنگە هونەرمەندێك لە کۆڵانەکەی ئێوەدا بژيێت و بابـەتێکی گونجـاو و بـاش بـێ بـۆ هەڤپەيڤـينێك يـان لەوانەيـە هـەڤالانی تـۆ بـەم زوانە لە گەشتێکی کارەساتاوی گەڕابنەوەو تۆ واهەسـت بکـەی کـە بيرەوەريـەکانی گەشـتەکەيان جوانـە بـۆ بلاوکردنەوە، لەم بارەيەوە خەڵکەکە خۆيان هزری وتارێکی جوان دەدەن بـە تـۆ، دواتـر ئێـوە بـۆ بلاوکـردنەوەی بابەتەکـە بەدوای بلاوکراوە يان چەند بلاوکراوەيەکدا دەگەڕێن.

هـەندێ جـاريش لەوانەيـە هەڵـبژاردنەکەتان لەبـەر هـەردوو ئـەم هۆيانـەوە بێـت. بەرەبـەرەش کـاتێك لەگـەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکان پێوەنـدی قايمتر و موکمتر دەگری، بەجوانی بۆت دەردەکەوێ کە دەرفـەتی پترتـان بـۆ دەڕەخسـێ کـە پێوەنـدی بـە پـەيڤدەر و بلاڤۆکەکانـەوە بکـەی. کـە ئـەم دەرفەتـەتان بـۆ رەخسا دەتوانن کـاتی زياتـر بـۆ نووسين و هەڤپەيڤين تەرخان بکەن و ئەوەندەش بـەدووی شـوێنێکدا بـۆ بلاوکـردنەوەيان نەگـەڕێن. کـە وەك

پەیامـنێرێکی سـەرکەوتوو ناسـرایت و ناوبانگت دەرکرد، لەوانەیە هـەندێجار خـەڵکی سـەردانت بکـەن بەتایـبەتی ئەوانـەی کـە دەیانـەوێت دەربارەیـان بنووسـیت، ئەم خەڵکانە ئەوکەسانەن کە شـتێك یاخود روداوێکیان بۆ ناساندن و لێدوان هەیە، بەگشتی لەو بارودۆخـەدا، بـە تەلـەفۆن پێوەندی بە دەفتەری بڵاوکراوەکانەوە دەکـەن، بـەلاّم ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـە هەواڵـنێرە ئـازاد و سەربەخۆکانیش نەتوانن سوود لەو توانایە وەرگرن.
هـەندێ جـاریش لەوانەیـە سەرنووسـەری بلاّڤۆکـەکان داواتـان لێ بکـەن کـە بابـەتێك بـۆ بلاّوکـراوەکەیان ئامادە بکەیت، ئەگەر ئەم جـۆرە بابەتـە پێویسـتی بـە هەڤپەیڤـینێك بـوو بەگشـتی چـەند پەیڤدەرێکی بەهێز و ناسراو بە ئێوە دەناسێنن.

## بەرلە دۆزینەوەی بلاّڤۆك

بـڕیاردان لەسـەر ئـەوەی کـە دەتانـەوێ لەگەڵ کێدا وتووێژ بکەن بەلایـەکدا، بـەلاّم گـرنگ ئەوەیـە بەرلەوەی پێوەندی پێوە بکەیت بـزانی بۆچـی دەتـەوێ قسـەی لەگـەڵدا بکـەیت، پێویسـتە بـیر بکەیـتەوە لـە چ گۆشـەیەکەوە دەتـەوێ لـە بابەتەکـە بـڕوانی، خوێـنەرانی بابەتـەکانت چ جـۆرە کەسانێکن و نوسراوەکەی تۆ چ شێوەیەك وەردەگرێ.
چـاوەڕوانی ئـەوەتان لێ ناکـرێ، کـاتێك تـازە دەسـتتان کـردەوە بەنووسـین و لێکۆڵیـنەوە، هـەموو شـتێك لەسـەر ئـەو بابەتـەتان بــزانن، بــەلاّم پێویســتە ئــەوە بــزانیت کــە سەرنووســەری بلاّڤۆکەکـەتان رازی بکـەیت کـە تـۆ لەسـەر مەبەسـتەکەت زۆر مکـوڕی. لـەم قۆناغـەدا زانیـاری بنچینەیی و سەرەکی لەوانەیە بۆ خستنەڕووی هۆگری و مکوڕی تۆ بەو بابەتە و دۆزینەوەی زانیاری

پتر لەسەری ئەوەندە بێت کە پێویستە، بەڵام ئەگەر دەتەوێ کارێکی درێژخایەن وەکو نووسینی کتێبێك ئەنجام بدەی، لەوانەیە ناچار ببیت بەرلە پێوەندی کردن بە ناوەندێکی چاپکردنەوە زیاتر لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەی، لەم بارەوە لە فەسڵی شەشەمدا زیاتر قسەمان کردووە.
هەندێ لێکۆڵینەوەی سەرەتایی رۆشنبیرییەکی پترتان لەسەر چۆنییەتی دیدگا پێ دەبەخشێ، وەك چارەسەریش ئەمانە هەندێ لەو شتانەن کە پێش پێوەندی کردن بە هەر کەسێك دەبێت بیری لێ بکەنەوە و زانیاریتان دەربارەی هەبێت، بەڵام بۆ نووسین دەربارەی بەسەرهات و ئەو بابەتانەش کە لەبارەی کەسێکەوەن وردەکاریەکانی کورت و پەیوەندیداربە بەسەرهات و پەیڤدەران، ئەوانەی کە تۆمەبەستتن بدۆزیتەوەو بڕوانی چ شتێکی سەیری تیایە کە بتوانێ سەرنجی خوێنەران بۆلای خۆی راکێش بکا.
بۆ کاری گشتیش لەو جێگەیەدا کە پەیڤدەر تەوەری سەرەکی و خاڵی ناوەندی وتارەکەتان نییە، یاخود کەڵك لە کۆمەڵێك وتووێژ وەردەگیرێ، دەبێت راتان لەسەر ئەوەی کە دەتانەوێ لەگەڵ چ کەسێکدا هەڤپەیڤین بکەن هەبێت (وەکو رای پسپۆران یان کەسانی ئاسایی) هەروەها دیار بکەن دەتانەوێ پرس بە چەند کەس بکەن و لە چ گۆشە نیگایەکیشەوە بابەتەکەتان دەنووسن.

## هەڵبژاردنی بلاڤۆك

کە بڕیارتدا دەتەوێ چ شتێك بنووسیت و ئەو کەسانەی کە دەتەوێت، هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکەی بەپێی توانا دەستنیشانت کردن، هەنگاوی دواتری ئێوەدۆزینەوەی بلاڤۆکێکە بۆ بڵاوکردنەوەی. هەڵبژاردنی بلاڤۆك بۆ رۆژنامەنووسان، لە زۆر

روویەوە جیاوازە لەگەڵ هەڵبژاردەی نووسەری کتێبان و من لەم بارەیەوە، لەدوو بابەتی جیاجیادا بەناوەکانی هەڵبژاردنی گۆڤار یان رۆژنامە و هەڵبژاردنی بلاْوکەرەوە لەم فەسڵەدا لەسەری دواوم، ئەگەر بەهۆی هۆگری خۆت، هەڤپەیڤین یان لێکۆڵینەوە دەکەیت و بیر لە بلاْوکردنەوەی کارەکانت ناکەیەوە لەوانەیە ئەم بابەتە ئەوەندە بە کەڵکی تۆ نەیەت. بۆیە رەنگە خوێندنەوەی بەشی داهاتوو پتر سەرنجت راکێشێ.

## هەڵبژاردنی گۆڤار یان رۆژنامە

ئەو رۆژنامەنووسانەی سەربەخۆن و رابردوویەکیان هەیە، بە گشتی نێوانیان لەگەڵ بەرێوەبەران و سەرنووسەرانی بلاْوکراوەکاندا هەیە، هەر کاتێکیش هزرێکی جوانیان لەسەردا هەبێت، دەتوانن دەگەڵیاندا باس بکەن.

بەلاْم ئەگەر ئێوەش لەسەرەتای کارەکەتاندان یان هەست دەکەن کە ئەو هزرەی ئێوە بۆ فلاْن بلاْوکراوە گونجاوو بە کەڵك نییە، باشتر وایە بەدوای بلاڤۆکێکی دیکەدا بگەرێن.

بۆ رۆژنامەنووسە ئازادەکان یان قوتابیانی بەشی رۆژنامەڤانی، باشترین رێگە بۆدەست خستنی بلاڤۆکێکی باش، ئەوەیە کە لە نێو رۆژنامەفرۆشیەکی گەورەدا دەست بکەی بە هەڵدانەوی لاپەرەکانی هەموو چاپکراوەکان. کاتێك بلاڤۆکێك بۆ بلاْوکردنەوەی وتارەکەی خۆت دەستنیشان دەکەی، بروانە چ گۆڤارێك لەوانەیە هۆگری بابەتەکانی تۆ بێت–دانی بەسەر هاتێك بەبلاڤۆکێك کە هەرگیز گرنگی بەو جۆرە بابەتانە نادات، کارێکی بێهودەیە.

هەندێ گۆڤار هۆگری بابەتی سادەو ساکارن، لەسەر ژن و پیاوانی کوچەو کۆلأنـاندا، لـە حـالێك دا کـە گۆڤاری تر لایەنگیری بابەتی پەیوەندداربەکەسـە ناسراوەکانن و هەندێکیش تێکەلأویەك لەم دوو دەستـەیە بـە چـاك دەزانـن، هەندێ گۆڤار بەردەوام بابەتی وەکو (سـەرکەوتن بەسـەر کارەسـات یـان یانـزە رۆژ لـە ژیـانی)دا بـلأو دەکەنـەوە لەوانەیـە بـتوانیت هـەندێ بابـەت لـەم ئاستەدا ئامادە بکەیت.
ئەگـەر بـۆ بلأڤۆکێکـی ناوچـەیی بابـەت دەنووسـیت، لـە وانەیـە سەرنووسەری ئەو بلأڤۆکە وای لا پەسەند بێت، بابەتێك سەبارەت بـە کەسێك بنووسیت کە پەیوەندی بە ناوچەکەوە هەیە تا ئەوەی کـە زۆرناسـراو بێـت و هەرگیـزیش سـەردانی شـارەکەی ئێـوەی نەکـردبێت لـە کاتێك دا لەوانەیە بە هۆی خوێندنەوەی ژمارەیەکی بلأڤۆکێکـەوە، دەرك بـە ئەوداخوازیـەیان بکـەیت کـە ئایـا چ بابـەتێکیان لاپەسـەندەو پێویسـتیان پێیـەتی، باشـتر وایە بەر لە پـەیوەندی کـردن، چەند ژمارەیەکی ئەو بلاڤۆکە بخوێنیتەوە، کە لـە زۆربـەی کێتـبخانە گرنگەکان دەتوانیت بلاڤۆکەکان بەبێ پارە بخوێنیتەوە.

## جۆری خوێنەر

شـان بەشـانی هەڵسـەنگاندنی نـاوەرۆکی کتێـبەکان، دەبـێ پێداویسـتییەکانی خوێـنەرانیش لەبەر چاو بگریت و هەڵسەنگێنی، بێگومـان دەبێـت هـەرگۆڤارو رۆژنامەیـەك خۆی لەگەڵ داواکاری و پێویستییەکانی خوێنەرانی خۆی رێك بخات،(ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت بزانە ئەوەندە بەردەوام نابێ).

لـه بارتـرین رێگـەی تاقیکردنەوەش بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا ئـەو بابەتـەی کـە مەبەسـتتە بینوسـیت شـیاوی ئەو گۆڤارەیە کە بۆی ئامادە دەکەیت یان نا، لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوەدا دەر دەکــەویٚ: خوێـــنەرانی چ جـــۆرە کەســـێکن و چ شـــتێکیان دەوێـت؟ بـە تێـڕوانینی نـاوەڕۆکی بلاڤۆکێك و نرخاندنی: بەپێی، تەمــەن، رەگــەز، سیاســەت، پێشــینەی کۆمەڵایــەتی، ئــابووری و ئاواتـــەکانی خوێـــنەران بـــە دەســـت بهێـــنی : ئاگادارییـــەکانی بڵاوکـراوەیەکیش دەتوانن بۆناساندنی خوێنەرانی هاوکاریت بکەن ،کـاتێك وێنەیەکی خوێنەرانی بلاڤۆکێکت دەست بکەویٚ ،ئەو کاتە بـەوە دەگـەیت کـە چ جـۆرە هەڤپەیڤینێك بە کەڵکیان دێت . زۆر ئاسـاییە کـە هەڤـپەیڤین لەگـەڵ نـاودارێکی تـازە دەرکـەوتووی مۆسـیقا ، بـۆ بلاڤۆکێکـی بـە سـالاّ چوان کڕیاری نابێت ،( مەگەر خالێکی تایبەت بیبەستێتەوە بەخانەنشینەکانەوە وەك ئەوەی کە ئــەم خوێـنەرە بۆنموونــە– پێــی وایــە هەمووشـتێك قــەرزارباری بـاپیرەی خۆیـەتی– بە هۆیەك بۆ پەیوەندی لەو بەینەدا بژمێردریٚ )لـە لایـەکی دیکـەوە بابـەتێك لـە سـەر ژنـان بێگومـان بـۆ چاپ و بڵاوبوونەوەلــە گۆڤــارێکی ژنانــەدا بەکــەڵك و شــیاوترە تــا لـــە بلاڤۆکێکــی تـــەواو تایـــبەتمەند بـــە کاروبـــاری سیاســـیەوە بـــڵاو بکرێتەوە.

## ئـاخۆ هـەموو بڵاوکـراوەکان بابـەتی پەیامـنێرە سەربەخۆکان بڵاو دەکەنەوە؟

ئەگـەر دڵـنیانین لەوەی بلاڤۆکێك بابەتی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد بـڵاو دەکاتـەوە یـان نـا، بگەڕێـنەوە سـەر ناسـنامەی بلاڤۆکەکە. زۆربـــەی بڵاوکـــراوەکان لــــە ژێــــر نــــاوی کارگێــــڕان و نووســـەران

بەڕێوەبــەرانی خۆیــان رســتەیەك بــەو واتایــە چــاپ دەكــەن: (بڵاوكـراوەكەمان پێشـوازی لـەو وتارانـە دەكـات كـە بـە دەسـتی دەگـات) هـەندێك لـە بڵاوكـراوەكانیش بیَ مەیلی خۆیان سەبارەت بـەو وتارانـەی بـە دەسـتیان گەیشـتون بـەو شـێوەیە دەردەبڕن، سەرنووسەر بە هیچ جۆریَ بەرپرسیار نییە بابەكەتان ون بێت یان گێڕانەوی بابەتەكەتان وە ئەستۆ ناگرێت ) ، هەندێكیشیان لەسەر گۆڤارەكـەیان دەنووسـن (لەگـەڵ بابەتەكەتان زەرفێكی بەتاڵ كە نـاو نیشـانی خۆتـان بەســەرەوە نووســرابێت و پولــی پۆســتەی پێویستیشـی پێـوە بێـت بۆمـان بنێرن ) لە وڵاتە رۆژ ئاواییەكاندا ســەرەڕای ئــەوەی بڵاوكــراوەكان خۆیــان ، سیاســەتی خۆیــان سـەبارەت پەسـەند كـردن یـا نەكـردنی بابـەت و وتارەكـان چـاپ دەكــەن ، بڵاوكــراوەكانی وەكــو كــتێبی ســاڵ بۆنووســەران و هونەرمـەندان یاخود رێنوێنی نووسەران  چاپ دەكرێن كە نەتەنیا زانیاری پێویست لەو بارەوە دەخەنە ڕوو ، بەڵكو پپویستییەكانی ناسراوترین چاپەمەنییەكانیش چاپ دەكەن.

**بازاڕی چەند لایەنە.**

ئەگـەر تـازە دەسـتت داوەتـە نووسـین ، لەوانەیـە ئامانجی ئێوە ئـەوە بێـت كـە وتارەكـەتان پەسەند بكرێت و ئەمەیان ئامانجێكی راســت و ژیــرانەیە. ســەرەڕای ئەمــەش ئەگــەر تــا ئێســتا ســەركەوتنێكت لەنووسـینی وتـار بـە دەسـت هێـناوەو هەسـت دەكـەیت كـە دەتـەوێت بـەم رێگایـە پارەیـەك وەدەسـت بهێـنی، لەوانەیـە بتەوێت لەیـەك هەڤپەیڤیـندا بـڕێكی زۆر پـارە وەدەست بهێـنی (بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بازاڕ خۆشكردن لەچەند لایەنەوە فەسڵی شەشەم (لێكۆڵینەوە) و فەسڵی دوازدەیەم بخوێنەوە).

بۆ زۆرینەی وتارەکان، دۆزینەوەی چەند شوێنێکی باش و بەکەڵك بـۆ بڵاوکـردنەوە، مسـۆگەرە ، بـەڵام ئەگـەریش بابەتـەکان زۆر ئەزمونکاریـە ئـەو کاتـە هەسـت پـێ دەکـەیت کـە تـەنیا بـۆ بڵاوکـردنەوەیەك شـیاوە ، بۆ نموونە وتارێکی تەواو ئەزمونکاری کـە لـە بابـەت ئەستێرەناسـیەوە بێـت ، تـەنیا بە کەڵکی بلاڤۆکی ئەستێرە ناسی دێت.

## پەیوەندیی بابەت بە بڵاڤۆکەوە

بـەر لـەوەی پـەیوەندی بـە بڵاوکـراوەیەکەوە بکـەن ، دەبێـت رۆشـنبیرییەکی تـەواوتان دەربـارەی ئـەو جـۆرە بابەتـەی کـە دەتەوێ بینووسیت ،هەبێت.

جگـە لەوەی کە دەبێت بیرۆکەکەتان نوێ و دڵگیر بێت ،واش بێت کـە بـەر لەوەنەنوسـرابێ واتـە بابەتەکـەتان گـەرمو گـوڕ بێـت . هـەروەها پێویستت بـە دۆزینـەوەی گۆشـە و ڕوانگەیەکی گونجاو دەبێـت . دەبێـت بـە تەواوەتی بزانیت دەتەوێ چی بنووسیت . هیچ سوودێکی نابێت کە پەیوەندی بە سەر نووسەرێکەوە بکەیت و بـڵێی ، دەمـەوێ شتێك لەسەر فلان کەس بنووسم لەبەر ئەوەی دڵنیام ئـەوەتان لێ دەپرسێ (چ شتێك) تازە ئەمەیان لە کاتێکدا کـە ئەگـەر نـرخێك بـۆ کارەکـەی ئێـوە دابـنێ .سـەر نووسـەران پێویستییان بـە بابـەت هەیـەو جۆرە بابـەتێکیان دەوێـت کـە لە نـاوەرۆکی گۆڤارەکـەیان نـزیك بێـت .بـە گشـتی پێشـوازی لـە بەسـەرهات و ژیاننامان دەکەن ، چونکە شتی نوێیان تێدایە ،( بە مـەرجێك کـە هـەر ئـەو بلاڤۆکـە بـەو زوانە هەڤپەیڤینی لەگەڵ ئەو کەسـەدا بڵاونەکردبێـتەوە ) بـەم حاڵەشـەوە دەبـێ بـیر لـە پـەیوەندی کـردن بـە بڵاوکراوەکەشـەوە بکەنەوە،بۆنموونەئەگـەر

لەگـەڵ وەرزشـوانێکی ناسـراو بـۆ گۆڤـارێکی تایـبەتی بـە گەشـت وگوزار هەڤپەیڤین دەکەیت دەبێت پترپشت بە سەفەرەکانی ئەوە ببەستی تا سەرکەوتنەوەرزش وانییەکانی ئەوەوە.

کـاتیٚ لـە هـزری پێوەنـدی بابەت دەگەڵ بلاڤۆکێك دایی ،هەوڵبدە هۆیەکانی پێوەندی بابەتێکی جیاواز ،بە یەکگەیشتنیان نائاسایی و ئەگـەریش بۆتـان کرا تاك و بیٚ وێنە و ئەنجام نەدراو بێو پێشتر ئەو بلاڤۆکە بۆ لای نەچوبیٚ.

## پـەیوەندی کردن دەگەڵ بڵاوکراوە یان ناوەندی وەشاندن بە هۆی تەلەفۆنەوە..

زۆربـەی نووسـەران بـە ئـەنجامدانی ئـەو وتووێژە رازی دەبن کە پەیوەندیان پێوەکرابیٚ و ئێوەش لەوانەیە بەر لە پەیوەندی کردن بە بڵاوکراوەیەکەوە کەسێکی گونجاو و شیاوتان دۆزیبێتەوە. ئەو نووسـەرانەی کـە دەیانـەوێت بابـەتێك بنووسـن کـە پێویسـتی بـە هەڤپەیڤینێك هەیـە“ یـاخود هـەموو بابەتەکـەیان هەڤپەیڤین و لە سـەر بـنەمای وتووێـژە ،لـە قۆنـاغی یەکەمـەکان هـەردەم ئـەو کۆسـپەیان دێـتە سـەر رێگـا کـە نـازانن سەرەتا پێوەندی بەکێوە بکـەن.لەگـەڵ چـاپکەر و سـەر نووسـەر و بلاڤوکەکـە یـان لەگـەڵ پەیڤدەرەکـە چـونکە لـە لایەکەوەپـەیوەندی کـردن بـە بڵاوکـراوە یـاخود سـەر نووسەرێك بەر لە وەرگرتنی رەزامەندی و رازیبوون و دڵنیا بوون لە هاوکاری پەیڤدەرێك لەوانەیە کارێکی بیٚ سوود بێت .هیـچ وەڵامێکـی یەکلاکـەرەوە لەو بارەوەلە ئارادانییە .بەڵام بەر لەسـپاردنی هـەر پەیمانێك،هـەمووکاتێك توانـای ئـەنجام دانـی قۆناغێکی ئەزموونکاری لە گۆڕێیە.

## قۆناغی ئەزمونکاری

قۆناغی ئەزمونکاری یاخود قۆناغی تاقیکردنەوە،قۆناغێکەکە تییێدا دەست دەکەیت بە لێکۆڵینەوە . باشتر وایە پرس بە سەرنووسەر یان ناوەندی چاپکردن بکەی ئەوجا دەست پێ بکەی. لەبەر ئەوەی هەبوونی پشتیوانی یا لانی کەم هۆگری سەر نووسەرێك دەتوانێت ببێتە هۆی هاوکارییەکی کاریگەربۆ پەیڤدەرەکە .لەم قۆناغەدا لەوانەیە گومانتان هەبێت لەوەی بتوانن کاری دڵخوازتان بەئەنجام بگەیەنن .ئەمەش دەبێت لە یەکەمین پەیوندی دا بگوترێ و بڵێن بەهیوای فلأنە کەس بهێننە ئاخاوتن (کات و شوێنی ئاخاوتنەکەش دیاری بکەن )،زۆربەی سەرنووسەرو دەزگاکانی چاپەمەنی خۆیان ئەم قۆناغانەیان بڕیوەو لە بارودۆخی ئێوە تێدەگەن .لەوانەشە بەڵێنی تەواوتان نەدەنێ ،چونکە کێ دەڵێ بەتەواوەتی دەتوانن هەڤپەیڤینەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن ،بەلأم بەلایەنی کەمەوە دەزانن کە ئەولایەنە پێشنیاری ئێوەی لاپەسندەو بایەخ بۆ کارەکەتان دادەنێ.

## تەلەفۆن کردن بۆ رۆژنامەنووسان

لەوانەیە بڕیار بدەی تەلەفۆن بۆ سەرنووسەرێك بکەی لەبەرئەوەی وتارە پێشنیار کراوەکەی تۆ پێویستی بە تێڕوانینی بەپەلەهەیە، (بۆ نموونە کەسێك کە دەتەوێت قسەی لەگەڵدابکەیت، خەریکە سەفەرێکی دورودرێژ دەکات ،وتارەکەی تۆ لە سەر رووداوێکی تایبەتە کە ئەگەر فریای نەکەویت کاتەکەی بەسەر دەچێت ،یاخود ژوانی هەڤپەیڤێنێکی تایبەتیتان لەگەڵ کەسایەتییێکی زۆرناودار داناوە) زۆربەی سەرنووسەران لەگرنگی و پەلەی کاری

ئێوە تێدەگەن و گوێ لەقسەکانتان دەگرن ،بەڵام گرفتەکە دۆزینەوەیانە .ئەگەرتوانیت بە هۆی تەلەفۆنەوە قسەیات لەگەڵدا بکەیت ،کارەکە راسپێرە و ژمارەی تەلەفۆنی خۆشتیان بدەرێ .ئەگەر ئەوانیش حەزیان لەو بابەتەی تۆ بوو ئەوە پەیوەندیتان پێوە دەکەن.

# فەسڵی پێنجەم

## هەڤپەیڤین کردن

## هەڤپەیڤین کردن.

وەك ئـەوەی هـەندێ جار لەگەڵ دۆست وهەڤاڵێکی نزیکی خۆتدا، یـا کـەس و کـارێکی خۆتـدا هەڤـپـەیڤین بکەیت، یان ئەوەی کە بە تـەواوەتی دەزانـی لەگـەڵ چـەند کەسـێکدا هەڤپەیڤین دەکەیت و دەزانـی ئـەو کەسـە چـۆن بدۆزییـەوە ،پێویسـتە کەسێکی رێك بۆ هەڤپەیڤین و دواندن بدۆزیەوە .

لـەم بەشـەدارێگەی گونجـاو بـۆ پەیداکـردنی کەسـی رێـك وپـێـك دەستنیشان کراوە.

## ئەندامانی ماڵەوە و هەڤاڵان

یـەکێك لەو رێچکانەی کە بە کەڵکە بۆ راهاتن لەسەر ئەوەی چۆن هەڤـپەیڤین بکـەن ئەوەیـە ، پـرۆڤەی هەڤـپـەیڤین لەگـەڵ کـەس و کـارە نزیکەکانت بکەیت. کەس و کارەکانت دەتوانن سەرچاوەی بـە کـەڵك بـن بـۆ ئەوەی هەڤپەیڤینی ئەزموونکاریان لەگەڵدا بکەن چونکە زۆر بە سانایی دەستت پێیان ڕادەگا.

بـۆ نموونـە بـۆ زانیـنی ئـەو دە بابەتـەی کـە پیـاوان بەرلـە زەماوەندکـردندا عـەودالێن، باشـترە کـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەت و پیـاوانی نێزیکی بنەماڵەتان هەڤپەیڤین ئەنجام بدەی نەك ئەوەی کـە لـە کوچـە وکۆلانـان بـە دوای پیـاوانی نەناسـراو و بێگانـە بکـەویت. بـەم شـێوەیە دەتوانـی زۆربـەی هەڤپەیڤینەکانت بەبێ وەدەرکەوتن لە چوار دیواری ماڵەوەتان جێبەجێ بکەیت .

کەچـی ڕەوایـەو زۆر ئاخـاوتن هەیـە دەتوانـی سـەبارەت بـە دەسـتپێکی هەڤـپەیڤین لەگـەڵ ئاشـناو خـزماندا بیکـەی ، بـەلاّم ئەگـەر بتەوێ پەیامنێری و هەڤپەیڤین بکەی بە کارێکی سەرەکی

خۆت دەبێت فێری ئەوە ببی کە وتو وێژ دەگەڵ هەموو کەسێکدا بکەی.

## دۆزینەوەی پەیڤدەر.

لەم بەشەداباسی چۆنییەتی دۆزینەوەی بابەتی هەڤپەیڤین کراوە لە کاتێکدا کە ژمارە تەلەفۆنێك و ناوو نیشانێکمان لەبەر دەستدا بێ نییە. ئەو شێوازانەی کە یارمەتیدەری بابەتەکە بن . بەلاّم ئەوەتان لە بیر بێت کە دۆزینەوەی ئەمانە ،بە ڕێژەی پەیڤدەران، شێوازی هەڤپەیڤینیش لە ئارادایە .بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ کەسانی ناسراو و بەناو بانگ یان خاوەن پلە وپایەی بەرزی ئیداری و حکوومی دەبێت لە پێشدا پەیوەندی بە کار گێڕ یان سکرتێر یان پەیڤداری ڕۆژنامەوانیانەوە بکرێ. بەلاّم سەبارەت بەخەڵکی سادە وساکار دەتوانی راستەو خۆ پەیوەندیان پێوە بکەیت. وەك ڕێنیشاندەرێکی گشتی هەرچی زیاتریش بپرسیت، هەلی دۆزینەوەی کەسی باشتریش زیاترە، ئەگەر خۆتان ئامادە کردووە سەرلە زۆرینەی سەرچاوەکانی بەر دەستتان بدەن یاخود بەتەلەفۆن قسەیان لەگەڵدا بکەن ، بێگومان ئەوکاتە کەسی مەبەست و دڵخوازتان دەدۆزنەوە.

ئەگەریش وا ڕێککەوت کەسەکە نەناسراو بێت و نەتان زانی چلۆن پێوەندی پێوە بکەن، هەوڵ بدە زیاتر بپرسن. لە کردەوەدا بۆتان دەردەکەوێ پێویستیتان بەیەك دو سەرچاوە هەیە، ئینجا بەمەبەستتان دەگەن، بەلاّم ئەزموونەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازن، لاشتان وانەبێ کە هەردەبێ پێوەندی بە مەزنترین ڕێکخراوەکانەوە بکەن. دەتوانن بۆ نزیکترین کەس لە شارەکەتان تەلەفۆنێ بکەن، نەشتەرگەرێکی مێشك لە شارێکی

بچوك بـه قـەدەر نەشـتەرگەرێکی مێشـك لـە شـارە گـەورەکان دەزانیٚ.

جگـە لـە هەڤپەیڤینـە زۆر ناسـك و تایبەتیەکان، لـە ئاسـانترین و نزیکترین سەرچاوەی بەردەستتانەوە دەست پیٚ بکەن.

## گوتەبێژی رۆژنامەوانی یاخود بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی

زۆرینـەی نێوەنـدو کارگـە مەزنـەکان، کەسێکیان بـۆ پـەیڤداری و پـەیوەندکاری خۆیان هەیە. کاریان وەلاٚمدانەوەی پرسیاری خەڵك و بلاٚوکـردنەوەی راگەیەنـراوەکانە کـە لەسـەر ئیـش وکـاری نـاو رێکخـراوەکە یـان کارگەکـە دەپەیڤن. ئەم کارە جۆرێك ناساندن و بازاڕ خۆشکردنیشە.

وەك نووسـەر، بـۆ پـەیوەندی کـردن لەگـەڵ ئەوانـەدا، سـوود لـە رێچـکەیەکی راسـت و دروسـت وەربگـرە، لەگـەڵ بەرپرسـەکانی پەیوەندییەگشـتییەکان کـە بـۆ پێداویستی کارەکانتان راهێنراون، یـان بـەلانی کەمـەوە دەتوانـن ئێـوە بـە باشـترین کەسـی گونجاو بگەیێنن.

بەرپرســـێکی باشـــی پەیوەندییـــە گشـــتییەکان دەشـــێت سەرچـاوەیەکی قوڵی زانیاریەکانتان بێت. ئەگەر دەتەوێت دەگەڵ بەرپرسـی کارگێڕی کارگەیـەکدا بپەیڤی، بەلاٚم ناوەکەی نازانیت، دەتوانیـت داوای هاوکـاری پێویسـت لـە بەرپرسـانی پـەیوەندی گشتی ئەو کارگەیە بکەی. کارگەو رێکخراوە بچوکترەکان لەوانەیە گوتـەبێژی رۆژنامـەڤانی و بەرپرسـی پەیوەندییـە گشـتییەکانیان نەبێت، بەلاٚم هەر چۆنێك بێت کەسێکیان بۆ ئەم کارە هەیە.

ئەگـەر دەتانـەویٚ لەسـەر روداوەکـانی ولاٚتـانی دەرەوە لەگـەڵ کەسێکدا بپەیڤن، خاڵێکی جوانی دەسپێك، دەتوانیٚ لە بەرپرسی

زانیاریـەکان لـە باڵیۆزخانەیـەك یـا نوێـنەرایەتی وڵاتێکـەوە بێـت، کـاتێك دەگــەڵ بەرپرســی پێوەندییــە گشــتیەکان یــا وتــەبێژی رۆژنامـەڤانی بـنکەیەکدا قسـە دەکـەیت، ئـەوەتان لـە بیر بێت کە ئەرکی وی ناساندن و راگەیاندنە بۆ ئەو بنکەیە، بۆیە لەوانەیە ئەو وێـنەیەی ئـەو کەسـە لەسـەر ئـەو بـنکەیە دەتـان داتـێ دەگـەڵ راستیەکانی ئەو بنکەیەدا جیاوازی هەبێت.

ئەگـەر زوتـر سـەبارەت بـەو بابەتـەی کـە لێکۆڵیـنەوەی لەبارەوە دەکـەیت شتێکت خوێند بێتەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانی زانیاریە راست و چەوتەکان لە یەکتر هەڵاوێری.

**پەیوەندی تایەتی..**

هـەندێ جـار دەرفـەتی وا هەڵدەکـەوێ کـە بـتوانن لـە کەسایەتیە ناسـراوەکان نـزیك ببـنەوەو داوایـان لێ بکەن کە ئایا دەکرێ هەر لـەو کـات و سـاتەدا لەگـەڵیان دابنیشـن و هەڤپەیڤیـنیان لەگـەڵدا بکەن.

دەرفــەتی لــەو بابەتــەتان لــە رۆژانــی کۆبوونــەوەکانی وەك رۆژی نەتەوەیی، پێشانگاو. بۆ هەڵدەکەوێ.

نـزیکایەتی لەگـەڵ کەسـایەتیەکی ناسراو، بوێریەکی زۆری دەوێ. بـەڵام بـۆ ئەوانـەی ئـازان بەگشـتی دەسـتکەوتێکی باشـی دەبـێ. چـاوەڕانی دەرفـەتێ بـن کـە بۆتـان بێـتە پێشـەوە–بـۆ نموونـە ئەوکاتـەی کـە دەست بەتاڵن و کەسێکیان لە لانییە– بەڵام ئەگەر ئەوکەسـەی مەبەسـتتانە ئەگەر لەبەردەستداندا بێت نابێ نیگەران بـن، چـونکە بەگشـتی کاربەدەسـتان ئـیش وکاریـان زۆرەو تـۆش دەتوانی بە شوێن کەسێکی دیکەدا بگەڕێی.

زۆربەی کەسانی کارمەندو پسپۆر و لێهاتوو حەز دەکەن لەو بوارەدا پرسیاریان لێ بکرێ کە کارو پیشەی خۆیانەو پسپۆرییان لێ پەیدا کردووە.

## بیرو باوەڕی گشتی- دەنگی خەڵك..

کاتێك دەتەوێت لەسەر بابەتێکی تایبەتی، هەڤپەیڤینێك لە جۆری بیروڕا وەرگرتن ئەنجام بدەی، سەرلەو شوێنانە بدە کە لەوانەیە چاوتان بەو کەسانە بکەوێت کە لەسەر ئەو بابەتە تایبەتییە پێویست بکات پرسیاریان لێ بکەی. بۆ نموونە ئەگەر دەتانەوێت وتارێك لەسەر شوێنێکی شارەکەتاندا کە زۆر شتی تێدا روو دەدات شتێك بنووسی، سەری ئەو شوێنە بدە بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەردوام لەوێ دەژین. وەدوای کەسانی جۆراوجۆر، رێبواران، ئەوانەی بە پاسکیل هات و چۆ دەکەن، شوفێرو ماتۆڕ سواران بکەوە. بۆ وەرگرتنی بیروڕای گشتی تر، شوێنێکی بازرگانی قەرەباڵغ و ناوەندی کڕین و فرۆشتن شیاوو لەبارە. بەتایبەت ئەگەر بتوانیت کەسانێك پەیدا بکەی کە لەسەر کورسیەکان (نیمکەتەکان) دانیشتون و کاتی زیاتریان بۆ هەڤپەیڤین و قسەکردن هەیە.

## داوای هاوکاری لە پەیڤدەرانی خۆت بکە..

ئەگەر مەبەستتە چەند هەڤپەیڤینێکی بەدوای یەکتر ئەنجام بدەی، یاخود بە رادەیەکی بەربلاو لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەی هەر لەو کەسانەی کە ئێستا هەپڤینیان لەگەڵدا دەکەی داوای هاوکاری بکە چونکە لەوانەیە هەر ئەوان بتوانن، کەسێکی ترتان پێ بناسێنن. وەکو رێزگرتن هەقە پێیان بڵێی، دەتەوێت لەسەر بابەتێکی تری هەندێك جیاوازتر لەم وتوێژەکە لەگەڵ کەسانی

تـریش هەڤـپەیڤین ئـەنجام بدەی. بەڵام بەکردەوە خۆت بە ناچار بـە ئـەنجامدانی ئـەم ئەرکە مەزانە. ئەگەر پەیڤدەرانی ئێوە لێزان بـن، بێگومـان ئاشـنایەتییان لەگـەڵ سەرچـاوەی تـردا هەیـە، کـە دەتوانیت ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنەکانیان لیٚ وەربگری.

**رێگە سادەو ئاساییەکان..**

خاڵـە بنچـینەییەکانتان لـە بـیر نەچـێت. یـەکێك لـە یەکـەمین هەڤپەیڤیـنەکانی مـن وەکو پەیامنێرێکی سەربەخۆ، وتووێژ لەگەڵ نووسـەرێکی نـاوداردا بـوو. بەرهەمەکانیشـی بـە زنجـیرە لـە تەلەڤـزیۆندا بـڵاو دەبـوەوە، وەك کەسـایەتییەکی ناوچـەیی لێهاتـبوو. من ئەو کاتە نەمدەزانی باشترین شت ئەوەیە لە رێگەی سـکرتێرەکەیەوە پـەیوەندی پێـوە بکـەم،(بـەڵام زۆر دواتـر تێگەیشـتم کـە تـا ئەوکاتـە سکرتێری نەبوو) نەمدەزانی چۆن ئەو کەسە بدۆزمەوە. ئەگەرچی ئەوەم دەزانی لەچ شوێنێکدا دەژی.
کەچـی تـازە دەستم دابوە هەڤپەیڤین کردن، کوتانی درگای ماڵان بـۆ دۆزیـنەوەی وی سـەرەڕای ئـەوەی دەمەویست راپۆرتە وتارێك بنووسـم نەك هەواڵێکی بە پەلە، بۆیە ئەمە کارێکی شیاوو گونجاو نـەبوو. بـەم پێیـە بـڕیارم دا بـە سـاکارترین رێگادا بەرەوپێشەوە بـڕۆم، سـاکارترین رێگـاش سـوود وەرگـرتن لـە دەفتەری رێنمایی تەلـەفۆن بـوو. (کەچـی دڵنیا بووم لەوانەیە لەسەر داواکاری خۆی ژمـارەی تەلەفۆنەکـەیان، بـۆ پاراسـتنی سـنووری تایبەتی ژیانی، لـەو دەفـتەرەدا کوژاندۆتـەوە) سەرەڕای ئەمەش بڕیارم دا لە نێو ئـەو دەفتەرەدا بە دوای ژمارە تەلەفۆنەکەیدا بگەڕێم. ژمارەکەییم دیـتەوە، پـەیوەندیم پێـوە کـرد. وەڵامـی تەلەفۆنەکەمی دایەوەو لەسـەر هەڤپەیڤیـنێك رێـك کـەوتین هـەروا بـەو سـاکارییە. کەچـی

ئێستا بۆ پەیوەندی کردن بە کەسێکی وەك ئەو بەگشتی دەتوانم بڵێم سوود لە رێگا رەسمییەکانی تر وەردەگرم، بەڵام گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری رێنمایی تەلەفۆن، بۆ دۆزینەوەی ژمارەی تەلەفۆنی ئەو کەسانەی کە مەبەستمانن قسەیان لەگەڵدا بکەین، ئەم رێگایە لە سوود بەدەر نییە.

## پەیوەندی بە نووسراو (نامە) یان بەهۆی تەلەفۆنەوە..

کاتێك کە زانیتان چۆن پەیوەندی بە پەیڤدەرەکەتانەوە دەکەیت، دەتوانی کات و چۆنییەتی هەڤپەیڤینەکە دابنێی. بەم شێوەیە دۆزینەوەی بڵاوکراوەیەك بۆ چاپکردنی بەرهەمەکەتان گرنگی ئەم قۆناخەیە. ئەوەی کە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ پەیڤدەرەکەتان دەکەن یان نامەیەکی بۆ دەنووسن پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە، ئەو هەواڵنێرانەی کە کاتیان کەمە زیاتر سوود لە تەلەفۆن وەردەگرن. ئەگەر دەتەوێ بەسەرهاتی ژیانی کەسێك بنووسیت و هەست دەکەیت کە لەوانەیە سەرچاوەیەکی تایبەتی زۆر بە کەڵکتان بێت، بەڵام وابیر دەکەیەوە لەوکاتەدا پێویستت بە کاتێکی زۆرتر هەیە، لەوانەیە باشتر وابێت لە قۆناغی یەکەمدا، پێویستیەکانی خۆتانی بۆ بنوسیت.

ئەگەر بە هۆی کارامەیی کەسێك لە کارەکەیدا، دەتانەوێ لەگەڵیدا هەڤپەیڤین بکەن، تەلەفۆن بۆ شوێنی کارەکەی بکە، چونکە تەلەفۆن کردن بۆ خەڵك (بۆ ماڵەوەیان) لە وانەیە ئەوەندە جوان نەبێت کە وەکو پێویست وەڵامتان بداتەوە. ئەگەر بە هەندێك هۆی دیکەوە تەلەفۆن بۆ خەڵك دەکەی، لە وانەیە لەبەر ئەوەی شاهێدی رووداوێك بووبن ئەوکاتە دەتوانی تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان

بکـەی، بـەڵام دەبێـت مەبەستەکەی خۆیتی بە کورتی و بە جوانی پێ ڕابگەیەنی.
هەمیشـە کـاتێ پـەیوەندی بە پەیڤدەرەوە دەکەن، بابەتەکەی بۆ ڕوون بکەنـەوەو پرسـیاری ئـەوەی لـێ بکـە ئایـا لێهـاتوویی و پسپۆری و تا چ ڕادەیەکەو چۆن دەتوانێ یارمەتیتان بدات؟.
ئەگـەر ئـەو خەڵکانـە ئـەزموونێکیان لەسـەر هەڤـپەیڤین کـردن هـەبێت، لەوانەیـە زۆر بـە سـانایی پێشنیازی هەڤپەیڤینێك پەسند بکەن.
هـەندێ کـەس لەوانەیـە لـەکاتی پێشـنیازی هەڤـپەیڤین کـردن، تووڕەبـن و بشـێوێن. بۆیـە سـوود لـەو هەلە وەربگرەو بۆیان شی بکـەوە چـیتان دەوێـت و هـەلی قسـەکردنیان پـێ بـدەن. هەرگیز هەوڵ مەدە سوود لەناوی بڵاوکراوەکەی خۆت بۆ کارتێکردنە سەر خـەڵك وەربگـری، یـان خۆتـان بـە گەورەو گرنگ نیشان بدەن. لە وانەیـە جێگای سەر سوڕمانتان بێت ئەگەر بزانن کە چ ژمارەیەکی خـەڵکی وادەزانـن دنیـای ڕۆژنامـەڤانی شـتێکی زۆر تایـبەتەو نووسـەران و هەواڵـنێران کەسـانی یـەکجار زیـرەك و هۆشمـەندن.
ئـەرکی ئێـوە بـۆ هـاندانی پـەیڤدەران وشـەی (بـەڵێ)یـە نـە وەك ئـەوەی کـارێکی وا بکـەیت وا هەسـت بکـەن بونەوەرێکی بچوکترو خـراپتر لـە ئێـوەن. زۆرتـرین ژمـارەی خـەڵکی وا بـیر دەکەنـەوە ئەگـەر کەسـێك داوای هەڤپەیڤـینیان پێشـکەش بکـات، پیـاوەتی لەگەڵیاندا کردووە.
بەم هۆیەوە لەوانەیە بە حەزەوە هاوکاریتان لەگەڵدا بکەن.لە هەر دە کـەس کـە داوای هەڤپەیڤـینیان لـێ بکـەی نـۆ کـەس وەڵامـی بەڵێـتان دەدەنـێ .(هـەندێ کەس بە شێوەیەك بەڵێتان پێ دەڵێن وەك ئەوەی پێشنیاری پێدانی بڕێکی زۆری پارەت بەوان کردبێ).

## کات و شوێن.

ئەگەر ئەرێیان گوت ئێوەش دەتانەوێ هەڤپەیڤینێك راستەوخۆ ئەنجام بدەن ،دەبێ کات ، رۆژ ،شوێنی ئەنجامدانی دیاری بکەن . بە گشتی دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا وتووێژ بکەن ، بەلاّم بە کردەوە زۆرتر بچنە شوێنی کارکردنیان یان لە ماڵەوە بە سەریان بکەنەوە .ئەگەر بە هۆی پسپۆرییەوە دەیان دوێنن، شوێنی کارەکەیان گونجاوترە بەتایبەتی بەو شێوە دڵخوازەی کە بۆ ئێوە سەرنج راکێشە دەبینیت .ئەم کارە هەلی ئەوە بە ئەوانیش دەدات ،کە ئەگەر پێویست بوو کارامەیی و داهێنانەکانی خۆیشیان بە ئێوە نیشان بدەن. ئەگەر بۆ وردەکاری زیاتر بۆنموونەلەگەڵ کۆنە سەربازێك سەبارەت بە ئەزموونەکانی لە رۆژگاری شەڕدا هەڤپەیڤین دەکەیت ،باشتر وایە لە ماڵەوە سەردانی بکەی کە بۆ ئەو هەم ئاسانترە و هەم خۆشترە. ئەوەتان لە بیر بێت کە ئەوە تۆ- پەیامنێریت-کە دەبێت خۆت لەگەڵ پەیڤدەرەکاندا رێك بخەی . بۆنموونە ئەگەر تەنیا لە دوایین کاتژمێرەکانی شەوێدا دەتوانن لەگەڵتاندا بپەیڤن ، دەبێت ئەو کاتە بچن کە ئەوان دیاری دەکەن. بەلاّم لەوان بپرسە ، لە چ کاتێکدا و لە کوێ حەز دەکەن و ئەگەر گومانیان نییە ، پێشتیاریان پێ بکە دەتوانم لە شوێنی کار. لە کارگەکەتان بە خزمەتتان بگەم ؟.

زۆربەی ئەوانەی دەیاندوێنن ، دەیانەوێ بزانن کەی وچۆن گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرێ. ئایا چەندیان ماوە هەیە. پرسیاری ئەوەیان لێ بکە چ کاتێکیان بۆ هەڤپەیڤین لا پەسندە و چ کاتێکیان پێ باشە.زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی حەز دەکەن خۆیان لەگەڵ ئێوەدا رێك بخەن. لەوانەیە کەسێك گیروگرفتی زۆر

بێ و تا ماوەیەکیش نەتوانێ وتووێژتان لەگەڵدا بکات. ئەگەر دەرفەتی واتان لەبەردەست دانییە ،بڵێن وداوای لێبکەن کاتێکی نزیکترتان بۆ دابنێ. ئەگەریش ناکرێ دەبێت دەگەڵ بڵاوکراوەکەدا قسان بکەن ،یان بچن بەدوای پەیڤدەرێکی دیکەدا بگەڕێن. کە دەرفەتیشیان بۆ هاتە پێش و لەسەر کات و شوێن و رۆژی وتوووێژەکە رێك کەوتن لای خۆتان بینووسن و جارێکی دیکە لەتەك قسەکانیدا ،بەر لە پچڕانی پێوەندییە تەلەفۆنییەکە لەتەك پەیڤدەرەکەتان بەراوردی بکەوە لێی دڵنیا ببەوە کە هەردووکتان شوێنو کات و رۆژێکی وەك یەکتان یادداشت کردووە.

## ئەگەر دڵنیا نەبوون.

بەگشتی زۆرینەی خەڵك رازی دەبن هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکرێ، بەلام لەهەندێباردا گومان دەکەن. شەرم ،نەبوونی تەناهی، یاخود ئەزمونی خەراپ لەسەر هەڤپەیڤینەکانی رابردوو، دەتوانن هۆی ئەم گومانە بن. بۆ زۆربەی خەڵکی رەتکردنەوەی راستەوخۆی داواکاری هەڤپەیڤین کردن لەسەر تەلەفۆن زۆر گرانە. لەم بارو دۆخەدا کەش و هەوایەکی شیاوتان دەبێت ،بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی بەهۆی بێنرخ بوونی خۆیان گومانیان هەیە (کاتێك کە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کە تا ئێستا هیچ کەس قسەی لەگەڵیاندا نەکردووە بەرەو روو دەبیەوە ،ئەم جۆرە بابەتانەتان دێنە پێش)،پێویستە بەوان بڵێی کە ئەوان دەتوانن هاوکاریەکی بەنرخت بۆ نووسینی ئەم بابەتە بکەن ،تاکو هەست بەنرخ و بوونی خۆیان بکەن

**ئەوانەی دەڵێن: نا**

ئەوانـەی بیٚشـیکردنەوە یەکسـەر بـڵێن نـا، زۆر کـەمن و بەگشتی کەسـانێکن یـان ئـەزموونێکی تاڵیـان لەهەڤپەیڤیـندا هەیە ،یاخود گیروگرفتی دیکەیان هەیە یان ئەوەی کە کەم و کوڕیەکی گرنگ لە کەسـایەتیاندا هەیە .هەوڵ مەدە ئەو کاتەی وەڵامی داواکاریەکەت بـەڵیٚ نـابێت وا بیرکەیـەوە ئـەو وەڵامە ئەنجامی سستی و کزیتان لەکارەکەتاندایە. هەر بەم هۆیەوە مەهێڵە ئەم بیرکردنەوەیە ببێتە هـۆی ئـەوەی خۆتـان لـە هەموونەو چێژو خۆشی و سوودانەی کە لەوانەیـە لـەو وتوویـژە سـەر سـوڕ هێـنەرانەی کـە لـەداهاتوودا ئەنجامیان دەدەی ،بێبەش بکەن.

ئەگـەر کەسـێك تـەنیا بـە واژەی ((نـا)) وەڵامـی دایـتەوە،کارێکی واتـان لەدەسـت نایە، بۆیە بەدوای هەڤپەیڤین و دواندنی کەسێکی تـردا بگـەڕیٚ، یاهەر لەو کەسە داوا بکە کەسێکی شیاوی دیکەتان پیٚبناسێنیٚ.

هەندیٚکـەس لەوانەیـە مۆڵـەتی ئـەوەتان لیٚبخـوازن تـا کـەمیٚ بیربکاتـەوە، کە دەبیٚقبولٚ بکەی چونکە ئەم داواکاریە زۆر بەجیٚ و ڕەوایە.

لـەم قۆناغـەدا ڕێککـەوتن لەسـەر کـاتێکی گونجـاو بـۆ دووبـارە تەلـەفۆن کـردنەوەی ئێـوە گـرنگە .بـەم جـۆرە دەتوانـن بگەنـە مەبەسـت. کـە ئەویش ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێکە بە بیٚ ئەوەی لە رواڵـەتدا شـتێکتان بـە سـەر کەسـێکتاندا سـەپاندبیٚ ،قسەیەك لە دەمـی بسـتێنن کـە دیارو ڕۆشەن بێت یا بەجۆریٚ: وابکە جارێکی دیکە تۆ تەلەفۆن بۆ ئەو بکەیتەوە.

بـۆ وێـنە بـڵێن (لەوانەیـە لـەم چـەند ڕۆژەی داهاتوودا ئێوە بۆتان نەکـریٚ بـەم ژمارەیە تەلەفۆنە بمدۆزنەوە، ئەگەر ئیزنم بدەیدوای

ئەوەی بەتەواوی بیرتان لەو پێشنیازەی من کردەوەو بڕیارێکتاندا دووبـارە مـن تەلەفۆنتان بۆ دەکەم)، ئەوەتان لەبەر چاو بێت کە ئەگـەر بـڕیار بێـت، کەسە پەیڤدەرەکە پەیوەندیتان پێوە بکات و تەلەفۆنـتان بـۆ بکـات و بڕیار دانەکە بۆ ئەوبەجێ بهێڵێ" لەوانەیە ئەو هەرگیز تەلەفۆنت بۆ نەکا.

**سێ خاڵ:**

لـە تەلـەفۆندا کو ئەگەر پەیڤدەرەکە پێشنیازی هەڤپەیڤینەکەشت قـبوول نـەکات دەبێـت لـە قسـەکردن لەگەڵیدا بە ئەدەب، لێزان و مکوڕبێت.

**نامەکان**

نووسـینی نامـە ڕێگایـەکی ژیـرانەو باشـە بـۆ دیاریکـردنی کـاتی هەڤـپەیڤین کـردن. زۆربـەی نووسـەرانیش پەیـڕەوی ئـەم شێوازە دەکـەن. بـەهۆی نووسـینی نامـە بـۆ پـەیڤدەری چاوەڕوانکراوی خۆتـان، هـەلێکی زیارتـرتان بـۆ بیرکـردنەوە لەسـەر دەرئەنجام و ئاکامەکانی هەڤپەیڤینەکە پێداوە.

تاکـە خاڵی خراپ و لاوازی ناردنی نامەیش تەنیا ئەوەیە کە دەبێ ماوەیـەکی زۆر چـاوەڕوانی وەڵامـەکان بیـت (کـە رەنگـە هـەر وەڵامیـش نەدرێـتەوە) جـاری واش هەیـە، ئـەوەی لـە قسـەکردنی راسـتەوخۆدا ناگوتـرێ لــە نامەیـەکدا زۆر ئاسـان و سـاکارتر دەگوترێ.

بـۆ وێـنە ئەگـەر بـزانی ئـەم وەڵامـەی تـەنیا بـۆ خۆ دەربازکردنە، دەتوانـی بـە لێهـاتوویی خۆتـان وابکـەن ئـەم ڕایـەی بگـۆڕی. لـە نووسینیشـدا وەك تەلـەفۆن کـردن دەبـێ وریـا بـن، بـۆ کاریگەری زیاتریش پێویستە بە ژیری و لێهاتووییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا

بکـەن. نامـە دەبێـت بەشـێوەی ئیداری و تایپ (چاپ) کراو بێت. نووسـینی مێـژووی نامەکـەو، ژمـارەی تەلـەفۆنی خۆت و ژمارەی پۆسـتەو.. خۆتـان بـیر نەچـێت، بـەکار هێـنانی جـۆری کاغـەز و کاغـەزی تایـبەتیش کاریگـەری خـۆی هەیـە، بەڵام ئەگەر ئەمەیان نەشبێ زۆر خەفەتی پێ مەخۆن. نامەکەتان دەبێـت چڕوپڕ بێت و مەبەسـتی ئێـوە بە ئاسانی بگەیەنێ بە خوێنەرەکە، بۆی بنووسە تـۆ کێـی سـەبارەت بـە چ شـتێك و بـۆ کامـە بڵاوکـراوە شـت دەنووسـی، ئەگـەر بـە پێویسـتت زانـی نـاوی ئـەو کەسەشـیان بۆ بنووسـە کـە ئـەو پـەیڤدەرەی پـێ ناسـاندوی. دواتـر وەرە سـەر بابەتە سەرەکیەکە و داوای لێ بکە کە لە شوێنێکی شیاو کە خۆی حەزی لێدەکات و لە کاتێکی گونجاو یەکتر ببینن.

## وەڵام

ئەگـەر دوای ماوەیـەکی گونجـاو (بـەپێی بۆچـونی دیـاری ئێـوە) وەڵامـی نامەکە نەگەیشت دوو ڕێگاتان لەبەر دەمدایە، یان واز لەو هـەواڵ یـان هەڤپەیڤیـنە لەگـەڵ ئەوکەسە بهێنە (کەچی لەوانەشە نەگەیشـتنی وەڵام بـەهۆی گیروگرفـتی نـاردنی نامەکـەوە بێـت) یاخود هەوڵ بدە ئەمجارە تەلەفۆنێکی بۆ بکە.
ئەگـەر بـڕیارتدا بـەڕێگای تەلەفۆنکـردن یـاخود دووبـارە نامـە نووسینەوەوە پێوەندی پێوە بکەیت، ئەم کارە بە زمانێکی توندو وەك ئـەوان قـەرزارتان بـن دەرمەبـڕە چـونکە هیـچ کەسـێك هەڤپەیڤیـنێك قـەرزاری تـۆ نییـە، یـاخود ناچـار نییـە وەڵامـی نامەکەی تۆ هەرچەند بەئەدەبیشەوە نووسیت بێت بداتەوە.
تـەنیا وەبـیری پـەیڤدەری بەهێـزی خـۆت بخـەرەوە کـە پێشـتر پـەیوەندیت پێـوە کـردووەو داواکاری خۆت بۆ هەڤپەیڤین لەگەڵدا

کردن دووبارە بکەوە، لەم قۆناغەدا ئەو کەسانە لەوانەیە هەست بەوە بکەن کە تاوانێکیان لە بەرامبەرتاندا ئەنجامداوە و حەز دەکەن هاوکاریتان بکەن، ئەگەر دیسان وەلامیشیان نەدایەوە، لەوانەیە باشتر وابێت واز لە خێری ئەو هەڤپەیڤینە بهێنی.

## تێپەڕبوون لە سکرتێر و بەرپرسانی پێشوازی

یەکێك لە هەڤالانم کە دکتۆرە، رۆژێکیان گوتی، بەڕێوەبەری پێشوازی کردن لە نەخۆشخانەکاندا، راهێنراون تاکونەهێلن نەخۆشەکان دەستیان بگا بە دکتۆرەکان ! ئەم قسەیە لەوانەیە تا رادەیەکی زۆر وەك گاڵتەیەك بێت ، بەلام ئێمە زیاتر کارمان کەوتۆتە لای سکرتێر و بەرپرسانی پێشوازی کە هەموویان ئەو تایبەتمەندیەیان تێدابوەو لەوانەیە کاتی دیاریکردنی هەڤپەیڤینێك ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کەسانە ببێتەوە .با ئەمانە نەبنەهۆی گرژی دەمار و تووڕ بوونتان (لەوانەیە ئەمانە تەنیا ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن) بەلام تۆ زیاتر لە سەر داواکەی خۆت مکوڕبە. گرنگی کارەکەتیان بیر بخەرەوە. ئەوەندە تەلەفۆن بکە تا پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە مەبەستتانە گری بدەن. ئەگەر کۆڵ نەدەی، ئەنجامێ بەدەست دێنی.

## ئامۆژگارییە گونجاوەکان

لە دنیایەکی خەیاڵیدا دەتوانین هەرکاتێك بمانەوێ پێوەندی بە پەیڤدەرەکانمانەوە بکەین، دەستبەجێ بە قسەیان بهێنین، بەلام لە دنیای راستەقینەدا هەندێ جار هەندێ کۆسپ و تەگەرە لە ئارادایە، لەوانەیە هەلی دواندنی کەسێکی تایبەت هەرگیز نەڕەخسێت.

بـەردەوامیش نـاتوانن دڵـنیابن لـەوەی کـە ئـەو بلاٚڤۆکـەی بـۆی دەنووســیت بژاردنــی کــرێی هــات وچــوون و مانــەوەی ئێــوە وەئەستۆی خۆی دەگرێ یان .
بـەم هۆیـەوە لەوانەیـە بـۆ خۆشـتان دەرنـەهێنێ بـۆ هەڤپەیڤینێك سـەفەرێك بکـەی، چـونکە ئەگـەر بلاٚڤۆکەکـە ئامـادە نـەبێت پارە خەرجکـراوەکانت بـۆ بگەڕێنێـتەوە، ناچـاری سـەرەڕای بایـەخ و گرنگی هەڤپەیڤینەکە واز لەو کارە بهێنی.
هـەندێ جـار لەوانەیـە ئـەو کەسـەی دەتـەوێ هەڤپەیڤینی لەگەڵدا بکـەی، چـوبێتە سـەفەر یـاخود نەخۆش بێ و لە جێگادا کەوتبێ.
ئەگەر دەتوانی دان بە خۆتدا بگرەو چاوەڕوانی بکەو بیر بکەرەوە ئایا کارەکەت ئەوە دێنێ چاوەنۆڕ بکەی یان نا؟ بەلاٚم هەندێ جار وا باشـترە کـە بـە دوای کەسـێکی دیکەدا بگەڕێی یان لە بنەڕەتدا بابەتی نووسینەکەتان بگۆڕی.
سـەرەڕای ئەمـەش ئەگـەر هەسـت دەکـەی کە ناتوانی بابەتەکەی خۆتـان بـەبێ هاوکـار کەسـێکی تایبـەتی تـەواو بکـەیت، لەوانەیە چـاوەڕوانی بـۆ ئـەنجامی ئـەم کارە تەنیا رێگە چارەیەکی گونجاو بێـت. جگـە لـە کاتی مردنی لە ناکاو، لە ئەنجامدا دەتوانی کەسی مەبەستتان بۆزییەوە.
رێگـای تـری پـەیوەندی کـردن لەگـەڵ کەسێکدا لە جیاتی دیداری رووبـەڕوو پـەیوەندی تەلـەفۆنی یـان نامەیـە. ئەگـەر دانیشـتووی شــاری لــەندەن بێــت و نیــازت وابێــت دەگــەڵ پســپۆرێك کــە دانیشـتووی پـاریس بێت پێوەندی بکەی، دەتوانی بە نامە یان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا بکەی.
بـۆ زانیـاری زیاتـر سـەبارەت بـە هەڤـپەیڤین بـە نووسین، فەسڵی دووەم بەناونیشــانی جۆرەکــانی هەڤــپەیڤین و ســەبارەت بــە

هەڤپەیڤینی تەلـەفۆنی فەسـڵی هەشـتەم ئـەنجامی هەڤـپەیڤین بەوردی بخوێنەوە.

# فەسڵی شەشەم
## بەرهەڤی بەر لە هەڤپەیڤین

## خۆ ئامادەکردنی بەر لە هەڤپەیڤین

لـە بەشـەکانی شەشـەم و حەوتـەمدا باسمان لەو ڕێگایانە کردووە کـە دەتوانـی لـەبارەی پراتیك و فکرییەوە بەباشترین شێوە خۆت بـۆ بەرلـە هەڤپەیڤیـنێك ئامـادە بکـەی. هیـچ هەڤپەیڤیـنێك بـەو شـێوەیەی پێشـبینیتان کـردووە لـەبارەی نـاوەرۆك و کاتەکـەوە جێبەجێ نابێت.

بـەڵام بەهۆی بەکار هێنان و راهاتن لەسەر ئەو بەرنامەگەلەی لەم بەشـــەدا ئاماژەمـــان پێـــداوە دەتوانـــن بـــە ســـەربەرزی و ســـەرکەوتووییەوە ئەرکەکانـتان بـە ئـەنجام بگەیـەنن. هـەروەها دەرەقەتی بە ئەنجام گەیاندنی بەرلە هەڤپەیڤینەکان بێن.

کـە بڵاوکراوەیەکتان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەت دۆزیەوەو شوێن و کـاتی بەرلـە هەڤپەیڤیـنەکەی خـۆت دەسـت نیشان کرد، مانای وایـە بەشێکی گەورەی کارەکەت جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەوەش لـەبیر نەکـەیت کـە زۆرکـاری تـرتان مـاوە کـە دەبـێ جێبـەجێیان بکەی.

## لێکۆڵینەوەو توێژینەوە .

تـۆ هەمیشـە بەرلـە هەڤپەیڤین پێویستت بە تەحقیق هەیە، مەگەر شـارەزایی و زانیـاری تـەواوت لەمـەڕ بابەتەکـە هـەبێ. سـەبارەت بـەوەی کـە بۆچی بەرلە هەڤپەیڤین، دەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتـە بکـەیت کە هەڤپەیڤینی لەبارەوە دەکەن، پێویستە ئاماژە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین.

- هەڤپەیڤیـنەکان لە کاتێکی دیاریکراودا پێك دێن ، بۆیە باشتر وایـە لەوکاتـە دیاریکـراوە، بـۆ هەڤپەیڤین لەسەر کێشە گرنگەکان

سـوود وەربگـیریٚ، بەتایـبەت ئـەو شـتانەی گـرنگی زیاتـریان بـۆ نووسـینەوەکەتان هەیـە. نـەوەك ئەوەی کە کاتەکەتان بەو قسەو باسە ساکارانەی کە بەکەڵکی هیچ نایێن لەدەست بدەن.

تـەحقیقی چـاك پرسـیاری ژیـرانە و بەکەڵکی لیٚ دەکەوێتەوە وەك پەیامنێرێك هەردەم دەبێت هۆگری خۆت بۆ ئەو بابەتە دەربڕی و بابەتەکـە بەوپـەڕی عەشـقەوە درێـژە پێـبدەی (تـاکو ئەگـەر هەڤپەیڤیـنەکان لەگـەڵ بەڕێوەبـەری کارگێـڕی کارگەریـەکی ئاوەڕۆکـان بێـت و پرسیارەکانیشـیان لەسـەر داهـاتووی ئـەم پیشەسـازیەوە بێـت)، بۆیـە دەبێت ئەوە بخەیەڕوو کە لەسەر ئەو بابەتـە زانیاریتان هەیە، تاکو پەیڤدەرەکە هەست بە هۆگری ئێوە بەو بابەتەوە بکات.

- هەرچـی زانیاریـتان زۆرتـر بێـت، لێهاتووتـر دێـنە بەرچـاو، ئەوکاتــە هــەلی وەرگرتــنەوەی وەڵامــی بەکــەڵك و باشتریشــتان زیاترە.
- ئەگـەر کاری لێکۆڵینەوەتان کردبیٚ، دەزانن کاتیٚ قسە لەسەر بـارودۆخێك کـە لەوانەیە لەکاتی هەڤپەیڤینەکەتاندا بێتە پێشەوە، ئێـوە دەخاتــە بــارودۆخێکی لەبارتــر بــۆ باشــتر ئــەنجامدانی کارەکـەتان سەرەڕای ئەمە، کاتێك خۆتان بۆ هەڤپەیڤینێك بەرهەڤ کردبیٚ هەڤپەیڤینەکە زۆر شیرینتر دەبێت.
- بـەدرێژایی کـاری لێتۆژینەوەشـتان لەوانەیـە بابـەتی تریشتان بەردەسـت بکـەویٚ و بـتانەویٚ لەسەریشـی بنووسـن. بـۆ ڕۆژنامـە نووسـە سـەربەخۆکان بـە ئـەنجام گـەیاندنی کـارێك هەمیشـە پێوەنـدی بـە کـەمترین ڕادەی سـوود وەرگـرتن لـە بیرۆکەیـەك بۆ وتارێکەوە هەیە.

رۆژنامــە نووســێکی ئــازاد و ســەرکەوتوو کەســێکە کــە توانــای فرۆشـتنی بـیرو هـزرەکانی خـۆی بە زۆربەی رۆژنامەو بلاْڤۆکەکان هەیـە. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، پێویستە لە گۆشەنیگاو روانگـەی جیاجیـاوە بـڕوانییە هـەر بابـەتێك بـۆ نموونـە لەوانەیـە هەسـت بکـەیت کەسـێکی ناسراو کە دەتەوێ هەڤپەیڤینی لەگەڵدا بکـەیت، لە تەمەنی خانەنشینیدایە (هەلی دەست خستنی بابەتێك بـۆ گۆڤـاری خانەنشـینان)،حـەزی لـە راگرتنی گیانداره لە ماڵەوە (بابـەتێك بـۆ بلاْوکـراوەکانی گیـانداران)،سێ مانگ لە ساڵدا لەنێو بەلـەمێکدا بەسـەر دەبـات، (بلاْڤۆکـی کەشـتیوانی یـاخود رێگـا ئاویـەکان) هەرچـەندەزیاتر لێکۆڵیـنەوە ئـەنجام بـدەی، لەوانەیـە بابەتەکەتان باشتر دەربچێت.

## لەکوێ لێکۆڵینەوە بکەین ..

باشـترین شـوێن بـۆ هـەر نووسـەر و توێژەرێـك بەشی سەرچاوەی کتێـبخانەکانە. هـەر نووسـەر و وتوێژەرێکـی جدی دەبێ ئاشنای ئــەم بەشــە بێــت، لــەکاتێك دا لەوانەیــە ئــەو کتێـبخانەیەی تــۆ مەبەسـتتە، ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەتەوێ تیایدا نەبێت، بەلاْم لە زۆربــەی بــاردا دەتوانــێ لــە چــۆنییەتی بــە ئــەنجام گــەیاندنی لێکۆڵیـنەوەکەتاندا ڕێنوێنیـتان بکـات. ئەگـەر دڵـنیا بیـت، داوا لە بەرپرسـی پاراستنی کتێبەکان بکە، بۆتان روون بکاتەوە کە چۆن سـوود لـە تواناکـانی کتێـبخانە بـۆ لێکۆڵیـنەوەو دەسـت خسـتنی نوێتریـن دەسـتکەوتەکانی زانیـاری سـوود وەربگـرن. تـا بۆتـان دەکـرێ سـوود لـە کتێـبخانە وەربگـرن چونکە دۆستی نووسەرەو ئەگەر ئەو زانیاریانەی کە مەبەستتانە کەمترە وە دەست دەکەون

یاخود لەوانەیە پێویست بەسەردانی کتێبخانەی تایبەتی یاخود کتێبخانەیەك کە سەرچاوەی گرنگی تیایە بکات.

**ئارشیڤی بڵاوکراوەکان .**

زۆربەی نووسینگە و ڕۆژنامە ناوچەییەکان کورتەی بابەتەکانی خۆیان هەڵدەگرن. بۆ نموونە ئەگەر واپێویست بکا پەیگیری داخرانی کارگەیەك بکەی، بەرلە دواندنی کرێکارێکی بێکار، وا باشە لەو دەفتەرانەوە کە ئەم بابەتانەیان تیادا هەڵگیراوە دەست پێبکەن. گشت ڕۆژنامەکان بە وەرگرتنی پارەیەکی زۆر کەم (لە هەندێ شوێنیشدا بەخۆڕایی) ئەم هەل و دەرفەتە بە داواکارەکان دەدەن. سەرەڕای ئەمەش بۆ ژمارەی رابردووی هەر بڵاوکراوەیەکیش دەتوانی لە ئەرشیفی ئەو بڵاوکراوەیەدا بخوێنیتەوە.

**لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیەکان.**

ئەگەر ئەو کەسانەی دەتانەوێ لەبارەیانەوە بنووسن ناسراو بن بێگومان بەجۆرێك بابەتیان لەبارەوە نووسراوە. بە کەڵکترین سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئێوە کتێبی بەسەرهاتەکانیان (نووسراوی خۆیان یا خەڵکێکی دیکە)یە کە ئێوە لەگەڵ کەسانێکی تردا ئاشنا دەکات کە لەوانەیە بتانەوێ هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکەن. سەرچاوەی بەکەڵك بۆ دۆزینەوەی وردەکاریە پێویستەکان سەبارەت بەژیانی خەڵکی ناسراو و لێوە شاوەو دەوڵەمەندان، دەتوانی لە بەشی سەرچاوەکان لە کتێبخانەکاندا پێوییست بدۆزیەوە.

کۆنترین کتێبی سەرچاوە کتێبی (WHO IS WHO)یە، زۆر کتێبی تریش هەن کە ژیاننامەو بەسەرهاتی هونەرمەندان،

یاریـــزانان، مـــرۆڤە لێهاتوەکانیـــان لـــە خۆگـــرتووەو بەرپرســـی کتێـبخانەکان دەتوانـن لـەوبارەوە ڕێـنمایی و هاوکـاری باشـتان بکـەن. ئەگـەر کەسـێك کتێـبێکی نووسـیوە لەوانەیـە کورتەیـەکی ژیان و بەسەرهاتی نووسەرەکە لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەکەوە لەسـەر بـەرگی دووەمـی کتێـبەکە یاخود لە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێـبەکە چـاپ کـرابێ، ئائەمـە خـاڵێکی گـرنگە بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەسەر کەسێك.

ئێـوە دەبێـت لـە بەرهـەمی هونەرمـەندان ، ئەکتەر و نووسەران و ژیـان و بەسـەرهاتیان بکۆڵـنەوە، تـا ئەو جێگایەی کە لە تواناتان دایـە ئـەم کـارە بـە دروسـتی و بـە جوانـی ئەنجام بدەن، بەدوای پێشـــانگای بەرهەمـــەکانیان و لێکۆڵیـــنەوە و رخـــنەگرتن لـەکارەکانیان بکـەون، یـاخود فیـلمەکانیان ببیـنن و کتێبەکانیان بخوێنـــنەوە. هـــەندێ جـــار کاربەدەســـتان و بڵاوکـــەرەوەکان و ئەوانـەی پـڕۆپاگەندە دەکـەن دەتوانن زانیاری بە کەڵکتان بخەنە بەردەسـت، ئیـتر ئـەم زانیاریانـە چ سـەبارەت بە هونەرمەندان بن یاخود نووسەران.

بـەڵام دەبێـت ئـەوەتان لـە بـیر بێـت کـە هـەموو قسـەکانیان وەرمەگـرەو بـە باش مەزانە، بۆ ئەوەی زیاتر لەکاکڵی قسەکانیان بگـەی سـەرلە ئارشـیڤی بڵاوکـراوەکانیان بـدە. دووبارە نووسراوو گۆڤـار و بڵاوکـراوەکانیان بخوێـنەوە، چـونکە ئەگـەر بـتوانی بابـەتێکی چـاپکراو لەسـەر پەیڤدەرەکـەی خۆتـان بدۆزنـەوە سـوودێکی بـاش لـەو زانیاریانـەوە وەردەگری کـە تێیـدا هاتووە، بۆیـە نـابێ بـە دووبـارە کـردنەوەی پرسـیارەکانی پێشـو، کـاتی هەڤپەیڤینی خۆت لەگەڵ ئەو پەیڤدەرە بەفیڕۆ بدەی.

## زانیاری دەربارەی بابەتەکان .

بابـەتێك بێـنە ئاراوە کە تا ئێستا شتێکی دەربارەی نەنووسرابێ. کـتێب لەسـەر هـەموو شـتێك نووسـراوە و نـزیکترین ڕێگـا بـۆ دۆزیـنەوەیان گەڕانـەوەی کتێـبخانەکانە. زۆربـەی بەرپرسـانی پەیوەندییـە گشـتیەکان دەتوانـن نوێترین زانیاریـتان لەسـەر ڕێکخـراوەکەی خۆیـان یـاخود لەسـەر ئـەو کەسـەی کـە ئـەوان نوێـنەرایەتی دەکـەن، پـێ بـدەن و بەگشـتی حـەز دەکـەن ئـەم زانیاریانـەیان بـەرێگای پۆستەوە بۆتان بنێرن. لەلایەکی دیکەوە دەتوانیـت لەگـەڵ ئەوکەسـەی بەرپرسـی پێوەندییـە گشـتیەکانە بدوێـی و بـەم شـێوەیە بەرلـە هەڤپەیڤیـنە سـەرەکیەکە هەڤپەیڤینێکی لاوەکی لەگەڵدا ئەنجام بدەی.

## ئەگەر هیچ زانیاریەك لە ئارادا نەبێت

هـەندێ جار و بەتایبەتی کـە خەڵکی ئاسایی دەدوێنی، ڕەنگە چ زانیاریـەك لەمـەڕ ئـەو کەسـە نـەبێت، دیارە لەوانەیشـە ئەمە زۆر گرینگ نەبێ و زانینی ئەوەی کە ئەوان لە چ شارێکدا گەورەبوون، لەوانەیـە بـۆ لێکۆڵیـنەوەی تـۆ پێویسـت نـەبێت و کەسـێکیش چاوەڕوانی ئـەوەی نییـە ئەمە بزانێ. بۆ وێنە ئەگەر تاقە کەسێك لـە گوندێکـی لافـاو بـردوا مابێـتەوەو بـتەوێ قسەی لەگەڵدا بکەی دەبـێ تـا ئـەو جێگایـەی پێـتان دەکـرێ زانیـاری تـەواو لەسـەر ڕوودانی ئەو کارەساتە کۆ بکەنەوە.

دوای ئـەوەی بەشـی زۆری زانیاریـتان سـەرەڕای بەرتەنگی کات و سات، وەدەست هێنا، زۆر بە وردی بیانخوێنەوەو تاووتویان بکە. ئەگـەر هەسـتت کـرد هـەندێ لـەو زانیاریانـەی کۆتان کردونەتەوە لەوانەیـە بەتایـبەت بـۆ هەڤپەیڤیـنەکەتان بەکـەڵك بـن، لـەبیریان

مەکە، یاخود لەگەڵ پرسیارەکانی خۆتان ڕێکی بخەن و تێکەڵاوی بکەن.

**تۆمارکردنی سەرچاوەی زانیارییەکان**

لەکاتێکدا خەریکی لێکۆڵینەوەی، ناونیشانەکان، نووسەران و ئاماژەکانی هەر بلاڤۆکێك کە لەگەڵیاندا قسە دەکەی بنووسنەوە، ئەم یادداشتانە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا پێیاندا بچیتەوە لەلای خۆت هەڵگرە.

**دروست کردنی سەرچاوەی تایبەت بەخۆت.**

بەرەبەرە کە دەچیتە دونیای تەحقیق و نووسینەوەو بواری خۆت دەدۆزییەوە، ئیدی زۆربەی نووسەران بۆ خۆیان ئەرشیف و شتی لەو بابەتە دروست دەکەن.

ئەو لەتکە کاغەزە پێویستانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکەینەوە، فۆتۆکۆپی یان کتێب و شتی دیکە بەم جۆرە باشترین سەرچاوە بۆ کاری لێتوژینەوە دادەمەزرێنن.

**پرسیارەکان**

پرسیار بەردی بناغەی هەڤپەیڤینە، لە کردەوەدا نەتەنیا پرسیارەکانی تۆ بەڵکو جووڵەکانی لەش و هەڵسوکەوتیشتان کاریگەریی زۆری بەسەر کارەکەتانەوە دەبێ. لە فەسڵی هەشتەم کە تایبەتە بە ئەنجامدانی هەڤپەیڤین پتر لەسەر ئەو بابەتە دەدوێین، لەم فەسڵەدا باسی ئەوە دەکەین کە چۆن پرسیار بکەین تا باشترین دەرئەنجامیش وەربگرین، پرسیارەکانتان بەندن بەو بابەتەی دەتەوێ بینوسی و بەوگۆشە نیگایەوە کە هەڵت بژاردووە.

**ژمارەی پرسیارەکان**
یاسای نەگۆڕو دیاریکراو بۆ ژمارەی پرسیارەکان لە ئارادانییە، گرینگ ئەوەیە کە پرسیاری وا بکەی بابەتی نووسینەکەت دەوڵەمەند بکات. بۆ هەڤپەیڤینێکی ڕووبەڕووی یەك سەعاتی دەتا پازدە پرسیاری سەرەکی بەسە. دیارە ئەمە حوکمی موتڵەق نییە، چونکە هەمیشە پرسیاری لاوەکی لە پرسیارە سەرەکییەکان دەبنەوە.

**نموونەی پرسیار**
پرسیار – چ شتێك بووە هۆی ئەوەی باوەڕی خۆت لە ساڵی ١٩٧٥ دا بەم جۆرە بە توندی و بە تەواوەتی بگۆڕی..؟
بەرسڤ، چونکە بۆ دیدارێك چوم بۆ بەنگلادێش.
پرسیار– لە بەنگلادێشدا چ شتێکتان دی، کە ڕوانگەی ئێوەی گۆڕی..؟
لە ئان و ساتێکی وەهادا لەوانەیە، پەیامنێر ئاگاداری چۆنایەتی سەردانی ئەو کەسە نەبێ (لەوانەشە ئەمە خاڵێکی لاوازی لێکۆڵینەوەکەی بێ)، بەڵام بێگومان ئەمە سەرەتایەکە بۆ هەندێ پرسیاری دیکە. هەرچەندێکیش ئێوە خۆتان بەرهەڤ کردبێ، کارتێکردنی لەسەر چەندی و چۆنایەتی پرسیارەکانتانەوە دەبێت.
بۆ ئەوەی ئەوپەڕی سوود لەکات وەربگری، بۆ کەسێك کە لەوانەیە بۆ بەرسڤی زۆربەی پرسیارەکانت بەدوو وشە وڵام بداتەوە و وڵامەکەی تەنیا بەڵێ یان نەخێر بێت، باشتر وایە هەندێ پرسیاری پاشکەوتیشتان لەلا هەبێت.

## لێ وردبوونەوە

بەرلە هەموو شتێك و تەنانەت بەرلە ڕێکخستنی پرسیارەکانیش وێنەیەکی ڕوونی ئەو شتەی کە لەو هەڤپەیڤینەدا مەبەستتانە، لە مێشکی خۆتاندا پێك بهێنن.

بۆوێنە دەبێ چەندەکاتتان بۆ وردبوونەوە لەسەر هەرلایەنێك تەرخان بکەن، ئەگەر بابەتی سەرەکی و تازەتان سەبارەت بەکاتی پشوودانی یاریزانێك، یاریزانێکی تۆپی پێ دوابەدوای هەرکێبەرکێیەك بێت، پێویست ناکات کاتی خۆت بۆ پرسیارکردن لەسەر سەردەمی زارۆکی ئەو یاریزانە بەفیڕۆ بدەی، پرسیار لەخۆت بکە، ئەو بلاڤۆکەی کە تۆ مەبەستتانە چاوەڕوانی چی لێتان هەیە و چی لە تۆ دەوێ. کاتێك پێزانینێکی گشتی لەم بارەوە وەدەست دێنی، ئەوکارەی کە مەبەستتانە بەناونیشانی جۆراوجۆر لای خۆت بینوسەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە چۆنییەتی ئیش کردن لە کانەکان، ناونیشانەکانی تۆ دەتوانن بەسەر هەلومەرجی کار، ژیانی کۆمەلایەتی، ژیان لە ماڵەوە و بیروڕای ئەو کەسانەی کە لە کانەکاندا خەریکی کارکردندا دابەش بن.

## خستنەڕووی پرسیارەکان و راستکردنەوەیان

لەهەر بابەت و ناونیشانێکدا هەر پرسیارێکتان بە مێشك دادێ هەرچەند بێ بایەخیش بێت، لای خۆتان بینووسنەوە، ئەم کارە تەنیا بۆ وەگەڕخستنی مێشکتان بەکەڵکە. دواتر هەر کامەی کە دەزانی بەکەڵتان نایە لایدە، بەلام باشتر وایە هەموویان بنووسیەوە، کاتێك پرسیارێکی دیکەتان بەبیرو مێشکدا نایە،

گرنگترینیان واتا ئەوانەی کە پێوەندی و نێزیکی زیاتریان بە بابەت و مەبەستەکەتانەوە هەیە جیایان بکەرەوە.
لەوانەیە هەست بەوە بکەیت کە هەندێ لەو پرسیارانە دەکرێ ئاوێتەی یەکتری بکرێن، پرسیارەکانی خۆت لە ژێر ئەو ناونیشانانەی کە هەڵتان بژاردون ریز بکە.

## رێك و پێك کردنی پرسیارەکان

هەندێ جار هەڤپەیڤینەکەتان بەشێوەی خۆڕسکی رێك و پێك دەردەچێ، بەڵام هەندێ جار ناچاری خۆت رێك و پێکی بکەیت، ئەگەر کەسێك دەدوێنن کە رووداوێك یان بەسەرهاتێکی کۆنتان بۆ باس دەکا گوتن و نووسینی بابەتەکان بەپێی کات و سات و شوێنی روداوەکە دەتوانێ یاریدەدەری ئێوە لە کارەکەتان و پەیڤدەرەکەتان بێت بۆ ئەوەی بابەتەکانتان بیربێنەوەو بەجوانی و بەڕوونی دەریان ببڕێ.
بابەتەکە لە دەستپێکی خۆیەوە دەست پێ بکە و لە نزیك ئەوڕۆی خۆتان کۆتایی پێ بهێنە.
ئەو کاتانەی دەتەوێ هانی کەسێك بدەی تاوەکو رابردووی خۆی بیربکەوێتەوە لەوانەیە لە نزیکترین رۆژگاری رابردوویەوە دەست پێ بکەی و لەوێوە بگەڕێیەوە بۆ رابردووی، بەڵام بەهەر شێوەیێك دەبێت کارەساتەکان وەك زنجیرێك لەبەر چاو بگرن، واتە لەو ئاڵقەوە دەست پێبکەن کە ئاڵقەکانی دیکەی بە دواوەن.
لەم مێژوو و رێکەوتەوە باز نەدەیتە سەر مێژوو رێکەوتێکی دیکە، تەنیا لەو کاتانە نەبێت کە زەینی پەیڤدەرەکەتان کزو تێکەڵ و پێکەڵ بێت و تۆش هیچ چارێکت نەبێت جگە لە هەر شتێك کە لە هەر رێکەوتێکدا دێتەوە بیری بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لەسەر

ئـەم بابەتـە واتـە، ڕێك و پێك كردنی پرسیارەكان بڕوانە، هەندێك ئامـاژە دەربـارەی پرسین و هەروەها فەسڵی هەشتەم ((بەبیّ خۆ ئامادە كردن)).

**ڕێك وپێك كردنی پرسیارەكان.**

جـۆری دانـان و ڕێك وپێك كردنی پرسیارەكان دەتوانیّ كاریگەری گـرنگی بەسـەر ئـەو وەلاّمـەی كە لە پرسیارەكانتدا وەردەگریەوە هەبێت، بڕوانە ئەم پرسیارانەی خوارەوە.

- ئایا گەمەی تینس دەبێتە هۆی حەسانەوەتان؟
- ئایـا دەتوانـن ئـەركی دایكایەتیـتان لەگەلّ ئیش و كاری بەڕێوەبەرایەتیتاندا ڕێك بخەن؟
- ئایا ئاواتەخوازیت لە تیپی نەتەوەییدا یاری بكەی؟
- ئایـا لەسـەردەمی ئێـوەدا بـیروڕای خەڵكی لەسەر ئیش وكار لەگەلّ خەڵكانی ئەمڕۆدا جیاوازی هەبوو؟

گـرفتی ئەم پرسیارانە ئەوەیە كە بەرسڤەكەیان تەنیا یەك وشەیە، هەندیّ جار پەیڤدەرێك لە وەلاّمی ئەم جۆرە پرسیارانەدا لەوانەیە بیەوێت زیانیاری زیاترتان بداتیّ و پتر لە وشەیەك قسە بكات.

پەرسڤی پرسیارەكەی دووەم لەوانەیە ئاوابێت ((نەخێر، هەمیشە واهەسـت دەكـەم كـە مـناڵەكان دەسـت و پێمیـان بەستوەتەوە)) بـەلاّم لەوانەیـە تـەنیا بـەڵیّ یـان (نـا) بڵێن، بەتایبەتی ئەگەر ئەم پرســـیارەتان لەســـەرەتای هەڤپەیڤیـــنەكەوە بێـــت و هێشـــتا پەیڤدەرەكـەتان هەسـت بـە ئارامی نەكات. بۆ ئەوەی هانی خەڵك بـدەی قسـە بكـەن، دەبێت پرسیاری كراوە كە نەكریّ بە تەنیا بە وشـــەیەك وەلاّمـــی بدرێـــتەوە، بكـــەی، بـــۆ نموونـــە وەكـــو ئـــەو

پرسیارانەی کە بە وشەکانی ((لەگەڵ چ کەسێکدا، دەنگ و باس چییە، لە کوێ، چ کاتێك، بۆچی،چۆن چۆنی)) دەست پێدەکەن.
پرسینی ئەو پرسیارەی کە لە چ شتێکی نووسین چێژ وەردەگرن، کەشێکی لە باروکراوەتر بۆ قسەکردن دەکاتەوە، تا وەکو ئەوەی لێی بپرسی (ئایا چێژ لە نووسین وەردەگری؟) دوابەدوای پرسیارەکانی سەرەتا، پرسیاری لاوەکیش بخەرەرو. (لە چ شتێکی ئەو حەز دەکەن). لەوانەیە بە کورتی وەلامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، بۆ نموونە لە بەرسڤی ئەوەی کە بۆچی زۆر دەچنە گەشتوگوزار ، وەلام بدەنەوەو بلێن ((چێژ وەردەگرم)) بەلام لانی کەم شوێنێك بۆ پرسیارێکی دیکەی ئێوە ماوەتەوە وەك ، چێژ لە چ شتێکی گەشتو گوزار وەردەگرن؟.

**هەندێ خاڵ سەبارەت بە پرسیارکردن.**

هەمیشە هەڤپەیڤینەکەتان بە پرسیارێکی ئاسان دەست پێبکەن. دەرفەتی ئەوە بە پەیڤدەرەکەتان بدەن کە لەسەر خۆو هێمن بێت و بەسەر خۆیدا زاڵ بێت.
پرسیارەکانی یەکەم دەتوانرێ گشتی و وەلامەکانیشیان دووروودرێژ بێت، بۆ نموونە ((چۆن هاتویتە ناو ئەم کارە سیاسەت نووسەری هونەرمەندی)) یاخود ئەوەی کە دەتوانیت لەم دەرفەتە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بنچینەیی، کە نەتان توانیوە لە شوێنێکی دیکە وەدەستیان بێنی سوود وەربگری.
بۆ وێنە، لەوانەیە هەندێ زانیاری لەسەر خۆتان بە من بدەی؟ چەندێ لەم ناوچەیە ژیاویت؟((بۆ زانیاری پتر لەسەر شێوەی

دەستپێكی هەڤپەیڤین تكایە فەسڵیٚ هەشتەم(ئەنجامدانی هەڤپەیڤین)بخوێنەوە)).

کە پرسیاری گرینگ هاتە گۆڕیٚ، سەبربکە تا پەیڤدەر بەسەرخۆیدا زاڵ بێت و هەست بە ئارامی و هێمنی بكات. هەوڵ بدە هەڤپەیڤینەکەتان بە پرسیارێکی جوان کە داهاتووی تێدا لەبەرچاوگیرابیٚ کۆتایی پیٚ بهێنە وەکو: پرۆژەی ئێوە بۆ داهاتوو چییە؟ دەبێت هەموو کاتێك پرسیارەکانتان رەوان و پەیوەست بە بابەتەکەوە بن، رستەی درێژو ئاڵۆزو بەگریٚ و گۆڵ لە پرسیاردا بە کار مەهێنە و پرسیار مەخزێنە ناو پرسیارەوە.

ئەو پرسیارانەی وەلاٚمەکانیان دیارو روونە مەخەروو وەك ئەوەی بە راستی جەنابتان پێتان خۆشە سەرکەوتوو بن، وا نییە؟

کاتی پرسیارکردن هەوڵ بدە بە زمانێکی شیاو قسە بکەی،تەمەن و رادەی خوێندەواری و پێشینییە کۆمەلاٚیەتی و ئابوورییەکانی پەیڤدەرەکەتان لە کاتی رێکخستنی پرسیارەکان لەبەرچاو بگرە.

ئەگەر هەڤپەیڤین لەگەڵ زارۆکاندا دەکەی دەبێت بە زمانێك قسەیان لەگەڵدا بکەی کە لێتان حاڵی ببن.

لە هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسانی بەتەمەندا دەبیٚ بە نەزاکەت بی، بەلاٚم بە شێوەیەك هەڵسوکەوت نەکەی کە حەز بکا بەزەییت پێدا دێتەوە. بە هەر شێوەیەك بەردەوام پشودرێژ و سینگتان فراوان بێت.

**خۆ ئامادە کردنەکانی تر .**

بەرلەوەی بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێك بچیت و بەتایبەت رۆژی بەرلە ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکە، کاتێك کە دەبێت دڵنیا بیت هەموو شتێکت بەرهەڤ کردەوە.

پێڕستێك لەو كارانەی كە دەبێت جیٚبەجێیان بكەی یاخود دەبیٚ جێبەجێت كردبن ئامادە بكە، ئەمەی خوارەوە نموونەیەكی ئەم پێڕستەیە:

- كاسێت و پاتری نویٚ بۆ تۆماركردنی كارەكەت ئامادە بكە.
- ئەگەر دەتەویٚ هەڤپەیڤینەكە بنووسیەوە لانی كەم سیٚ قەڵەم لەگەڵ خۆتاندا بەرەو ئەو پرسیارانەی كە نووسیونەتەوە لەبیر نەكەی..
- دڵنیابە كە ئەو كامیرایەی لەگەڵ خۆتاندا دەیبەن، پاتری و فیلمی تێدایە.
- ناوو ئەدرەس و تەلەفۆنی پەیڤدەرەكەتان لەبیر نەچێت.
- خۆ بەرهەڤ كردنی بەرلە هەڤپەیڤینتان لەبیر نەچیٚ زەرەر ناكەیت.

## جلٚ و بەرگی گونجاو

ئەگەر بۆ یەكەم جارە بۆ دیدار لەگەڵ كەسێكدا دەڕۆن، پێویستە كارتێكردنی باش و لێهاتوانەتان لەم هەڤپەیڤینەدا هەبێت. باشتر وایە شێوە و جل و بەرگتان رێك و پێك بیٚ. شتێك بپۆشن كە لەناویدا ئاسوودە بن. بەرلە سەردانی هەر شوێنێكیش بارودۆخەكە لەبەر چاو بگرن و هەڵسەنگێنن، گۆڕەپانی یاریكردن جل و بەرگی تایبەتی خۆی دەویٚ، ئەگەریش رێگاتان دەكەوێتە لای هونەرمەندان و سیاسەتوانان جل و بەرگی رەسمی شیاوترە.

# فەسڵی حەوتەم

## ئامادەیی دەروونی

**بەرهەڤی دەروونی**
هەموو کارەکان وەکو پێویست ڕێک نەخراون. کاتی هەڤپەیڤین کردنت دەستنیشان کردووە، شوێنی بڵاوکردنەوەی هەڤپەیڤینەکەشت مسۆگەر کردووە، هەر چیت پێکراوە کۆت کردۆتەوەو ئامادت کردووە، بۆ بەرگرتن و پێشگیری لە هەر جۆرە هەڵەو پەڵەیەک کە لە وانەیە بێتە سەر ڕێگاتان وریاو بە ئاگان، بەڵام لەوانەیە ئێستا تووشی دڵەخورپێ بوو بیت. بۆ ئەو کەسانەی کە تازە ئەم کارەیان دەستپێکردووە، ئەم پێش هاتە زۆر ئاساییە. هێشتا کەسێکیشم نەبینیوە لە یەکەم هەڤپەیڤینیدا هەست بە نیگەرانی و دڵە خورپێ نەکات. زۆر کەسیشمان دیوە تا چەند جارێکیش ئەو حاڵەتە دەیانگرێ، بەڵام بە هۆی پرۆڤەی بەردەوامەوەیە کە ئیتر رادێن و هیچ ترسێکیان نامێنێ.
زۆربەی هونەرمەندان دەڵێن دڵەخورپێ و ترس، کە لە رۆژەکانی سەرەتای کاریاندا لە سەرسەکۆی نواندن هەبوویانە دواتر هۆیەکی بە هێزو گەورە بووە لە پێشکەوتن و سەرکەوتنیاندا. بۆچی؟ چونکە بەبێ پاڵەپەستۆو دڵەخورپێ، هیچ کاتێک کارەکان بەوپەڕی وردەکاریەوە ئەنجام نادرێن. ترس و نیگەرانی هانت دەدەن مل بە هەموو شتێکەوە بنێیت و خۆت زەحمەت بدەی تا بە باشترین شێوەی گونجاو کار بۆ سەرخستنی هەڤپەیڤینیەکانت بکەی.

**بوونی چاوەڕوانی بە جێگەو ڕاست**

لەسـەرەتاوە ئەگەر بۆتان کرا ئەو کەسانە بدۆینن کە بەنێوبانگ و ناسـراونین و هێـنانی ناویـان و رووبەڕووبوونـەوەیان نابێـتە هـۆی پەیدابوونی ترس لای ئێوە.

هاوڕێیـەك، خـزمێك یـان کەسـێکی ناسیاوی خۆت بۆ ئەم وتووێژە سـەرەتایانە بـدۆزەوە. ئەگـەر ناچـاریت بـۆ یەکـەم هەڤـپەیڤین، لەگـەڵ کەسـێکی ناسـراودا قسـە بکـەی، لانـی کـەم ئەم سوودەی بۆتـان هەیـە کـە یەکـەم ئـەزموون و تاقیکردنەوەی خۆت بکەیت، هەڤپەیڤینەکانی دواتریش ئەوەندە سەخت نابن لەبەردەمتاندا.

پێـت وانـەبێ هـەر لەیەکـەم رۆژەوە بچـیتە ریـزی پەیامـنێرانی ناسراوی سەردەمی خۆتان. هەڤپەیڤین و پەیامنێری هەم هونەرەو هـەم تەکنیکە، بۆیـە بەرلـەوەی وەك هونەرێك ساخ و تەواو بکرێ دەبێـت وردەکاریـەکانی بـەجوانی بناسـی و بـزانی. ئەگـەر بـە تـەواوەتی دڵـنیا نـین هـەوڵ مـەدەن خۆتـان زۆر سـەرقاڵ بکـەن. چـونکە بـەختی بـردنەوەو سـەرکەوتنتان کـەم و لاواز دەبێـت، بـەجوانی و بـە وردی ئیـش کـردن بکـەن بـە ئامـانجی سـەرەکی خۆتان.

**ئێوە بە تەنیا نین.**

ئەگـەر زاتـی ئـەوەت نییـە کـە لـە دەرگـای مـاڵی کەسێك بدەی و داوای هەڤـپەیڤینی لـێ بکـەی، یـاخود دڵـەخورپێی بـەر لـە هەڤپەیڤینـەکە، دەبێـتە هـۆی زانـی خـەو لـە چـاوانتان، نیگـەران مەبـە. هـەر پەیامـنێرێك کـەم و زۆر تووشـی ئـەم بارودۆخـە دەبێـتەوە، لانـی کـەم نیشـانەی بێـتوانایی ئێـوە لـە هەڤـپەیڤین کردندا نییە.

**دەیانەوێ خۆشت بوێن**

نووسـەر، بـۆ خـۆی پـلەییەکی بـەرزی هەیـە. لە روانگەی زۆربەی خەڵکەوە، نووسەران تایبەتمەندییەکی شیرینیان هەیە.

لـە کـاتێکدا لـە راسـتیدا ئـەم جـۆرە بیرکـردنەوەیە راسـت نییە و ئـەوانیش وەك خـەڵکی ئاسـایی دەژین و دڵنیاش بن من مەبەستم ئـەوە نییـە لە بیروبۆچونی خەڵك بە خراپی کەڵك وەربگرن. بەڵکو دەبـێ بیرتـان بـێ لەبـەر ئـەو کـارو پیشـەیەی هەتانـە رێـزێکی تایبەتیـتان لای خـەڵکی هەیـە. بـە واتایـەکی دی کارەکـەتان وای کـردووە بـە باشـی و بـە وردی بـیر لـە ئێـوە بکرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر وتووێژەکەشتان لە بڵاوکراوەیەکی بە پێز یاخود لە کتێـبێکدا بـڵاو ببێـتەوە، هەر پەیڤدەرێکیش حەز دەکات خۆی بە جوانی رێك بخات.

هـەر لەبـەر هـەمان هـۆی سـەرەوەش رەفـتاری خـەڵکی لەگـەڵ پەیامـنێران و نووسـەران بەگشـتی چاکە، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە جوانانـەش بـە پـلەی بـاش بـۆ کارەکـەتان دابـنێن و چـێژی لـێ وەربگرن.

**بەرژەوەندی دوو لایەنە**

زۆربـەی هەڤپەیڤیـنەکان، هـەم بـۆ پـەیڤدەرو هەم بۆ پەیامنێر بە سـوودن. زۆر کەس هەن زۆریش مەمنون دەبن ئەگەر کەسێك حەز بکـات گـوێ لـە قسـەکانیان بگـرێت. زۆربـەی خەڵکی حەز دەکەن دەرفـەتی قسـەکردنیان بـۆ بڕەخسـێ تا باسی خۆیان و بۆچوونی خۆیـان بکـەن. تـەنیا لە هەندێ حاڵەتدا نەبێت کە مەبەستی ئێوە لـە وتووێژەکـە رەخـنە گرتـنێکی تونـد یـاخود پەردەلادان لەسەر کـارە ناشیرین و ناپەسەندەکانی پەیڤدەرەکەیە. لەبیرتان نەچێت

کە پەیڤدەرەکان لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر کە تۆ هەست دەکەیت خۆی بە ئێوە قەرزدار بزانیّ.

**هەمیشە پیشەیی بە**

کە لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکەن هەوڵ بدە بە جوانی بجوڵێیەوە و هەڵسوکەوتتان جوان بێت. بۆ نموونە وەك، نووسەر، لێکۆڵەرەوە بچنە لایان و خۆیان پیّ بناسێنن. تەنانەت ئەگەر بە هۆی حەزو ئارەزووی خۆشتانەوەیە- وەك مێژوونووس یاخود مێژوونووسێکی ناوچەیین و تازە دەستتان بەو کارە واتا هەڤپەیڤین کردووە، کەسێك بدوێنن کە پسپۆر بێت لەسەر رەگەزناسی، چونکە خەریکی ئەنجامدانی کارێکی مەزنن و دەبیّ بارودۆخی دەروونیتان باش بیّ و بە لێهاتووی شارەزا بن. لە بیرتان نەچێت خەریکی ئیش کردنن و ئەرکتان پرسیارکردنەو ئیش و کارو پلەو پایەی پەیڤدەرتان لە پلەی دووەمی گرنگی دابێت. لە بیرتان نەچێت کاتێك سەرقاڵی کارێکن، لە بەرانبەر بلاڤۆك و بەرنامەو پرۆژەی خۆتاندا خاوەن ئەرك و بەرپرسیارین.

**ئێوە لە بارودۆخ و پلەیەکی بەرزدان..**

کاتێك پەیڤدەران گوتیان بەرهەڤین بۆ ئەوەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکەی وەك ئەوە وایە پێشوازی لە بڤەیەکی گەورە دەکەن. ئەوان خۆیان دەخەنە بەردیدی پشکنین و لێوردبوونەوەی هەزاران کەسی وردبین و چاوتیژ. کاری هەواڵنێر زۆر گرنگترو بڤەترە لە کاری پەیڤدەر.

تۆ وەکو پەیامنێر لە جێگەیەکی بە هێزدای، چونکە کەسانی گەورەو پلەداریش لە وانەیە لە بەرانبەر پەیامنێرێکدا، تاکو ئەگەر

پەیامنێرەکە تازە کارو لە کارەکەیدا نەشارەزاش بێت، هەست بە ترس و دڵەخورپێ بکات.

### چێژ لەوە وەربگرە.

هەر چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینێك دەتوانێ ببێ بە ئەزموونێکی شیرین بۆتان و هەلی ئەوەتان بداتێ بە دیداری کەسایەتیە پلە بەرزەکان بگەن. لە کورتترین مەوداشدا دەتوانن بچنە نێو ژیانی خەڵکەوەو زۆر زیاتر لەسەر ژیانیان بزانن، زانیاریشیان بدەنێ. ئەوانەی هەڤپەیڤین ئەنجام دەدەن بارودۆخیان زۆر باشە، چێژ لەو بارودۆخە وەربگرن و سوودیان لێ وەربگرن.

### روانگەی ئێوە

رۆیشتن و سەردانی کەسێك بەمەبەستی هەڤپەیڤین و دواندن بەراستی بوێری دەوێت، لەبەر دڵەخورپێ و نیگەرانی خۆتان لۆمەی خۆتان مەکەن. چونکە گەیشتوونەتە ئەم ئاستەو دەتوانن بە بوێرییەوەدرێژە بە کارەتان بدەن بۆیە لەم بارەوە واتا بوێری درێژەدان بە کارەکەتان و بەردەوامیتان، شیاوی ئەوەیە پیرۆزبایی لە خۆتان بکەن.

### هەوڵەکانی پشتیوانی (پرۆڤە)

پرۆڤە مەرجە، ئەگەر زۆر تازەکارن و نازانن چ بکەن و چاوەڕێی چ بن، خزمێ، دۆستێ کە حەز بکات، بیدوێنن. ئەگەر ناتوانن کەسێك بدۆزنەوە، خۆ لە ماڵەوە ئاوێنەتان هەیە! راهێنان بە خۆتان بکەن واتان لێدەکات بتوانن هەڤپەیڤین بکەن و بۆ هەندێ کار لەو کاتەدا یاریدەدەریشتان دەبێ؟

تـا توانـای پێشـبینیتان چنگ بکەوێ، هەوڵ بدەن جێگەی خۆتان بـە کەسـێکی تـر بسـپێرن و بیدوێنن تا بزانن پەیڤدەر چ هەسێکی هەیە.

# فەسڵی هەشتەم
## ئەنجامدانی هەڤپەیڤین

### هەڤپەیڤینە راستەوخۆکان
هــەموو ئەو خۆ بەرهەڤکردنەکانی پێشووتان بۆجێبەجێکردنی ئەم کـارە بـووە بەمـەرجێك کـە: رۆژ، کاتژمێـر، شـوێن، کـەل وپـەل و کەسـی مەبەسـتتان دەستنیشـان و هەڵـبژرادبێ. کـە واتـە ئێسـتا بەرهــەڤی ئـەنجامدانی هەڤـپەیڤینی. لەبـەر ئـەوەی ئێـوە لەگـەڵ مـرۆڤدا وتوویـژ دەکـەن، دواتـر بەمـە دەزانن کە هەرگیز دوو دانە وتوویـژ لەیـەك ناچـن. ناشـتوانن رەوتــی بــەرەو پێــش چــوونی هەڤپەیڤـینێك بـە تـەواوەتی لەبـەر چـاو بگـرن. هــەروەها ناکـرێ پێشـبینی ئـەوە بکـرێ چ جـۆرە زانیاریەك لەو وتووێژە بەدەست دەهێـنن. بـەم هۆیەوەیـە ئـەوەی ئێسـتا دەمانـەوێ باسـی لێـوە بکـەین، رێـنماییەکە بـۆ ئـەوەی بزانی دەبێ چ چاوڕوانییەکتان لە هەڤپەیڤینی راستەوخۆ هەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەشتان لە بیربێت کە ئەم رێنماییانەی ئێمەش یاسای نەگۆڕو هەتاهەتای نین.

### چوون بۆ شوێنی هەڤپەیڤین.
یاسـای لـەباری هەڤـپەیڤین وایـە کـە هەمیشە تۆزێك زوتر لە کاتی دیاریکـراو بگەنـە شـوێنی دیاریکـراوی هەڤپەیڤـینەکە. ئەگـەر زۆر زوتـر بگەیـتە شـوێنی هەڤپەیڤینەکە، دەتوانی خۆت باشتر ئامادە بکەیت و لە پەشۆکان رزگار ببی، زوتر گەیشتن بەو واتایە نییە کە چـەند کاتژمێـرێك بەرلە ژوان بگەیتە شوێنی دیاریکراو، بەڵام لانی کەم ئەوەندە زوتر بگەی باشە کە جێگەو رێگەی پەیڤدەرەکەتان بـە جوانـی بناسـی. چـەند چرکەیەك بـۆ رێك و پێککردنی خۆتان تـەرخان بکـە، هـەروەها بە پرسیارەکانتدا بچۆوە، هەناسەی قوڵ

هـەڵمژن تـاکو بەسـەر دەمـارە هەستەوەرەکانی خۆتاندا زاڵ بن و بـتوانن هۆشمـەندی خۆتـان کۆبکەنـەوە، تـا بتوانن بەسەرکەش و هـەوای هەپڤەیڤیـنەکە دا زاڵ بـن. دەبێـت شـتێکی وا بکـەیت کـە هەمیشـە لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بیت. هەرگیز وامەکە درەنگتر یـاخود زوتـر لـەکاتی دیاریکراو وە شوێن پەیڤدەرەکەتان بکەون. بـــەڵام ئەگـــەر دەبێـــت بەرلـــە هەڤپەیڤیـــنەکە بەردەســـتی پەیڤدەرەکـەتان ببیـنن، تـەنیا دەبێـت چـەند دەقیقەیـەك بـۆ ئەو کارە تەرخان بکەن.

کـە چاویشتان بە پەیڤدەرەکەتان کەوت بەرووخۆشییەوە تەوقەی لەگـەڵدا بکـەن. یەکـەم دیـدار زۆر گرنگە، باشتریش وایە جارێکی دی خۆتی پیێ بناسێنییەوە.

هـەندێ پـەیڤدەرانیش هەن پێویست ناکات ئەمەیان بیر بخەنەوە، چـونکە پەیڤدەرەکـە خـۆی بـەدرێژایی ئەو هەفتەیە چاوەڕوانتان بـووە. بە تایبەت ئەگەر پەیڤدەرەکەتان ئەنجامی وتووێژەکەیشی بـەلاوە گـرنگ بێـت. کەسانی دیکە ئەوانەی وا گرفتارن یاخود زۆر بـەناو بـانگن، بـەردەوام هەڤپەیڤیـنیان لەگـەڵدا دەکـرێ، لەوانەیە ئەوانە بڕیاری چاوپێکەتنیان لەگەڵ ئێوەدا لە بیر چوبێتەوە.

### قسەی ئاسایی

بەرلـە دەسـت پێکـردنی هەڤپەیڤیـنەکە، هـەندێ قسـەی وەکـو بـارودۆخی کـەش و هـەوا یـاخود جـۆری گەیشـتنتان بـە شـوێنی هەڤپەیڤیـنەکە بگوتـرێ و چـاییتان بـۆ بهێنن. تا کەشو هەوایەکی دۆستانە بخوڵقێ.

هـەموو ئەوانـە بـۆ پێکهێـنانی بـارودۆخ و کەشێکی دۆستانەیە. تا ئەوکاتـەی کـە ئێـوەو پـەیڤدەر دەچـنە شـوێنی تایـبەت بـە

وتوویژەکـەو بەسەر خۆتاندا زاڵ نەبویت، هەڤپەیڤینکە دەست پێ مەکە.
سـوود لەهـەر هـەلێك بـۆ پـەیوەندی بەسـتن لەگـەڵ پەیڤدەرەکان وەربگـرە، لەوانەیـە ئەوان تۆزێك تووڕە، بە گومان یاخود ترسیان لێ بنیشێ.
تـاکو کەسـانی دەوڵەمـەندو ناسـراویش هـەندێ جـار تـرس دایـان دەگـرێ. باشـترین رێگـا بـۆ دڵـنیا کـردنەوەیان، هەڵسـوکەوتی دۆستانەو لەسەرەخۆو بە هێمنی قسەکردنە.
بـە هێمـنی و بـەجوانی لەسـەر کورسیەکەت دانیشە، لێوەکانت بە بـزەوپێکەنین بـن، باسـی جوانییـەکانی باخچـەی ماڵەکـەیان، رێکوپێکـی خانووبەرەکـەو یـان ئـەو وێـنەیەی بـە دیـوارەوە هەڵواسـراوە بکـە. ئەگـەر هەسـتت بـەوە کـرد کـە ئـەو کەسـە بێ ئـەندازە ناڕەحەت و دڵەخورپێیەتی، باسی خۆتان بکە، بۆ نموونە بێـژە: زۆر لـە مێژە کە هەڤپەیڤینێکی وام نەکردووە، وەك ئەوەی هێشـــتا بـــەجوانی شـــارەزای کارەکـــەم نیـــم، ئەگـــەر پەیڤدەرەکـەتان(دکتۆر، پرۆفیسۆر و شتی ئاوای لەگەڵ ناوەکەیدا هـەبێ) سـوود وەرگـرتن لـە نازنـاوی کارو پیشەی بەرانبەرەکەت، کـارێکی بەجێ و پەسەندە. وەکو پەیامنێرێك، بارودۆخی تۆ وەك بـارودۆخی مێوانێك لە ماڵی کەسێکی تردایە. هەڵسوکەوتی جوان، ئـەدەب و رێزگـرتن، هـەموویان باشـن، دەبێـت لـەبیرت بـێ کـە پـەیڤدەر مـرۆڤێکەو نـابێ وەك سەرچـاوەیەکی زانیـاری سـەیری بکەی.

**کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ...**

مەهێڵن چاك و چۆنی یەکەم و سەرەتاتان بگاتە ئەو ئاستەی کە هەردووکتان بێدەنگ بکات. بیرتان نەچێت ئێوە بۆ ئەنجامدانی کارو ئەرکێك رۆیشتوون و لەوانەیە پەیڤدەریش هەزارویەك سەرقاڵی و کاری دیکەی هەبێت. دووبارەی دەکەمەوە لەوانەیە، بە هۆی ترس و دڵەخورپێ، پەیڤدەرەکەتان حەز بکات هەرچی زوترە دەست بەکارەکەتان بکەن، لەوکاتەدا دەست بەجێ ئێوەش لێهاتوویی خۆت بنوێنەو جڵەوی گفتوگۆکە بگرە لە نێوەڕاستی قسەکانتاندا وا بکەن بارودۆخ و بەڕێوە چونی هەڤپەیڤینەکە بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر رکێفتانەوە، ئینجا هەڤپەیڤینەکەتان دەست پێکەن. وەك رێگەیەکی گونجاوو باش دەتوانن دەفتەری یادداشتەکانتان دەربێنن یاخود ریکوردەرەکە دابنێن، بۆ وێنە بڵێن: هەروەك پێشتریش بە تەلەفۆن عەرزم کردی، دەمەوێ لەسەر فلاڵنە بابەت هەڤپەیڤینتان لەگەڵدا بکەم کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ بەشێکی گرنگی ئیش و کارەکەتانە.

بیرۆکەی بەدەستەوە گرتنی بارودۆخی کاتی هەڤپەیڤینەکە لەوانەیە نەختێ جێی سەرسوڕمان بێت، بەتایبەت ئەگەر تازە کارو نەشارەزایی و یان لە بەرانبەر ئەکتەری خۆشەویستتان یاخود لەبەردەم کەسێکدا کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە بن، بیرتان بێ کاتێك هەڤپەیڤین دەکەن ئێوە مرۆڤێکی ئاسایی نین، بەڵکو لێهاتوون و لە بارودۆخێکی ئاسایی و هاوئاست لە لێزانی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا چاوپێکەوتن دەکەن.

ئەگەر ئێوە ئەم بنەمایەتان قبوڵ بێ، پەیڤدەرەکەشتان پێی رازی دەبێ، کۆنترۆڵکردنی هەڤپەیڤینەکە بە واتای ئەوە نییە کە

تـۆ رەفـتارو هەڵسـوكەوتی بـێ ئەدەبانـە دەنوێـنی یـاخود هـەوڵ دەدەی خـــەڵكی دیكـــە ناچـــار بكـــەی ســـەر بـــۆ داواكـــاری و داخوازیەكانــتان نــەوی بكــەن بــەبێ ئــەوەی هەســت و نەســت و بیروبـاوەڕو كەسـایەتی ئەوانـتان لەبەرچـاو گـرتبێ، بـەڵكو بـەو واتایەیـــە كەســـوودی رەواو دروســـتتان لـــەو هەلـــەی كـــە بـــە دەســـتتانەوەیە وەربگـــرن و بـــزاوتێك بـــدەن بەكارەكـــەتان (هەڤـپەیڤین). دڵنیا بوون لە خستنە رووی هەموو پرسیارەكانت و كۆتـــایی هێـــنانی رێـــك و پێكـــی هەڤپەیڤیـــنەكەو زاڵ بـــوون بـــە شـێوەیەكی جـوان و رەوا وادەكـەن كـە پـەیڤدەرانیش وەك ئێـوە هـەوڵ دەدەن هەڤپەیڤیـنەكە بـەجوانی و بەسەركەوتوویی كۆتایی پـێ بێت. پـەیڤدەران زۆربەیان چاوەڕوانی ئەوە دەكەن چاویان بە پەیامـنێرێكی بـە هێـزو بـەتوانا بكـەوێت و وەڵامـی پرسـیارەكانی بدەنـەوە. ئەگـەر توانـای بڕیاردانـتان نییـە، یاخود نەزانی دەبێت چـی بكـەی، پەیڤدەرەكـەتان ئـەو بـاوەڕەی كـە بـە تـۆی داوەو پـەیدای كـردووە دەدۆڕێـنێ. هەڤپەیڤیـنكردن لـە هەندێ لایەنەوە وەك و كایەكـردن یـاخود ڕۆڵ دیتنە، كەواتە هەر چەندێ و بە هەر رادەیـەك تووشـی شـڵەژان و دڵـەخورپێ بیت، دەبێ بە شێوەیەك بجوڵێیـەوەو خۆت نیشان بدەی، كە لایەنی بەرامبەرتان وا هەست بكـات كـە بـڕوات بـە خـۆت هەیـە و بەسەر بارودۆخەكەدا زاڵیت . ئەگـەر بـتوانی ئـەم ڕۆڵـە بـە جوانـی ببیـنیت، لەوانەیـە كارەكانی دیكەت بە جوانی بەرەو پێش بچن.

**روونكردنەوە.**

زۆر جـار تا پتر مەبەست و ناوەرۆكی هەڤپەیفینەكەت بۆ بەرامبەر روون بكەیـەوە ، پتر بە قازانجی كارەكەی تۆ دەبێ. بەم شێوەیە

پـەیڤدەر هەسـت بـە چـاوەڕوان بوونـی ئێـوە دەكات و لە ترس و دڵـەڕاوێكی كەم دەكاتەوە شتێكی وەك ئەوەی كە بڵێی ، سەرەتا حـەز دەكـەم لەسـەر فلأنـە شـت قسـەتان دەگـەڵدا بكـەم یـاخود دەمــەوێ نــزیكەی دە پرســیارێكتان لێ بكــەم، بــەلأم ئەگــەر پەیڤدەرەكـەمان ئـەزموونێكی ئەوتۆی لە هەڤپەیڤین كردندا نەبوو یـاخود زۆر لاو بـوو دەبێـت لێی بپرسین، ئایا قەت هەڤپەیڤینتان كـردووە ..؟ كـە ئەگـەر گوتـی (( نا)) بە كورتی و كورمانجی بۆی بـاس بكـەن و بشـڵێن كـە ئەگـەر لەوشـەیەك یـان رسـتەیەكم تـێ نەگەیشـتی بۆتـان روون دەكەمـەوە ، یـاخود ئەگـەر بەرسڤەكانی پـەیڤدەر رێك و پێك نەبوون پێی بڵی بە سەرچاوان بەئەركی خۆم دەزانم بۆتـانی رێكـو پێـك و جـوان بكـەم . هەندێ جاریش ئاماژە بـەو خاڵـەی كـە هیچـكام لـە وتووێژەكـان وەك یـەك نـین، هێنانە ئاخاوتن راست و ناڕاستی نییە بەكەڵكتان دێت.

## سوود وەرگرتن لە ریكۆردەر( تەسجیل)

هەمیشـە لـە پەیڤدەركـەتان پرسـیاری ئـەوە بكـەن ، ئایـا پێـتان نـاخۆش نییـەتۆماركار بـەكار بهێـنن و بـیروڕای وەربگـرن. داخـۆ ئیـزنی لەسـەرە، چـونكە بـە راسـتی هـەندێ كـەس كە چاویان بە تۆمـار كار (تەسجیل) كەوت ، هیچ پەیڤێكیان بۆ نایەت و زمانیان دەگـیرێ. ئێوەش پرسیارەكەتان بە جۆرێك بكەن وەك ئەوەی كە ئـەویش حـەزی لێیـەو تـۆش وەك رێزلێـنانێك سـوود لـە تۆماركـار وەردەگـری، بـۆ نموونە ئاوا پرسیاری لێ بكە خۆبە خەراپی نازانن سـوود لە تۆماركار (تەسجیل) وەربگرم؟.. بە كورتی نوسینەوەی مـن ئـەوەندە شـیاوی بـاس كـردن نییـە. بەپرسـیاری لـەم بابەتە لەوانەیـە پەیڤدەرەكـەتان هیـچ جۆرە ناڕەزایەتییەك لەسەر سوود

وەرگرتنی ئیوە لە تۆمارکار بۆ ئەنجامی هەڤپەیڤینەکە نیشان نەدات. بەهەر حاڵ زۆربەی پەیڤدەران کە کەوتنە گەرمەی گفتوگۆ و هەڤپەیڤینەوە ئاگایان لە ڕێکوردەرەکە نامێنێ.
هەوڵ بدە ( تەسجیل)ەکە لە یەك ئەندازە لە خۆت و پەیڤدەرەکەتان نزیك بێ، بەڵام لە بیرتان بێت لە شوێنێکی جێگیر یان لەسەر مێزێکی دابنێن. ریکۆردەرکەت لە شوێنێکی وادامەنێ کە ڕێت لێ بگرێ.
هەموو جارێکیش بەر لە دەستکردن بە هەڤپەیڤین تۆمارکارەکەتان تاقی بکەرەوە، تا دڵنیا ببیت دەزگەکەت لەومەودایەی کە مەبەستتە لێی داینێی تۆمار دەکات یان نا، کاتێك دڵنیا بوویت کە دەزگەکەت تەواو ئیش دەکات ، ئیتر ئەو کاتەیە کە خۆشت ئامادەی دەست پێکردنی هەڤپەیڤینەکەتانن.

**شێوازەکانی هەڤپەیڤین**

کە هەڤپەیڤینەکە دەستی پێکرد ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا پرسیارو وەڵام تۆمارکردنە، بەڵام تا ئەو کاتەی کە بەکردەوە، هەڤپەیڤینەکەتان کۆتایی پێ نەهێناوە، ناتوانیت بە تەواوەتی دڵنیا بیت کە چ بەرسڤێك بۆ پرسیارەکانت وەردەگریەوە . لە خوارەوە هەندێ پێشنیاز ، سەبارەت بە ڕێگاکان، وەڵامی باشتر وەرگرتنەوە لە زمانی پەیڤدەرەکان دەخەینەڕوو.

**پرسین..**

ئەگەر پرسیارەکانتان بەوردبوونییەوە داناوە و ڕێکو پێکتان کردووە ، دەبێت بە پرسیارێکی گشتی و ساناوە کە دڵی لایەنە ( پەیڤدەرەکە) دەکاتەوە و دڵنیایی پێ دەبەخشێ ، دەست پێبکەن.

دوابەدوای ئەمە دەبێ بە هێمنی  پرسیارەکانی خۆت بخەیەڕوو. پرسیارەکانت با لەبەر دەست بن، بەڵام وامەنوێنە کە بۆ خستنە ڕووی پرسیارەکانی ترتان پەلەتان هەیە. هەندێ جاریش تۆزێك پێدا گرتن و لەسەر بابەتێك و زیاتر وەستان دەبێتە هۆی وەدەست خستنی زانیاریی پتر ئەو ئامۆژگاریانەی خوارەوە بەکەڵکن و دەتوانن سوودیان لێ وەرگرن.

## جوڵەکانی لەش.

بزاوتنی سەر بە ڕەزامەندی لەسەر قسەکانی پەیڤدەر، بزەو ڕوو خۆشی و هەموو ئەو جم و جوڵانەی لەش و دم و چاوتان نیشانەن بۆ پەسندکردنی قسەکانی پەیڤدەرەکەتان، بەو واتایەی گوێ لە قسەکانی دەگری و حەز بە بیستینیان دەکەی.
دیار کردنی ڕێژەی ئەوەی کە بە هۆی جوڵەکانی لەشتانەوە چەندە کاریگەریتان بەسەر ئەو کەسانەوە دەبێت بە ئاسانی ناکرێ و نابێ و سەختە، بەڵام بەهەر ڕێژەو ڕادەیەك بێت کاریگەری خۆی هەیە .
لەلایەکی دیکەوە کاتێك بتوانی بزاوت و جوڵەکانی لەشی پەیڤدەرەکەتان بخوێننەوەو تێبگەن، دەتوانن ئەنجامێکی باشتر لە هەڤپەیڤینەکە وەدەست بێنن.
ئەگەر پەیڤدەرەکەتان لەسەر کورسیەك دانیشتبێ و بەتوندی دەستەکانی بەیەکتردا دەخشێنی و بەتوندی هەناسە دەکێشی و هیچ بزەیەکی نایەتێ، لەوانەیە زۆر بەتوندی توشی دڵە خورپێ و شڵەژان بوو بێ . ئەگەر تۆ بتوانیت زۆر بە هێمنی پاڵ وە کورسیەکەتان بدەیەوە ، بزەیەکتان بێتی و لەسەرەخۆو دۆستانە درێژە بە قسەکانت بدەی ئەوا لەوانەیە پەیڤدەرەکەشتان هێمن

ببێتەوە. لە کاتی بەڕێوە چوونی هەڤپەیڤینەکەتان سەرنجی پەیڤەکانی پەیڤدەرەکەتان بدە، بەلاّم بە بەردەوامی چاو لە چاوانی مەبڕە، چونکە بەوە ماندوو دەبیّ.
ئاساییە هەندیّ جار بۆ کۆ کردنەوەی سەرنجی پەیڤدەرەکەتان لە چاوەکانیشی ورد ببیتەوە ، بەلاّم رادەی لێوردبوونەوەت با لەسەرنج دانێکت زیاتر نەبێت. ئەگەر خەریکی نووسینەوەی وەلاّمەکانیت، هەولّ بدە بۆ ماوەیەکی زۆر پێوەندی سەرنجی چاوەکانتان نەپچڕیّ. بە هۆی پرۆڤەوە فێر دەبیت، چۆن چۆنی هاوکات لەگەلّ پاراستنی پێوەندی چاوەکانتان بە هەلّس و کەوتی پەیڤدەرەکەتانەوە ، بە سیلەی چاو لە کاغەزی بەردەمیشتان بڕوانن و بەرسڤی پرسیارەکانیش بنوسیەوە.

## هاوکاری بۆ قسەکردن

رەفتاری تۆو کاردانەوەتان سەبارەت بەقسەی پەیڤدەرەکەتان زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە پەیڤدەر درێژە بە قسەکانی خۆی بدات و زانیاری زیاترتان بداتیّ جولاّنەوەی سەر بەواتای پەسند کردنی وتەکانی و پشتیوانی کردنیان و وتنی وشەی (( بەڕاستی)) یاخود دووبارە کردنەوەی ئەو بابەتەی کە گوتویەتی،یان خستنە ڕووی پرسیارێکی پەیوەندیدار بەباسەکە ، دەتوانیّ پەیڤدەرەکە هان بدات زیاتر قسان بکا . ئەنجامدانی ئەم کارە لەوانەیە زۆرگران بێت و دەبێت هەولّی ئەوەبدەی هەلّس و کەوت و جولّەکانت وشك و داسەپێنەرانە و دەستکرد نەبن، بەلاّم ئەگەر بەڕاستی ئەو شتەی پەیڤدەرەکەتان باسی لێوە دەکات، بۆ ئێوە نویّ و سەیر بێت، ئەم کارانە نابێت بۆ ئێوە سەخت و دژوار بن. ئەزموون و کارزانییە باشەکانی هەڤپەیڤین کردن ، لە زۆر لاوە

هاوشـێوەی توانـای گـوێ گـرتن لـە راوێـژ کـردنە، کەچـی لـە هەڤپەیڤین کردندا دەبێت رەوتێکی پێ بدەی.

**بێدەنگی.**

هەرچـەندە رەنگـە سـەیر بێـتە بـەر چـاو ،بـەڵام لـە دیمانـاندا ،بێدەنگی بەتایبەتی لە جێی خۆیدا ،بە جێ و کاریگەرە .
ئەگـەر پـەیڤدەر بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو دەست بەجێ‌لە جیـاتی پرسـیار، ئێوەش چەند چرکەیەك بێدەنگ بمێننەوە دواتر خۆتـان لـە سـەر بنەمای گوتـەکانی ئەوەوە سەرتان ببزوێنن یان بەبـزەیەك نیشـانەی پشـتیوانی لەقسـەکانی پـەیڤدەر دەربخـەن. لەوانەیـە پەیڤدەرەکـەتان ئـەم جوڵەیـەی ئێـوەوەك رازی بوونـی ئێوەبەقسەکانی خۆی بزانێ.

**گوێ بگرن ..**

هەمیشـە وابنوێـنەکە بـە دڵ وبـەگیان گوێ لەقسەکانیان دەگری .تەنانـەت ئەگـەر هیچ جۆرە دڵگیریەکتان بەقسەکانیشیان نەبێت، یـاخود قسـەکانیان پـەرت و بـڵاو و بێ‌سـەرو بـەریش بن .هەرگیز لـەکاتی هەڤـپەیڤین کـردندا نەڕوانیـتە کاتژمێـرەکەتان ، باوێشـك مـەدە. قسـەکانی بەهــەند وەربگـرە و کاردانـەوەت بەرانـبەریان ئاسـایی بـێ .لەلایـەکی دیکـەوە وەکـو تـازە کـارێك ،لەوانەیـە گیروگرفـتی دیکەشـیان هـەبێت .واتـا لەبـەر ئـەوەی نیگـەرانی بەجێگـەیاندنی راست ودروستی هەڤپەیڤین و وەرگرتنی زانیاریت، بۆتـان نـەلوێ بـەرێکو پێکـی گوێ‌بگریت .سەرنج بدە ئەم بابەتەو ئەگـەر واهەڵکـەوت هەوڵـبدە بـەئارامی و لەسەرخۆییەوە درێژە بە هەڤپەیڤینییەکەت بدەی.

**بەبیروهۆش بوون**

ئەگەر تازە کاربی رەنگە زۆرت لا مەبەست بێ، پرسیارەکانت بەڕیزبێ، بەلاّم دوای چەند هەڤپەیڤینێك هەست بەوە دەکەیت، ئەو پرسیارانەی کە زوتر یادداشتانکردوون ،تەنیا بۆ هاوکاری کردنتان بەکەلّك دێن ،هەڤپەیڤینێکی تەواو ودووررودرێژو زندو لە قالبی وشك و پێشوەختەدا بەرهەم نایێ. دواتر خۆتان تێ دەگەن کە گەلێك لە پرسیارەکانت دەبێت پاش وپێش پێ بکەیت. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی کە هەندێ جار پەیڤدەر بابەتێك دەخاتە ڕوو و جوانتر دێتە بەرچاو کە ئێوەش هەندێ پرسیار لەو بارەوە بخەنە روو .لەو دلّە خورپەیەی کە لە شێوەی بە کۆتایی هێنانی هەڤپەیڤینەکە هەتانەو بەهۆی خستنە رووی یەك بە دوای یەکی پرسیارەکان لەوانەیە هەندێ زانیاری گرنگتاًن لە دەست بچێت. لەوانەیە پەیڤدەر لەکاتی بەرسڤدانی هەندێ پرسیار ،ئاماژە بەشتێك بکات کە زۆر گرنگ و جوانە، بەلاّم نەگونجاو بێت لەنێو ریزبەندی پرسیارەکانی تۆدا بۆ نموونە تۆزێك دوای مۆلّەتدان بۆ دەرچوون لە نەخۆشخانە لە سالّی ١٩٨٣وە دەستم کرد بەنیشتنەوەی ئازاد بەفرۆکە لەوانەیە لەلای ئێوە پرسیاریدوای ئەوە ئەوە بێت کە ((یەکەمین نیشتنەوەیئازادی ئێوە کەی بوو؟)) بەم وەلاّمە لەوانەیە باشتربێت بپرسیت  بۆ چی چویتە نەخۆشخانە ".هەرگیز خۆتان تووشی ناچاری خستنە رووًی پرسیارەکانت بەپێی ئەو ریز بەندیەی کە لە لای خۆت نوسیوتن مەکە ،بەلّکو بەرهەڤی دارشتنی پرسیاری جوان وسەیرو سەمەرەببە ،بەم شێوەیە دەتوانیت زانیاری گەلێ سەرنج ڕاکێشتر بە دەست بهێنی.

## پەیڤ لیٚ وەرگرتن ..

پـەیڤدەر هـەندیٚ جـار بەراسـتی شـتی وا دەڵـیٚ کـە بەتـەواوەتی سـەرەنج راکێشـە .بـەڵام بـۆ شـیکردنەوەی زیاتـر بێدەنگ دەبیٚ. لێـرەدایە کـە دەبـیٚ وابکەی زۆر زانیاریتان بخاتە بەردەست .بۆیە دەبێت سوود لەو شێوەرستانە وەربگرن .

- دەکریٚ زیاتری لەسەر بڕۆن ؟
- بابەتەکـــەتان زۆر ســـــەرەنج راکێشـــــە ،دەتوانـــین پێکەوەزیاتری لە سەر بڕۆین؟
- دەتوانی لەمە زیاتر بۆم روون بکەیەوە؟
- بۆچی ئاوا بیر دەکەیتەوە؟

## روونکردنەوەی پتر ..

کـاتێك لـە وتەکانی پەیڤدەرکەتان حاڵی نەبوون، پێویست دەکات داوای لێـبکەن پـتر لەو بارەیەوە بدویٚ .بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی بەم رستانەی خوارەوە داوای روونکردنەوەیپتری لێبکەی .

- داخوا منیش جوان تێگەیشتووم کە ئێوە گەرەکتانە بڵێن .
- مەبەستتان ئەمەیە کە ..
- کەواتە راستە کەبڵێم ..

## کورت کردنەوە..

کـورت کـردنەوەش هـەر وەکو روونکردنەوەیە.بەڵام ئەم کارە پتر لـە سـەر ئـەو پەیڤدەرانـە جێبەجیٚ دەکریٚ کە لە قسەکردندا درێژ دادڕی دەکـەن ،لـەم بابەتـە بـۆ ئـەو بابەتەهـەڵدێن ،یـاخود قسـە لەسـەر بابـەتی ئـاڵۆز و سەیر دەکەن و تۆش ناچاربیت سەرو بنی بابەتەکـە بهێـنییەوە یەکتر. رێگەیەکی دیکەیش بۆ نیشاندانی ئەو

بابەتەیـە بـە ئـەوان (پـەیڤدەران ) دەڵێـی و دەسـەلمێنی کـە تـۆ سەرنج و گوێت لە قسەکانی گرتووەو حەزیشتان لەو پەیڤانەیە کە ئـاڵو گـۆڕ کـراون ، هـەروەها ڕێگایەکی سەرکەوتووە تا دڵنیا بیت لەوەی کە بابەتەکەتان بەباشی و بە درووستی وەرگرتووە .

**بۆ نموونە :**

- کەواتە ئەگەر بە تەواوەتی تێگەیشتبم فەرموتان کە..
- پەیڤەکانـتان زۆر گـرنگن ،لەوانەیـە باشـتر وا بێـت کـە سەردێڕی ئەو شتەی کە فەرمووتان دووبارەی بکەمەوە .بۆیە بە جوانی دووبارەم کردەوە وئێوەش پەسندی بکەن.

-

**بە پێچەوانەی خوێندنەوە**

باسـکردن لـە سـەر بابـەتێك و دژایـەتی کـردنی کەسـانی دیکـە هـەندێ جـار لەوانەیـە بـە کـەڵك بێـت .ئـەم شـێوازە زیاتـر لـە هەڤپەیڤینـە تەلەفـزیۆنییەکان بـە کەڵکـە بۆ نموونەبەڵگەی زۆر لە دژەکـانی خـۆت ، وەزیـرێك ناچـار دەکەیت بیرو ڕایەکی نارەسمی بڵاوبکاتـەوە ، ئـەم کـارە پـەیڤدەر ناچـار دەکات دان بە زۆر شت دابـنێ و زۆر شـت بدرکێـنێ ، بـەلام ئـەوەتان لـە بـیر بێت کە ئەم شـێوازە بـۆ کەسـانی ترسـنۆك لـە بـار نییـە ، ریـێ ناراستەوخۆی دژایـەتی کـردن لەگـەڵ پـەیڤدەر بە بێ تێوەگلانی خۆتان ،هێنانە بـەر باسـی بابـەتێکی وروژێـنەر ، بـەم پەیڤانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ :

- هەندێ خەڵکی تر دەڵێن کە.
- ئەم بیر وبۆ چوونانە هەیە کە.
- دەتەوێ بڵێی چی ئەگەر بیستتان.

**پرسیاری زۆر تایبەتی- لە بارەی کەسایەتی -یەوە (گرنگ)**

پێتان نالێم کە یەکەمین پرسیارەکانتان بە لێکۆڵینەوە و بە دوا داچوونی توند و ورد لە سەر ژیانی تایبەتی وتاکە کەسی کەسەکانەوە دەست پێ بکەن . کەچی هەندێ جار ناتوانن خۆتان لەم کارە لابدەن تا کو بە جوانی نەچونەتە ناو گفتوگۆیەکەوە، لە هێنانە گۆڕێی پرسیاری زۆر تایبەتی و توندەوە خۆتان ببوێرن. ئەگەر بەر لە کاتی خۆی پرسیاری ئاوایان لێ بکەن لە وانەیە پەیڤدەرەکەتان ، ئیتر قسە نەکات و بڕیار بدات چیتر درێژە بە ئاخاوتنەکانی نەدا .

بەلاّم ئەگەر چاوەڕوانیتان لە خەڵك ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای بینینی ئێوەدا وەلاّمی زۆر تایبەتی و ئەوانەی کە حەزی لێ ناکەن بدەنەوە بۆ نموونە:

(سلاّو " دەمەوێ سەبارەت بە دوایین ئامادەیی ئێوە لە دادگەدا، بە تاوانی هەبوونی مادە سڕکەرەکان-مخدر- پرسیارێکتان لێ بکەم)، ئەمە پرسیارێکی رەوا و بەجێ نییە . دوای ئەوەی پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ پەیڤدەرەکان پێك هێنا ، ئەم کارە ئاسانتر دەبێت، بەلاّم ئەوەی کە بە هەر شێوەیەك لە ئەنجامدا چۆن ئەم جۆرە پرسیارانە دەکەی، ئەمە بەندە بە توانا و لێهاتویی خۆتەوە. هەندێ جار لەوانەیە بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسکیش قسەی لێوەبکەین وەك: هەستی ئێوە لە سەر بە یاسایی کردنی مادە سڕکەرەکان (مخدر )چییە ؟ ! وردە وردە باسەکە بۆلای ئەزموون و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە لە سەر ئەو مادەیە بەرە. لە هەندێ بارو دۆخی تردا راشکاوانەپرسیاری لێ بکەین باشترە بۆ نموونە ((ئاخۆ ئەزموونی ئەمجارەتان لە دادگا بیر و ڕای ئێوەی لە مەڕ مادە سڕکەرەکان گۆڕیوە)) ئەوەی

راســـتی بێـــت کـــاتێك پرســـیاری زۆر گـــران و لـــەو بابەتەلـــە پەیڤدەرەکـەتان دەکـەن بـەجوانی هەسـت بـەگۆڕانی سـیما و قسـەکانی پـەیڤدەر دەکـەن .بـۆ ئـەم بابەتـە لە دوو گۆشەوە ورد ببەوە یـەکێکیان ئەوەیـە کـە بیرتان لای بە دەستهێنانی زانیاری پـتر بـۆ بابەتی داهاتووتان بێت، دواتریش بڕوانن داخۆ پەیڤدەران چۆن وەلأمتان دەدەنەوە.هەمیشە بێلایەن و بە ئەدەب بن. ئەگەر پـەیڤدەران نەیانـەوێ لەسـەر شتێ بدوێن هیچتان پێ ناکرێ تەنیا دەتوانـن بلێن: بێ گومان بڕیار بە خۆتانە کە بتانەوێ لەم بارەوە قسـە بکـەن یـان نـا ؟! بەلأم بە بڕوای من لەوانەیە شیکردنەوەی روون و دروست بۆ رووداو و نەهێشتنی گومان بە کەڵك بێت.

**پرسیاری رەق وناخۆش..**

هـەندێ جـار لـە کـاتی هەڤـپەیڤین کـردندا وا هەڵدەکـەوێ هـەلی پرسیار کردنی بابەت گەلی ناخۆش و توندیشتان بۆ بێتەپێش. بۆ نموونـە : دەنگـۆی ئـەوە هەیە کەپەیڤدەرەکەتان کەسێکی پارە داروزەنگیـنە بـەلأم بـڕێکی کـەم پـارە بـە کرێکارەکانی دەدات لە وەلأمـدا پەیڤدەرەکـەتان دەڵـێ :هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوەکە مـن پارەی لە خۆم زیاترم هەیە : ئا لێرەوە دەتوانن بپرسن ( ئایا وانییـــە؟ ) بـــەلأم باســـەکە بەشـــێوەیەك بخـــەرە ڕوو کـــە پەیڤدەرەکـەتان لـە بەرانبەرتان بکەوێتە بارودۆخی بەرگری لەخۆ کردن. بە شێوەیەك پرسیار بکە وەك ئەوەی کە بە ڕاستی حەز لە زانیـنی ئـەو بابەتـە دەکەی. هەندێ جاریش نەشیاو نابێت کە ئەو پرسـیارەتان لەگـەڵ گێـڕانەوە و قسـەیەکی خـۆش وپێکەنیـناوی تێکەڵ بکەن.

له وانه‌یه په‌یڤده‌ره‌كه‌تان له‌م بار و دۆخه‌دا به بزه‌یه‌ك وه‌ڵامی پرسیاره‌كه‌ت بداته‌وه.به هه‌ر شێوه‌یه‌ك دواتر ده‌توانی بینوسیته‌وه: ئه‌و له كاتێكدا له په‌نجه‌ره‌وه ده‌یڕوانییه زه‌ویه ( ٢٠٠) هیكتاره‌كه‌ی وتی: هه‌ڵبه‌ته دیاره كه پاره و زه‌نگینییه‌كه‌م له خۆم زیاتر نابێ! ؟

## تێهه‌ڵكێشی راسته‌وخۆی قسه وگوته‌ی خه‌ڵكان

هێنانه‌وه‌ی ده‌قاو ده‌قی قسه نوێ وشیرینه‌كان ، رۆحێكی تازه (جگه له بیروڕا زانستیه‌كان ) به نووسینه‌كان ده‌به‌خشێ. رۆژنامه‌وانی باش و به كه‌ڵك و سه‌ركه‌وتوو به ڕاده‌یه‌كی زۆر په‌یوه‌سته به گێڕانه‌وی به‌سه‌رهاتوو گێڕانه‌وه‌ی شایان و گونجاوه‌وه.

تا ئه‌و كاته‌ی كه به تازه‌یی ده‌ستتان به كاری رۆژنامه‌وانی كردووه ، پێویست نییه نیگه‌رانی ئه‌م كاره بن ،دواتر كه ئه‌زموونێكی باشتان له‌م باره‌وه وه‌ده‌ست هێناوه، ده‌بێ بوێرانه بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌م گیروگرفت وكێشانه به‌رهه‌ڤ وئاماده بن.

- گێڕانه‌وه‌ی سه‌ر سوڕ هێنه‌رانه: سیاسه‌توان یان هونه‌رمه‌ندێكی ناسراو كه هه‌شت منداڵی هه‌یه وتی: له كاتی لاویدا هه‌رگیز بیرم له‌وه نه‌ده‌كرده‌وه بمه‌وێت منداڵم هه‌بێت.
- گێڕانه‌وه‌ی ئاشكراكردن : له هونه‌ر پیشه‌یه‌كی ناسراو: ئه‌لبه‌ته هونه‌رپیشه‌یه‌كی ناسراو هه‌رده‌م به ته‌نیایه به‌ڵام كاتێك تووشی سه‌ره‌و لێژی و له بیر چوونه‌وه ده‌بێت به ته‌نیاتر ده‌مێنێته‌وه.

**نوکتە یان بیرەوەری ...**

قسـەی خـۆش یـان بیرەوەریـەکی گـەرم وشـاد ، خـەمگین یـا ئاشـکراکردن بـێ ، زیـندویەتی بـە بابەتەکـەت دەبەخشـێ. هەندێ جـاریش لەوانەیـە پەیڤدەرەکـەتان لـەکاتی هەڤپەیڤیـنەکە چـەند بیرەوەری و قسەیەکی خۆش بگێڕێتەوە، بەلاّم ئەگەر نەشیگوت، دەتوانی داوای لێبکەی..

بـۆ نموونــە ئایــا بــیرەوەری خــۆش و شــیرینتان لــە رۆژگــاری سەربازیەوە هەیە و لە بیرتان ماوە؟!

**پێشگرتن لەبەلاڕێدا چوون.**

لــە کــاتێکدا گەورەتــرین نیگــەرانی ئێــوە لەوانەیــە لــە دیــدار و هەڤــپەیڤین لەگــەڵ پــەیڤدەرێکدا ئــەوەبێ کــە ئــەو کەســە هیــچ قسەیەکی بۆ وتن نەبێ، لەوانەیە پێچەوانەی ئەمەش روبدات.

بـۆ نموونـە لەوانەیـە پەیڤدەرەکـەتان کەسێکی زۆر بلێ بێت و لە قسە کردندا بەلاڕێدا بڕوات. هۆی بەلاڕێدا رۆیشتنیش گەلێك زۆرن. هــەندێ کــەس لــە بــنەڕەتەوە وا هەڵکــەوتوون ،هــەندێ کەسـیش چـونکە تــووڕەن یــان پرســیارەکەی ئێوەیــان بیرچــۆتەوە ،درێــژ دادڕی دەکـەن .هــەندێ کەسـی واش هــەن بـۆ خـۆ گێـل کـردن لە وەلاّمدانەوەی پرسیارەکەتان وا دەکەن .ئەگەر هەستت بەوە کرد کـە بـەلاڕێدا رۆیشتوون هەوڵبدە بە ئەدەبەوە و بەروویێکی خۆش و جوان بیانهێنەوە بۆ نێو بابەتی هەڤپەیڤینەکە .بەبزەوە بە سەر ئـەرێ بـە قسـەکانیان نیشـان بـدە و لـە یەکـەمین بێدەنگی نێوان وتــەکانیدا شــتێکی وەك ئــەم رســتەیە بــڵێن :بـۆ بەرسـڤی ئــەم پرسـیارەم کـە چـۆن چۆنی روتان کردە کاری نووسین ،دەتانەوێ ئـەوە بـڵێن کـە کـەم تـا کورتـێ بـارودۆخ وایکـرد؟ یـاخود ((ئایـا

مەبەستی ئێوە بە جوانی حاڵی بووم، کە بۆیە بوی بە نووسەر چونکە))

**بیرو رای تایبەتی...**

لە هەڤپەیڤیندا ،زۆر جار بەرانبەرەکەت راو بۆچونێك دەڵێ کە تۆ لەگەڵی دانیت ،یان بە پێچەوانەوەزۆر لە گەڵی دایت ،جا تۆ وەکو پەیامنێر هەقی ئەوەت نییە خۆت تێکەڵی ئەو شتانە بکەی، چونکە تۆ چویت بیرو بۆچونی ئەوو شێوازی بیروبیرکردنەوەی ئەو بزانی و وەربگری نەك بیرو بۆ چونی خۆت بنوێنی. هەموو جارێك دەتوانی بە دەربڕینی روانگەی خۆتان بە زمانی کەسانی ترەوە، دژی روانگەو بیروڕای پەیڤدەرەکان بوەستی. بۆ نموونە بێژی: ((هەندێکەس لەوانەیە بڵێن کە بێکاری گیروگرفتێکی ئابووریە ،نەوەك ئەنجامی تەمبەڵی کرێکاران. بیروڕای ئێوە لەم بارەوە چییە ..؟ )) بەلاَم خۆتان لە باسی تایبەتی دوربگرن. لەهەڤپەیڤین کردندا هیچ یاسایەك لە ئارادانییە کە بڵێ ئێوە دەبیّوا کاربکەن. زۆر جار ئەگەر لە سەرەتای هەڤپەیڤینەکە بە پەیڤدەرەکەتان بڵێن، چ جۆرە بیرکرنەوەیەکتان هەیە، ئەوان لە بەرانبەر ئەم پرسیارەتاندا بێدەنگ دەبن تاکو ئەگەر بە راشکاوی دژی رونگەی ئەوان بوەستا، لەوانەیە لەماڵی خۆیان دەرت بکەن. بۆیە باشتر وایە بەردەوام بێلایەنی خۆت بپارێزی.

**خۆ ئاشکراکردن (لە خۆ دوان) ..**

لە زۆربەی یەکتر دواندنەکاندا ،هەردوو لایەنی قسەبێژ ،بە نۆرە هەر کامەیان باسی خۆی دەکا، بەلاَم لە هەڤپەیڤیندا بارودۆخ جیاوازە. هەر چەندێکیش هەڤپەیڤین دۆستانە بێت یاخود بۆتۆ چێژێکی تایبەتی تێدا بێت ،بیرتان نەچێت کە دەبێت

پەیڤدەرەکان باسی خۆیان بکەن نەوەك تۆ باسی خۆت بکەی. لە کاتێکدا بەڕادەیەکی دیاری کراو خۆ ئاشکراکردن لە وانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ساردی سڕی و زاڵ بە سەر کەش و هەوای هەڤپیڤینەکە کەم ببێتەوە، بۆ نموونە هەرگیز نەمدەتوانی لە کەژوانیدا وەك تۆم لێبیّ، لە بەر ئەوەی بەڕادەیەك لە بەرزایی دەترسێم تاکو ناوێرم لە قاڵدرمەیەکیش سەر بکەوم. هەمیشە ئەوەتان وە بیر بمێنیّ، خۆ ئاشکرا کردن و لە خۆدوانەکانتان دەبیّ لە خزمەتی بەهێزکردنی کارەکەتاندابێت، نەوەك دەرفەت و هەڵ بۆ گاڵتەو گەپ یان سەکۆیەك بێت بۆ راگەیاندنی بیرو باوەڕتان.

**هاودەردی.**

ئەگەر پەیڤدەرێك لە سەر بابەتێك کە بەدڵی نییە دەدویّ، یاخود هەڤپەیڤینەکە وای لێکردووە لە سەر بابەتەکانی دوور لە حەزوئارەزوەکانی خۆی وەکو جیابونەوە، تازیە باری، دۆڕاندن خۆتی بە هاوبەش بزانە و هاوخەمی خۆتی پیّ نیشان بدە، بەڵام زۆر خۆت تێکەڵ مەکە، چونکە تۆ وەك راوێژکارێکی کۆمەڵایەتی یا خود یاریدەدەرێك نەچوێتە لای. لەکاتێك کە هاودەردی لەگەڵدا دەکەی نابێت هیچ بەڵێنێکی پێی بدەی. تۆ دەتوانی بۆ نموونە بە رستەیەکی وەکو راهاتن لەگەڵ کارەساتێکی ئاوادا دەبیّ بەراستی زۆر گران بوبێت. یانیش وادیارە سەرەڕای بوونی هەموو ئاستەنگ و ناخۆشیەك بە باشی لەگەڵیان ڕاهاتووی. زۆرجاران هاودەردی و هاوسۆزی وا لە پەیڤدەر دەکات زیاتر نهێنی و رازەکانی لای تۆ بدرکێنیّ، ئێوە دەبیّ هێمن و لەسەر خۆبن و زیادەڕۆیی نەکەن. چونکە بەرلە هەر شتێك پابەندی رێبازی بڵاوکراوەکەی خۆتی.

**سوود وەرگتن لەفەرامۆشکاری ...**

ئەگـەر لێکۆڵیـنەوەکەتان بـە دروسـتی کـردبێت، بـاش تێدەگـەی پـەیڤدەر چ دەڵێـت، جاری واهەیە زانیاری تۆ لەهی بەرانبەرەکەت پـترە، بۆیـە ئەگـەر پەیڤدەرەکـەتان هەسـت بکـات کە تۆ زانیاری زیاترت هەیە، بێدەنگ دەبێ.

بەتایـبەت ئەگـەر لەگـەڵ ئـەندامێکی سـادەی کۆمەڵ قسە بکەی، وەك پسـپۆڕێك هەڵسـوکەوتی لەگـەڵدا مەکـە، بەڕێـزەوە گـوێ لـە قسـەکانی بگـرە، هۆگـری خـۆت بـۆی وەدیـار بخـە، لێیگەڕێ باوا تێبگا کە شتێك فێری تۆ دەکا.

جیـا لەو هەموو زانیارییەی کە لەوانەیە تۆ هەتان بێت، هیچ شتێك جێگـرەوەی ئـەوە نییـە کـە لەگـەڵ کەسێکدا بپەیڤی کە زانیاریی نوێ و بلاو نەکراوەی هەیە.

**شوێن..**

هـەروەك ئـەوەی کـە رامـان و وردبوونـەوە لە دەوروبەر پێویستە، لەوانەیە لە هەندێك هەڤپەیڤینەکاندا، وردبوونەوە لەو شوێنەی کە لێـی دانیشـتووی بەکـەڵك بێـت. زۆربـەی رۆژنامـەڤانان لەوانەیـە بیانـەوێ وتـاری خۆیـان بـە بـڕێکی زۆر لە قسەی خۆش و تەڕوو، ئـەویش ناوچـەیی بڕازێنـنەوە، بـەلام نووسـەران و لێکۆڵـەرەوانی دیکـە، هـەروەکو ئـەو کەسـانەی لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیاننامەی کەسـێك، لــە ناوچــەکەیان دەکــەن، یــاخود هــەندێ نووســەر پــرۆژەیەکی مێژووییــان بەدەســتەوەیە، بــەهۆی چــیرۆکێکی مێژووییـەوە دەتوانـن چـەند سـوود لـە وردەکاریەکانی سروشت و دەوروبــەر وەربگــرن، هــەر بــەو رادەیــەش دەتوانــن ســوود لــە قســەکانی ئــەو پــەیڤدەرە وەربگــرن. ئەگــەر ئــەو دەوروبــەر و

چوارچێوەیەی کە تۆی تێدا دەژی سەر نجڕاکێشە، یاخود لە هەندێ لایەنەوە پەیوەندی دەگەڵ ئەو بابەتەدا هەیە کە تۆ دەینووسی، داوا بکە لەگەڵت بێن بۆ دیتنی ئەو شوێنانە.
ئەو کەسانەی لە خانووبەرەو کۆشکی جوان جواندا دەژین، بەگشتی حەزیان لەوەیە ماڵەکانیان نیشانی خەڵکی بدەن.

## وردبوونەوە لە ئاکاری خەڵك.

دەتوانیت ئاماژە بە بابەت و خاڵە جوانەکان و کارەکانی پەیڤدەران لە کاتی هەڤپەیڤین کردن یاخود ئەو قسانەی کە دەبێژن، بکەی. ئەم جۆرە زانیارییانە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە ژیاننامەی خەڵکی دەنووسن پێویست و گرنگن.
بەهەر شێوەیەك ئاگاداربە پەیڤدەرەکان وا هەست نەکەن کە تۆ چاودێری هەموو جوڵەیەکیانی و لەلای خۆت دەیاننوسیەوە یان ئەو شتانە بە زەینی خۆت بسپێرەو پاشان بیاننووسەوە یانیش زۆر لەسەر خۆو بەهێمنی بیاننوسەوە. ئەگەریش کەسانێکی دیکە یاخود گیاندار یان مناڵەکان لەو شوێنەی هەڤپەیڤینی تێدا دەکەن ئامادەبن، لەوانەیە بتوانی خاڵی گرنگتان دەست بکەوێ بۆ نموونە فلاُن خانمی ئەکتەر زیاتر لەگەڵ پشیلەکەی قسە دەکات تا لەگەڵ مناڵەکەی.

## کۆتایی

دەتوانن بەم رستەیە: (دوا پرسیارم ئەمەیە) یاخود پرسیارێکی دیکەم هەیە بەرلە کۆتایی هاتنی ئەم چاوپێکەوتنەمان‌پەیڤدەرەکەتان ئاگادار بکەوەو وەبیری بخەوە کە خەریکە هەڤپەیڤینەکەتان کۆتایی پێدێت.

هـەموو جـارێك دەتوانیـت پـاش دوا پرسـیاری خـۆت، داوا لـە پەیڤدەرەکـەتان بکـەی، ئەگـەر بابـەتێکی پێویسـت و گـرنگی دیکـەیان هەیـە، بڵێن هەڤپەیڤینەکە بە پەیڤێکی بۆ نموونە وەکو: پێموایـە، ئەمـە هـەموو ئەو شتە بوو کە دەبوایە بیزانم و بینووسم یـان تۆماری بکەم، زۆر سوپاستان دەکەم و بەڕاستی زۆر بە کەڵك بـوو سوودم لێ وەرگرت. بە پێکەنینەوە کۆتایی پێ بهێنە. ئەوان بـەدانی کـات هاوکـاری تۆیـان کـردووە. بەجێهێشتنی ئەو شوێنە، گومـانت لەهـەر شتێك ماوە، خۆتانی لێ دڵنیا بکەن. ئەمن هەموو جـارێك لـە پـەیڤدەران دەپرسـم کە ئایا دەتوانم، ئەگەر شتێکم لە بـیر چـوبێت تەلـەفۆن بکەم و پرسیارتان لێ بکەم. ئەگەر بابەتێك بـۆ گۆڤـار یـا رۆژنامەیـەك دەنووسـیت و پەیامـنێرێکی سەربەخۆو ئـازادی، لەوانەیـە لەیـەك هەڤپەیڤیـندا هـەندێ زانیـاریی دیکـە بـۆ هەندێ بڵاوکراوەی تر بەدەست بهێنی.

لـەم قۆناغـەدا دەتوانـی بپرسـی کە ئایا حەز دەکا بۆ تەواوکردنی ئـەو هەڤپەیڤیـنە دووبـارە قسـەتان لەگـەڵدا بکاتـەوە؟ ئەگـەر هەڤپەیڤیـنەکە، هەڤپەیڤیـنێکی دڵگـیرو بـە ئـەدەب بووبـێ، هیـچ جـۆرە نـاڕازی بوونێـك لـە خـۆی نیشان نادا، بەڵام ئەگەر هەر لەو چاوپێکەوتنەدا بابـەتی پێویسـت بـۆ نووسین و ئامادەکردنی دوو وتـار دەسـت کـەوت، ئەویش بۆ دوو بلاڤۆکی جیاجیا، باشتر وایە هـەر لـەوێ هـەواڵی ئـەوەی کـە بـۆ دوو بڵاوکـراوە سـوود لـەو هەڤپەیڤیـنە وەردەگـری بـە پەیڤدەرەکـەتان رابگەیـەنی. زۆربەی خـەڵکی دژی ئـەم کـارە ناوەسـتن و رازی دەبـن، بـەڵام ئەوە ماڤی خۆیانـە کـە دەبـێ بزانن قەرارە پەیڤ و ناویان لەکام بڵاوکراوەدا چاپ بکرێ.

له کۆتایی هەڤپەیڤینەکەدا کەرەستەکانی خۆت کۆبکەرەوە، بەلاَم لەگــەڵ کوژاندنــەوەی تۆمــار کارەکــە هــۆش و بــیری خــۆت مەکوژێنەوە.

کــاتێك کــە هەڤپەیڤــنێکی رەسمــی کۆتــایی پێــدیَ، دەتوانــی زانیاریــەکی زۆر لــە خــەڵك وەربگــری. بەگشــتی لەو قۆناغەدایە کە پــەیڤدەرەکان هەست بە هێمنی و ئارامی دەکەن و تازە دەتوانیت ئەوان بە ڕاستی وەك ئەوەی خۆیان هەن وەك کەسێتی راستینیان ببیــنن. لەوانەیــە پێشــنیاری نیشــاندانی دەوروبــەرتان پــیَ بکەن، یاخود بابەتێك ئاشکرا بکەن کە بەدرێژای هەڤپەیڤینەکە شتێکیان لەبارەیــەوە نــەدرکاندبیَ، دیــارە تــۆش نابیَ بتەویَ دووبارە تۆمار کارەکــەت یاخود قەڵەم و کاغەزەکانت بۆ تۆمارکردنی ئەو پەیڤانە دەربهێنــنەوە، بــەلاَم هــەموو شــتێك لەبەر بکەو هەر لەگەڵ چوونە دەرەوەتان لەیەکەم دەرفەتدا بیانووسنەوە.

## وێنە

ئەگــەر پێویســتیت بــە وێــنەی پــەیڤدەر(یاخود هەندیَ جار وێنەی شــتێکی پەیوەســت بە ئەوانەوە) بێت، دەستەبەرکردنی ئەمانە بۆ دوای تـــەواوبوونی هەڤپەیڤیـــنەکە دوا بخـــە چـــونکە ئەوکاتـــە پەیڤدەرەکــەش ئاســوودەو حەســاوەیە. لــە کۆتــایی کارەکــەتان بپرســە: ئێســتا دەتــوانم وێــنە بگــرم؟ زۆربــەی خــەڵکی وێــنە بــە پێوســتیەکی هەڤــپەیڤین دەزانــن و بەوهۆیــەوە زۆر ســەیرنابێت. هــەموو جــارێك پــتر لــە وێــنەیەك بگــرن و ئەگــەر بۆتان بکریَ دوو کــامیرەی وێــنەگرتن لەگــەڵ خۆتاندا بەرن. وێنە بۆ وتارو نووسین زۆر زۆر گــرنگە. بۆیــە وێــنەکانت بــەوردی بگــرە. کــاتی وێنەگرتن هــەوڵ بــدە کــە پــەیڤدەر لــەبارودۆخێکی زۆر سروشــتی و ئاســایی

دابێـت و تـا ئـەو جێگایـەی کـە دەکـرێ ئـەوەی کە پەیوەندی بە هەڤپەیڤینـەکەو کارەکەیـەوە هەیە لە وێنەکەدا وەدیار بکەوێت بۆ نموونـە(دیاریـەك، خـەلاّتێك، میدالیایـەك). ئەگـەر بلاڤۆکێـك کـە هەڤپەیڤینـەکەی بـۆ ئـەنجام دەدەی، وێـنەگری پیشـەیی هەیـە، باشـتر وایـە وێنەگرتـنەکە بـە ئـەو بسـپێری. هـەندێ جـاریش دەتوانیـت داوا لـە پەیڤدەرەکەتان بکەی ئەگەر وێنەیەکی شیاو و گونجاوی هەیە لەلای خۆی بتانداتێ.

## کەی بلاّو دەبێتەوە

تەنانـەت کەسـانی دەوڵەمـەندو ناسـراویش حـەز دەکـەن بـزانن هەڤپەیڤینەکەیان کەی بلاّو دەبێتەوە. ئەگەر کتێبێك دەنووسیت، ئەوکاتـە بەرسـڤی ئـەم پرسـیارە دژوارە. ئەگـەر پەیامـنێرێکی سـەربەخۆی، دیسـان کـارێکی سـەختە. هـەندێ لـە بلاڤۆکـەکان بابەتـەکانی ئێـوە زوتـر بلاّو دەکەنەوە، هەندێکیان لەوانەیە چەند مـانگ دواتـر چـاپی بکـەن. ئەگـەر کـاتی بلاّوکـردنەوەی نازانیت، پێویسـتە بێـژی کـاتی بلاّوبوونـەوەی پەیوەسـتە بە بلاّوکراوەکە، بـەلاّم ئاگادارتـان دەکەمـەوە. ئەگـەر لـە بلاّوکـراوەیەك بـەڵێنی بلاّوکـردنەوەتان وەرگـرتووە مـەڵێ لەوانەیـە لـە فلانـە بلاّوکـراوە بلاّوبێتەوە.

## هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی- هەڤپەیڤین بە هۆی تەلەفۆنەوە

هەرچییەکمان گوت باس تەنیا باسی هەڤپەیڤین بوو. هەندێ جار هەڤــپەیڤینی تەلــەفۆنی زۆر ســاناترە، یــاخود دەتوانــین بــڵێین ژیرانەتـــرە. بەگشـــتی ئـــەنجامدان و رێـــك خستنەکەشـــی زۆر مسـۆگەرترە. پێویست ناکات نیگەرانی هەندێ چاودێری و تێبینی

بـن، جـا تــاكو ئەكــەر نیگەرانییەکــەتان هــی بەرهەڤبونــتان لــە شوێنێکی تایبەت، لەکاتێکی تایبەت و کەسی تایبەت بێت.
بـەم پێناسەیە، هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی پاڵەپەستۆی تایبەتی خۆی هەیــە و لــە ژێــرەوە باســی هــەندێ خــاڵی خۆبەرهەڤکــردن و چاوەڕوانییەکانتان دەکەین.

## پێوەندی کردن بە پەیڤدەرەوە

بابـەتێکی گـرنگ کە لەکاتی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی دەبێـت بیرتان بێـت، ئەوەیـە کـە ئـەو کەسەی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت، لەوانەیە ئـەو کەســە بێـت کـە مەبەســتتانە هەڤپەیڤیـنی لەگـەڵدا بکـەن و یەکڕاسـتیش هەڤپەیڤینەکەتان لەگـەڵدا دەسـت پـێ بکـات. بۆیـە دەبێــت پرسیار و قەڵەم و کاغەز و ڕێکۆردەرەکەت لەبەردەست و ئامادە بێت.
ئەگـەر پێوەنـدی بـە پێوەنـدی گشـتی ڕێکخـراوێکەوە دەکـەی ، لەوانەیـە کەسـێك یەکسەر وەڵامتان بداتەوە: لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەوکەسـانە وەڵامدانـەوەی کەسـانی وەك تۆیـە. ئەگـەر دەتانەوێ لەگـەڵ پسـپۆران بـە تایـبەتی قسـە بکـەی ، لەوانەیـە پێویسـت بەوەبێ لەڕێی بەردەستەوە پەیوەندیان پێوە بکەی .
هەندێ جار ڕاستەوخۆ پێوەندی دەکەن و هەندێ جاریش لەوانەیە داواتـان لێ بکـەن کـاتێکی تـر تەلەفۆنیان بۆ بکەن یاخود بڵێن کە خۆیـان تەلەفۆنـتان بـۆ دەکەنـەوە. لە هەندێك جاردا لەوانەیە، تۆ یەکســەر لەگــەڵ ئــەو کەســەی مەبەســتتانە پێوەنـدی تەلــەفۆنی بگـری، ئەگـەر دڵنیا نیت لەگەڵ کێ دەتەوێ قسە بکەی ، پرسیار بکــە ئایــا کەســێك هەیــە تــا داواکــاری ئێــوە جێبــەجێ بکــات

بۆنموونە: دەمەوێ لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم کە ئەزموونی کارکردنی لە نەخۆشخانەدا لەکاتی شەڕدا هەبێت.
کە کەسێکی ئاوات پەیدا کرد، خۆتی پێ بناسێنەو مەبەستی خۆتی پێ بڵێ، ئەگەر ئەو کەسە رازی بوو قسەتان لەگەڵدا بکات، بەلاّم نەیەکڕاست کە تەلەفۆنەکەتان بەدەستەوەیە هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دامەزرێنی، دەتوانی پێشنیاز بکەی کە کاتێکی دیاریکراوی تر تەلەفۆنتان بۆ دەکەمەوە یاخود لەوانەیە ئەو خۆی پێشنیازێکی لەو جۆرە بکات. کە دواتر تەلەفۆنتان بۆ دەکات و تۆش رازییە، بەلاّم هەمیشە هەوڵ بدە خۆت تەلەفۆن بکەیەوە.

## ئەنجامدانی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی

کەکەسی مەبەستت پەیدا کرد و قایل بوو کە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ هەڤپەیڤین ئیدی دەتوانی دەست پێ بکەی. لە هەڤپەیڤینی تەلەفۆنیشدا هەر وەکو هەڤپەیڤینی ڕووبەڕوو کۆنترۆڵکردنی کەش و هەوای دیمانەکە بۆ ئێوە گرنگە. پرسیاری روون و گرنگ لە پەیڤدەرەکەتان بکە، خۆت لە داوی بابەتی درێژ و درێژدادڕی بپارێزە.
بەپێچەوانەی هەڤپەیڤینی راستەوخۆ لە هەڤپەیڤینی تەلەفۆنیدا سیماو گۆڕانکارییەکانی پەیڤدەرەکەتان نابینرێ، بەلاّم بە بیستنی دەنگیان تا رادەیەك دەتوانیت هەست بە زۆر گۆڕانکاری سیمای ئەو بکەی.
زۆربەی ئەو کەسانەی کە رازی دەبن هەڤپەیڤینی تەلەفۆنیان لەگەڵدا بکەی بەوپەڕی حەزەوە دەپەیڤن، دەبێ ئاگادار بیت کاتی زۆریان لێنەگری. سەرنج بدەن ئەگەر بێ قەرارن یاخود وەلاّمی کورت کورت دەدەنەوە، زوتر کارەکەتان کۆتایی پێ

بهێنن. هەندێجار لەوانەیە پرسیارەکانتان بۆ ئەوان ئازار دەربێت (بەتایبەتی ئەو پەیامنێرانەی کە بەدوای بابەت یاخود هەواڵێکی ناسکەوەن). ئەگەر سەرنووسەر داوای لەتۆ کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەوە بکەی ئاخۆ بۆچی بەهۆی ساختەکاری لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی فلأنە کارگە دەکرێت؟ ناچاری بە شوێنیدا بگەڕێی بە زانینی ئەوەی کە رۆژنامەنووسی لێکۆڵینەوەیی هەموو جارێك نابێتە هۆی دڵگیری و خۆشەویست کردنی ئێوە، بەلأم تۆ ئەم پیشەیەت قبوڵ کردووە هەندێ جار لەوانەیە ئەوەش بزانیت کە پەیڤدەران دەیانەوێ بەزوترین کات کۆتایی بە هەڤپەڤینەکەیان بهێنن. ئەگەر بارودۆخێکی ئاوا هاتە پێشەوە، دەبێ بەڕووی خۆتاندا نەهێنن و پێتانەوە دیار نەدا، چونکە تۆ ئەودالّی زانیاریت و دەبێ بەدەستی بێنی. کە هەموو پرسیارەکانی خۆت کرد یاخود لانی کەم زانیارییەکانت وەرگرت، ئیدی کۆتایی بەو وتوێژکردنە بهێنە.

هەروەکو هەڤپەیڤینی راستەوخۆ دەتوانیت بە زمانێکی شیرین سوپاسی بکەی. وەك بڵێی وایە هەموو شتێك باسکرا، زۆر سوپاس کە ئەم وەختەی خۆتان بۆ من تەرخان کرد، بەراستی وتووێژێکی بەسوود بوو.

خەڵکی حەز دەکەن سوپاس بکرێن و واهەست بکەن کە هاوکاری کەسێکیان کردووە، بۆیە لە گوتنی ئەم وردەکاریانە خۆتان مەبوێرن تاکو ئەگەر هەڤپەیڤینەکەتان ئەمەندەش بەکەڵك و وەك پێویست نەبووبێ.

بەرلە داخستنی تەلەفۆنەکە، ناوی تەواوی پەیڤدەرو لەکاتێکدا ئەگەر گومانێك لەسەر رێنووسی ناوەکەی هەیە، پیت بە پیت

خۆتـان لـه دروسـتبوونی نـاوی تـەواوی دڵـنیا بکەنـەوەو پیشـە و ناونیشانیشی لای خۆت بنووسەوە.

**تۆمارکردنی هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی...**

بـە ناچـاری دەبێـت زۆربـەی گفـتۆگۆیە تەلەفۆنییـەکان بەدەست بنووسـییەوە لەبـەر ئـەوەی پـەیڤدەر خـۆ نابیـنیٚ تـۆ بەدەسـت پەیڤـەکانی لای خـۆت دەنووسـیەوە. بەهـەموو ئـەو هۆگـری و حـەزەی کـە لەوانەیـە بۆ هاوکاری ئێوە نیشان بدا، هەلی ئەوەتان ناداتیٚ تۆ پەیڤەکانی یادداشت بکەی، وەستان و بێدەنگی لەکاتی هەڤپەیڤیـنی تەلـەفۆنی زۆر ناخۆشـترە لە وەستان و بێدەنگبوون لـەکاتی هەڤپەیڤیـنی راسـتەوخۆ، لەوانەیشـە بـۆ درێـژەدان بـە پەیڤـەکانی پاڵەپەسـتۆی بکەوێـتە سـەر. رێگەچـارەی ئاسـان و گونجـاو بـۆ ئـەم کـارە لـە ئـارادا نییـە، بەلاّم پەیڕەو کردنی ئەم خالاّنە نابەجیٚ نین.

– تا دەکریٚ پرسیارەکانت روون و ئاشکرا بن.

– مەودا و شوێنێکی زۆر بۆ وەلاّمەکان بەجیٚ بهێڵە.

– ئەگـەر نـاتوانیت هـەموو وەلاّمـەکان بنوسـییەوە بـەوردی گویٚ بگرە و کورتە و پوختەی قسەکانی بنوسەوە.

– هـەل بـۆ خـۆت بڕەخسـێنە ئـەوەی دەیـڵیٚ دووبـارەی بکەوە و هەولٚ بدە بەڵێی دڵنیا بوون لە چۆنییەتی حاڵی بوونت لە پەیڤدەر وەربگـرە، بـۆ نموونـە کەواتـە دروستە بڵێم لەبەر ئەوەی کە ئێوە دەڵێن و شتیتری لەم بابەتە.

– داوای لێـبکە دووبـارەی بکاتـەوە ، بـەلاّم نـەوەك هەموو شتێك وەك: بـبورە فـریانەکەوتم هـەموو ئـەو شـتەی کـە فـەرمووتان

بنووسمەوە، بەراستی بابەتی گرینگ بوون بێ زەحمەت دووبارەی ناکەنەوە.

– هەندێجار لەکاتی هەڤپەیڤینەکەدا بیری پەیڤدەرەکەتان بخەنەوە کە پەیڤەکانی دەنووسنەوە، بۆ نموونە ((پاڵم داوەتەوە دیوارەوە خەریکی نووسینەوەییم، کەواتە بەم جۆرە بە چاکی بۆم نانووسرێتەوە.؟)).

– لە کۆتاییدا سەبارەت بەهەر شتێك کە لێی دڵنیانیت دووبارە پرسیاری لێ بکە.

– لە پەیڤدەرەکەتان بپرسە، ئەگەر شتێکم لەبیر چوبێت بینووسمەوە، ئایا دەتوانم دووبارە تەلەفۆنتان بۆ بکەمەوە، بەو شێوەیە دەتوانی جارێکی تریش پێوەندی بەو کەسەوە بکەیت.

## تاوتوێ کردنی دوای ئەنجامدانی کارەکە .

دوای تەواوبوونی یەکەمین هەڤپەیڤینتان باس و تاوتۆی کردنێکی کورت، زۆر بەکەڵك دەبێ و پێویستە سوود و قازانجی تایبەتی و بەرچاوی باس و تاوتوێ کردن دوای بڵاوبوونەوەی هەڤپەیڤینەکە لەوەدایە کە هاوکاریتان دەکات تا جارێکی تر، کارێکی جوانتر لەکاری یەکەمتان جێبەجێ بکەن.

تاوتوێکردنی هەڤپەیڤینە زۆر باش و سەرکەوتوەکانیش دەتوانی لەو روانگەیەوە کە بۆت دەربکەوێ چ خاڵێك بۆتە هۆی باشتربوونی و سەرکەوتنی ئەو هەڤپەیڤینە، بۆ ئێوە بەسوود و بەکەڵك بێت.

دوای تەواو بوونی هەڤپەیڤینەکەش لێکدانەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنێکی ورد و بەجێ لەوەی کە ئاخۆ هەڤپەیڤینەکە

چۆن بەڕێوەچووە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کامە بوون، ئەنجام بدەن، لە هەموو ئەو بابەتانەی کە باسیان لێوە دەکرێ، شتێك بنووسە تا لە داهاتودا لەجیاتی پشت بەستن بە ئەو یادداشتانەی پێشتر نووسیونەتەوە، ئەوەندە بیرمەند بیت تاکو پرسیاری بەجێ و شایستە بکەیت و بەرلە پرسیارکردنی بەردەوام کاتی پێویست بدە بە پەیڤدەرەکەتان تا لەسەر ئەو شتانەی کە دەیانڵێ روونکردنەوەی پێویستیش بدات.

بەگشتی کارە سەرەتاییەکانت بە گوێرەی حەزی خۆت نابێ چونکە هونەری دواندن وەکو هەر پیشەو کارێکی تر پێویستی بە مەشق و ئەزموون هەیە، بەهەر حاڵ بەرزەفڕی بەتایبەت لەسەرەتاوە، قەباحەتێکی گەورەیە.

جگە لەوەی کە لەکاتی هەڤپەیڤین کردندا تەنیا دەبێ باوەڕتان بە خۆتان بێ و پشت بە لێهاتوویی و ئەزموونی خۆتانەوە ببەستن کە کارەکەتان کۆتایی دێت، ئینجا قسەی لەسەر دەکرێ و هەڵدەسەنگێنرێ، ئەگەر توانیتان ئەو زانیاریانەی کە مەبەستتانە بەدەستت هێنابێ ئەوا سەرکەوتوو بوون لە کارەکەتاندا، ئەگەریش جوان و چێژ بەخشبوو (کەواشە) خۆتان خەلات بکەن. بەهەرحاڵ واقیع بۆت دەردەخات کە وتووێژ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێ، چونکە هەرجارەی کەسێك دەدوێنن کەواتا پرسیاری نوێ دێنە ئاراوە، هیچ کتێبێکیش لەئارادا نییە کە ئەوەندە رێك و پێك و تەواو بێت، هەموو پێش هات و گۆڕانەکانی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراوی لەکاتی هەڤپەیڤینێکدا لەخۆگرتنی، بەلام ئەوەی دەمانەوێ باسی لێوە بکەین، روانینێکی بارودۆخێکی

جیاوازه، کە لەوانەیە لەکاتی هەڤپەیڤینەکاندا ڕووبەڕوویان ببینەوە.

**وتوویژ لەگەڵ پتر لە کەسێکدا ..**

لە هەڤپەیڤینی راستەوخۆ و ڕووبەڕوودا بەگشتی پەیڤدەرو هەواڵنێر بە تەنیا پێکەوە دادەنیشن، بەلام جاری واش هەڵدەکەوێ کە وتوویژ لەگەڵ دووکەسدا ئەنجام بدرێ. لەگەڵ دووکەسی ئەوتۆدا کە بە هەمان ئەندازە بۆ کارەکەی تۆ گرنگن، بۆ نموونە ژن و پیاوێك، دوو کەسی شەریکەکار، دوو کەسی دوانە، یاریزانانی هاوسەر کە شێوەی کاریان وەك یەکە ، بەلام ئەگەری سەرکەوتن لەوجۆرە هەڤپەیڤینانەدا زۆرە.

مەترسی بێدەنگ بوون ٥٠٪ دێتە خوارێ. لەبەر ئەوەی خەڵکی لەتەك ئاشنایەکدا بە دڵنیاییەکی پترەوە قسە دەکا و بۆ بیر خستنەوەی هەندێ بابەت هاوکاری یەکتر دەکەن کە ئەمە خۆی هاوکاریەکی مەزنە بۆ کارەکەی تۆ.

یەکێك لەو خەراپانەی کە لەوانەیە لەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا بێنە پێشێ، ئەوەیە کە لەوانەیە یەکێك لەو دوو کەسە هەندێ کەم دوو بێت بۆیە لەکاتی نووسینەوەی قسەکاندا لەوانەیە هەست بکەیت کە هەموو گێڕانەوەکە هی یەك کەسە، دەبێ ئاگادار بیت و هەوڵ بدەی لەگەڵ هەردوو کەسەکەدا قسە بکەی، ئەگەریش بە درێژایی ماوەکە تەنیا یەکێکیان قسان بکات، بیرخستنەوەیەکی کورت لەوانەیە بتوانێ ئەم گیروگرفتەتان چارەسەر بکات. وەکو (خاتوون بیروڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە)؟

**هەڤپەیڤینی بە کۆمەڵ (مێزگرد)**

ئـەم جـۆرە هەڤپەیڤیـنانە لەوانەیـە بـۆ سەرەتای کارەکەتان باش نـەبێت، چـونکە لێهـاتوویی و زانیـاری زۆر و گـرنگی پێویسـتە، لەلایـەکی دیکەشـەوە هەڤپەیڤیـنی بـە کۆمـەڵ لەگەڵ ئەندامانی تیـپێکی وەرزشـی یـان کۆمـەڵێك لـە ئـەندامانی پەرلـەمان یـاخود کۆمەڵەیەکی پاڵەپەستۆیی لەوانەیە بەکەڵکتان بێت.

زۆربـەی کـات لەهـەر یـەك لەو دانیشتنانە (مێزگرد) بیروڕا باوەڕی جیـاواز بـاس دەکـرێ، ئێـوەش دەتوانـن ئەوانە بکەن بە باسێکی گشـتی بـۆ هــەموویان زۆربــەی بەرهــەڤ بوویــان و خۆشــت وەك بەرپرسی کۆبوونەوە (مێزگردەکە) چاودێری دانیشتنەکە بکەیت.

ئەوەشـتان لەبیر بێت کە ئەگەر کەسێك هەموو باسەکەی بۆ خۆی تــەرخان کــرد، تــۆش بــەم پرســیارەی خــوارەوە کۆتــایی بــە درێژدادڕییەکـەی بهێـنەو بـە یەکێکیتـر بـڵێ، ئێـوە لـەم بـارەوە بیروڕاتان چییە؟ و ئەوانی تریش بێنە ناو وتووێژەکەوە. ناونیشان و پێناســەی یەکەکــەی بەشــداربوانیش یــان هاوکــات لەگــەڵ مێزگـردەکەدا یـاخود لـە کۆتـایی کارەکـەدا بپرسـەو لـەلای خـۆت یادداشت بکە.

**هەڤپەیڤین لەگەڵ منداڵاندا..**

منداڵان دەشێت ببنە سەرچاوەی زۆر چاکی قسەی سەرنج راکێش و هـەندێ جـاران قسەی بە توێکڵ و زۆربەی جار سەیرو عەنتیکە. هــەندێ جـاران وتووێژکـردن لەگـەڵ منداڵاندا پێویستە. بۆ نموونە ئەگەر توێژینەوەیەکتان لەسەر جۆری وەڵامدانەوە و هەڵسوکەوتی مــنداڵان لەســەر چــیرۆکی مــندالاندا هەیــە لەوانەیــە بــتانەوێ هەڤـپەیڤین لەگـەڵ مـنداڵاندا بکـەن.یاخودلەهـەندێ بیـاڤی دیکەدا لەوانەیـە بـتانەوێ لەگـەڵ زارۆیـەکی بـەهۆش و بـیر قسـان بکـەن

یـانیش بـیروڕای منداڵان لەسەر گۆڕانکاری لەوانەکاندا داخۆچۆنە، بابەتێکیان لەسەر بنووسن.
لەگـەڵ مـنداڵاندا وەك مـرۆڤی ژیـر و تێگەیشـتوو، جگـە لـەوەی مـنداڵان توانـای قسـەکردن لەسـەر بابـەتێکی دوورودرێژیان نییە، قسان بکەن.
کـارێکی وابکـەن هەڤپەیڤیـنەکە بـۆ ئـەوان وەك شـتێکی جـوان و سـەیرو سـەمەرە بێـتە بەرچـاو و بـە زمـانێکی وا کـە لەئاسـتی تێگەیشـتن و حـەزی ئەواندا بێت بپەیڤن. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەڤپەیڤینەکەتان رەسمی نەبێت باشترە. پاڵەپەستۆ نەخەیتە سـەر مـنداڵان کـە دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت وەڵامتان بدەنەوە.
بەرلـە هەڤـپەیڤین و دواندنـی مـناڵان باشـتر وایە لەگەڵ کارگێڕانی قوتابخانەکەی یاخود کەس و کاری منداڵەکە قسان بکەی.
هەڤـپەیڤین کـردن لەگـەڵ مـناڵانی رۆژئـاوادا یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

## هەڤپەیڤین لەگەڵ بەساڵاچواندا

کەسـانی بەتەمـەن و بەسـاڵا چـوو سەرچـاوەیەکی دەوڵەمـەندی بابـەتی جـوان و قوڵـن بەتایبەتی بۆ دیرۆکنوسان و رەچەڵەکناسە ناوچەییەکان.
زۆربـەی ئەوکەسـانە حـەز دەکـەن سـەبارەت بەڕابـردووی خۆیـان بدوێـن و خـۆ ئەگـەر خانەنشـین بـن ئـەوا لەبارەی کاتیشەوە هیچ جـۆرە گیروگرفتێکـتان نـابێت. بـیرەوەری بەسـاڵا چـوان پـتر بـۆ زانیـنی ئـەزموونی ژیانیانـە و نـرخی خـۆی هەیە، تا ئەوەی کە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر روداوەکانی رابردوو بێت.

بـــەم حاڵەشـــەوە زۆربـــەی ئێمـــە حـــەزمان لـــە وەبیرهێـــنانەوەی بیرەوەریـان نییـە بـۆ نموونـە بیرمـان بێتەوە ئاخۆ دوێنێ نیوەڕۆ چیمان خواردوە..؟

زۆر ئاســـاییە کـــە کەســـێکی بەساڵاچـــوو نەتوانێ‌ڕێکـــەوتی رووداوەکـانی بەجوانی وەبیر مابێ، بەتایبەتی هەندێ کارەسات و ڕووداوی زۆر لەمەوبـەر واتە پەنجا ساڵ بەرلە ئێستا. بۆ بەدەست هێـنانی زانیـاری لـەم جـۆرە دەبێـت پشـت بەهـەندێ سەرچاوەی دیکە ببەستن.

بەگشـتی هـزر و هۆشـی سـەردەمی منداڵی زۆربەی خەڵکی باشە. ئـەوان بیرەوەریەکانی کاتی شەڕو شۆڕو روداوانیان بۆیە بەجوانی وەبیرمـاوە، چـونکە لـە بـارودۆخێکی تایـبەت دا ژیـاون، زۆربـەی خـەڵك بیریـان ناچـێ فـلاَن پـرۆژە کـەی تـەواو کراوە یاخود فلاَن کەسایەتی گەورە و ناسراو کەی سەردانی ناوچەکەیانی کردووە.

هـەندێ جـار وێنەیەك یان کارتێکی پیرۆزبایی یان تابلۆیەکی کۆن دەتوانـێ یاریدەدەرتان بێ، چونکە ئەمانە هاوکاریت بکەن، لەبەر ئـــەوەی ئـــەم شـــتانە دەبـــنەهۆی ئـــەوەی پەیڤدەرانـــتان گـــەلێ بیرەوەریان بیر بێتەوە.

لـەم بارەیـەوە بـەبیر هێـنانەوەی بـۆ نموونـە ئاهـەنگێکی کـۆن و رەسـەن دەتوانـێ هاوکاریـەکی باشـت بکـات. دەتوانـی داوا لــە پـــەیڤدەرانت بکـــەی ئەگـــەر وێـــنەیەکی ئـــەو رۆژگـــارە لـــەمێژەی خۆیانیان هەیە بتان دەنێ.

لەسەر ئەم وێنانە دوان بۆ بەبیرهێنانەوەی بیرەوەریەکانی رۆژانی رابردوو، بەڵگەیەکی گرنگن و لەکاتی پێویست بەکەڵکە.

هەڤپەیڤیـنی مێزگـردی لەگـەڵ چـەند کەسـێکی بەسـاڵدا چـوو تاڕادەیـەك لـەڕووی تەمـەن لـە یـەکتر نـزیك، ڕێگایـەکی گونجـاوە

بۆوەڕیێ خستنی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیان. کاتێك هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسانی زۆر بەساڵا چو دادەکەی ئاگاداری توانا و تاقەتیان بن و ماوەی قسەکردنتان درێژ مەکەنەوە. بیرهێنانەوەی بیرەوەریەکانی رابردوو هەندێ جار دەتوانێ مرۆڤ ماندووش بکات، کەچی زۆربەی خەڵکی چێژ لە گێڕانەوەی دەبینن.

## هەڤپەیڤین لەگەڵ ناوداران و دەوڵەمەنداندا

ئەگەر پەیڤدەرەکەتان کەسێکی ناودار بێ یان هێندە زەنگین بێ کە لەوانەیە لە ٥ دەقیقەدا بە ئەندازەی پتر لە ساڵێکی تۆ دەرامەتی بێتە دەست لەوەیە بشڵەژێ، بەڵام ئەوە بزانە کە تۆ لەگەڵ ئەودا یەکسانی و لەو کەمتر نیت و تۆ وەکو پیشەکارێك وتووێژی لەگەڵدا دەکەی.

نەوەك بەناوی تەماشا چییێکەوە. کەسانی زۆر سەرکەوتوو بەهۆی ئەوەی کە زۆر رێك و پێك و پیشەیین، بە سەرکەوتن و ئاواتەکانیان گەیشتوون، بەڵام ئەگەری ئەوەی کە ئەوانیش کەسانی بێ سەروبەرو کورت بین و بێ مێشك بن بەهێزە. ئەوکەسانەی کە هەردەم خەڵك بڕیاری کارەکانیان دەدا وێنە و ناوبانگێکیان هەیە کە هەمیشە بۆ پاراستن و گەشەدانی هەوڵ دەدەن. بەم هۆیەوە نووسراوو کارەکەی تۆ لە روانگەی ئەوانەوە زۆر گرنگە و لەبیرتان نەچێ لەو دیوی پڕوپاگەندەی چەواشە کارو زیادەڕۆو ڕواڵەتی بریقە دارو چەواشەکار یاخود ژیانی بەهەڵاو بەزم، بەهەر شێوەیەك ئەوانەش ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین. کەسانی ناسراوو دەوڵەمەند لە ڕاستیدا وەکو هەر کەسێکیترن و پەیامنێرێکی چاك دەبێ ئەو بەشەی وجودیان کە وەکو هەر کەسێکی دیکە مرۆڤن بەدەست بهێنێ.

## هەڤپەیڤین لەگەڵ خەڵکی گومناو

هەندێجار لەوانەیە کەسێك بدوێنی کە حەزناکا ناوەکەی بڵاو ببێتەوە، زۆر هۆو ئەگەر لە ئارادان کە کەسانێك نەیانەوێت ناویان بێتە ناوناوان. بۆ نموونە هەردەم کەسانێك هەن کە دەستیان دەنیۆ ئیش و کاری ناپەسەند و ناشیرین دایە. یاخود کەسانێك لەسەر ئەزموون و رۆژە تاڵ و ناخۆشەکانی خۆیان دەدوێن، ئەگەر گومانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتێکی ئاوادا شك دەبەی، دەتوانی لەکاتی دانانی کات و شوێنی هەڤپەیڤینەکە ئەم باسە پێشنیار یا بیر بخەیەوە. ئەگەر کەسێك بەم هۆیەوە لە هەڤپەیڤین لەگەڵ تۆدا سارد بۆوە، ناوێکی (نازناو)ی پێشنیاز بکە، بەڵێن بدە بەجۆرێك بینوسیتەوە کە نەناسرێتەوە.

## ئەو کەسانەی دەیانەوێ سەرەتا پرسیارەکانتان ببینن

هەندێ جار پەیڤدەر حەز دەکات پرسیارەکانی بدەیتێ، هەڵبەتە زۆرهۆ بۆ ئەم کارە هەن لەوانە:

– ئەوان زۆر پڕکارن و پێویستیان بەوەیە بە تەواوی بزانن لە کاتێکی تایبەتیدا چ شتێکیان لێ چاوەڕوان دەکرێ.

– ئەوانیش پێویستیان بەخۆ بەرهەڤ کردن هەیە( ئەم خۆ بەرهەڤ کردنە پتر ئەو سیاسەت وانانە دەگرێتەوە کە دەبێت بەکۆڵەباریێ زانیاریەوە بێنە مەیدان. چونکە لەوانەیە شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی پرسیارەکان نەبن، بۆیە بۆ باس کردنێکی گشتی و بەربلاو پێویستییان بەوە هەیە).

لەوانەیە زمانی بنەڕەتی ئەوانە ئەو زمانە نەبێت کە پەیامنێر هەیەتی و قسەی پێدەکات، بەم هۆیەوە کاتێکی پتریان بۆ ئامادەکردنی وەڵامەکان و بەرهەڤ کردنی خۆیان پێویست بێت.

– لەوانەیە ترسیان هەبێت ، لەوانەیە بە هەندێ هۆی ڕەواش بێت کە تۆ بتەوێ بەهۆی ئەو هەڤپەیڤینەوە ئەوانەی لێ ئاشکرا بکەی.
– لەوانەیشە ترسێکی بەجێ و ڕەواش دایان بگرێ ئەویش بەهۆی ئـەنجامدانی کـارێکی نەناسـراوەوە یـاخود لەبـەر ئـەوەی چـونکە ڕووبەڕووی کەسێکی نەناسراو دەبیت.
لەوانەشـە نیگـەرانی و دلەڕاوکێکـەتان لـە گومـانی خـەراب کردنی هەڤپەیڤینەکەوە بێـت.
لـەکاتێکدا لەوانەیـە زۆربـەی ئەم هۆیانە ڕەواو بەجێ بن، لەوانەیە هەسـت بکـەن داواکاریـەکانیان بەشی زیاتر لە نیگەرانییەوە دێت، تـاکو ئـەوەی کـە پێویسـتی بـە بینیـنی بەرلـە هەڤـپەیڤین بێـت. ئـەوەی کـە لـەم بارەوە چ بڕیارێك دەدەی پێوەندی بە خۆتانەوە هەیـە، بـەلاّم وەکـو بناغە چوارچێوەیەکی گشتی لەبەر چاو بگرە ئـەوەی کـە بەرلـە هەڤـپەیڤین لێـبگەڕێی پـەیڤدەر پرسـیارەکانت ببینـێ کـارێکی بـەجێ و دروسـت نییـە.لەبـەر ئـەوەی لەوکاتـەدا هـەندێ وەلاّمـی داڕێـژراوی بەکارنـەهاتوو وەردەگـریەوە. بـۆ ئـەو ڕۆژنامەنووسـانەی هیـواداران بابـەتێکی سـەرنج ڕاکیـش بـۆ وتارەکـەیان بەدەسـت بێـنن، نـابێ بـەهیچ شـێوەیەك ئـەم کـارە پەسـەند بکـەن( هەڵـبەتە لـە هـەندێ جـاری زۆر کەم و بێ وێنەدا واهەڵدەکـەوێ هـەر ئـەم شـێوازە زۆر بەسـوودی ئێـوە یـێ) لەبەر ئـەوەی هــەندێ لــە خــەڵکی ماوەیــەکی زۆر کـاتی خۆیـان بـۆ دۆزیـنەوەی هۆشمەندانەتـرین وەلاّمـی گونجـاو تـەرخان دەکـەن، بـەلاّم زیـانێکی دیکـەی ئـەم کـارە ئەوەیە کە دوای وەرگرتنەوەی وەلاّمـەکان هەسـت بـەوە دەکـەی بـۆ هەڤپەیڤـنێکی داهێـنەرانە دەسـت و پێـتان بەسـتراوەتەوەو ناچارن خۆتان هەربەو پرسیارە

بێ بڤەو (هەندێ جاریش دەکرێ بڵێین نە ئەوەندەش سەرنج ڕاکێش ببەستنەوە).
ئەگەر داوایان لێکردن کە زوتر پرسیارەکانیان بدەنێ، دەتوانن بڵێن ئەمەیان ئیتر پڕۆگرام و سیاسەتی بڵاوکراوەی ئێمە نییە کە سەرەتا پرسیارەکان بدەین بە پەیڤدەرانمان. یاخود هێشتا دڵنیانیم دەمەوێ چ پرسیارگەلێکتان ئاراستە بکەم، بەڵام پرسیارەکانم بەتەواوەتی گشتی و سەرڕاستن و هیچ هۆیەك بۆ نیگەرانی ئێوە نابینم و لە ئارادا نییە.
ئەگەر دیسانیش پێیان لەسەر بینینی پرسیارەکان داگرت، ئەوە دەمێنێتەوە، سەر بڕیاری ئێوە ئایا داواکەیان بەجێ بهێنی یاخود واز لەو هەڤپەیڤینە بێنی.
لەلایەکی تریشەوە بەناردنی ناوەرۆکی پرسیارەکان دەبێ پێت وانەبێ ئیتر هەموو شتێك تەواوە، لەبەر ئەوەی بەگشتی دەتوانن شتێکی بە نرخ لەو هەڤپەیڤینە دەربێنن و کەچی لەوانەیە لیستێکی پرسیارەکانت دا بێت، بەڵام هیچ شتێکیش ناتوانێ بەرگەی پرسیاری تر کە لەو لیستەدا نەبن بگرێ.

## پرسیارە قەدەغەکان

هەندێ جار پەیڤدەر مەرجی خۆی هەیە کە نابێ لەسەر هەندێ کێشە بۆ نموونە لەیەك هەڵوەشانەوەی زەماوەندێك پرسیاری لێ بکەی. ئەم بارودۆخە پتر لەگەڵ کەسانی ناودار دێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر مەبەستتان لە دواندنی ئەو جۆرە کەسانە بەتایبەت بۆ ئەوەیەکە بتوانی شتێك لە نهێنی ژیانی تایبەتیان بکرێنی، ئەم ڕێچکانەی خوارەوەتان لەبەردەست دایە.
– واز لەم هەڤپەیڤینە بێنە و بەدوای کەسێکی دیکە بکەوە.

- بەداواکـــەی رازی بـــبەو پرســـیارە ناســـك و تایـــبەتییەکانت لـــە سـەرەتای هەڤپەیڤینـەکە مەخەرەڕوو، بەڵام ئەم کارە یاخود ئەم شـێوازە بـۆ یەکـەمجار کـە دەتـەوێ هەڤـپەیڤین بکـەی پێشـنیار ناکـەم، لەبـەر ئـەوەی لەوانەیـە لـەکاتێکی وادا پەیڤدەرەکـەتان بەتەواوەتی هەڤپەیڤینەکە رەت بکاتەوە.
هەوڵبدە لەسـەر ئـەو بابەتـە لەگەڵ ئەو کەسە (پەیڤدەر)دا قسان بکـەی، پێـی بڵـێ کـە بۆچـی باشـترە لەسـەر ئـەو جیابوونـەوە (تەڵاق)دانە قسان بکات.
پێـی بڵـێ باشـتر وایـە خـۆی کۆتـایی بـەو پڕوپاگەندانە بێنێ کە لەسەری دەکرێن. لێی گەڕێ باوا تێبگا کە تۆ لە گەڵیدا هاوخەم و هـاودەردیت، بـۆ نموونە بڵێ: دەزانم کە ناتەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسان بکەی، بەڵام پێم وایە لەوانەیە باشتر وابێت ئەو شتە لەگەڵ خەڵکیدا باس بکەی، تا کۆتایی بەو هەموو پڕوپاگەندەیە بێت.

## وەفاداری

ئەوانـەی قـاییل دەبـن وتوێژیـان لەگەڵ بکرێ حەز دەکەن هەموو قسـەکانیان بنوسـرێ و بـڵاو بکرێـتەوە، لەوانەیشـە پـەیڤدەر لـە قسـەکانیدا شـتێکی وەکو (هەڵبەتە هاوسەری پێشووی من هەر لە سـەرەتاوە بـێ کـەم و زۆر گایـەك بـوو لـەو گـۆڕەی؟!) کـە نەیویسـتووە بیـڵێ، یـا هەسـت دەکـات لەوانەیـە سەرئێشـەی بـۆ دروسـت بکـات، بـەم هۆیـەوە داوات لێدەکـات ئـەم رسـتەیە لـە قسەکانیدا لابدەی، ئێوە لە کاتێکی ئاوادا دەبێ ئەم کارە بکەن و داواکـەی جێـبەبەجێ بکـەن، تـاکو ئەگـەر ئـەم لادانـە بـە واتـای لەدەسـت دانـی باشـترین قسـەی نێـو هەڤپەیڤینەکەشـتان بێـت.
هـەندێ جاریش بە جۆرو شێوازی دیکە دەتوانن خۆتان لەو جۆرە

ئـەرك و بارودۆخانــە قورتــار بكــەن. بـۆ نموونــە ئــاوای لێــبكەن، (فلاَنەكـەس    كەسـی سـێیەم) پێـی وتم كـە جەنابتان (پەیڤدەر) هەمیشـە پێـی وابـوو هاوسـەرەكەی گایەكـە لـەو گـۆڕەی، بـەلاَم دەبێـت چـاوەڕوانی سـكالاَو گـازندەی دواتـریش بیت. هەندێ جار لەوانەیـە ئـەو شـتەی كـە گوتـراوە، ئێـوە خۆتـان حـەز بكەن لای بـدەن، ئەمـە لەكاتێكدایـە كـەوا هەسـت دەكـەی پـەیڤدەر بـەبێ ئەوەی مەبەستی بێت و بیەوێ لەخۆی تێكداوە.

لـە بـارودۆخێكی ئـاوادا ئەگەریش ئەوجۆرە رستەیە لانەدەی لانی كـەم دەبێـت ئـەوەی لێ پرسـیار بكـەی ((دڵنیای كە دڵگیر نابیت، ئەگـەر لە زمان تۆوە بنووسم كە پارەتان نەبوە بۆیە بەناچاری لە فلاَن فرۆشگای بە ناوبانگ دزیتان كردووە!)).

**گەرەكیانە بزانن چیت نووسیوە**

ئاسـاییە بیـەوێ بـەر لـەبلاَو بوونـەوەی دیمانەكـەی چـاوێكی پێدا بخشـێنێتەوە، لەبەر ئەوەی وەلاَمدانەوەی پرسیارەكانی بلاَڤۆكێك دەتوانـرێ‌بەكارێكی بڤـە بێـتە بەرچـاو، هـەروەها هـەر پەیڤدەرێك لەوانەیـە بیـەوێت لەسـەر ئەوەی كە دەربارەی ئەوەوە بە خەڵكی دەگوترێ و نیشان دەدرێ تا رادەیەك دەسەلاَتی بەسەردا بشكێ، هــەندێ جـار دەبێـت بەهـەر نـرخێك بێـت پێـش بەم كارە بگرن و هــەندێ جـاریش ئـەم كـارە لەوانەیـە كـارێكی زۆر شیاوو گونجاوو بەجێ بێت.

**هەڤپەیڤینەكەتان نیشان مەدەن..**

كـە تـازە دەسـتم بـەكار كردبوو، پەیڤدەرێكی خۆشەویست داوای لێكــردم ئــەو بابەتــەم كــە لەســەر ئــەوەوەبوو نیشــانی بـدەم، هەرچـەندە دەمـزانی ئەمە كارێكی خراپە و حەزم نەدەكرد بیكەم

کەچی دامیَ، بەلاّم دواتر زۆر زوو تێگەیشتم کە بۆچی نابیَ بەرلە چاپکردنی، بابەت نیشانی پەیڤدەر بدرێتەوە.یەکەم گیروگرفت لەوەدابوو کە دیسانەوە دەبێت چاوەڕوانی هاتنەوەو وەرگرتنەوەی هەڤپەیڤینەکەت بیت. کاتێکی زۆرم لەچاوەڕوانی بۆ وەرگرتنەوەی هەڤپەیڤینەکە بەفیڕۆچوو. ئەوەندەی نەمابوو لەلای سەر نووسەرەکەی بلاّوکراوەکەشم بیَ بەڵێن دەرچم. گیروگرفتی دوەمیش لەسەر رێنوسی بابەتەکە بوو پەیڤدەر حەزی لە هێنانەوەی راستەوخۆی قسەکانی خۆی نەبوو، لەکاتێك دا کەمن راستەوخۆ دەقی قسەکانی خۆیم نووسیبووەو نووسینەکە قسەی خۆی بوون، بەلاّم ئێستا بە دڵی نەبوون. پەیڤدەر لای وایە بە گۆڕینی چەند رستە لە نووسینەکە (هەڤپەیڤینەکە) باشتر دەبێت.

سەرەڕای ئەوەش پەیڤدەر دەیەویست نزیکەی (١٠٪) پەیڤەکانی درێژتر بکات و کامڵتری بکات. دەیەویست شتی دیکەی بخاتە سەر، لەکۆتاییدا چاککاری و وردەکاری لە بابەتەکەدا ئەنجامدابوو، وای دەزانی هەڤپەیڤینەکەی باشتر کردووە. پەیڤدەر لەکاتێکدا هیچ بیری لەوە نەکردبوەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە نووسینەکەمدا ئەنجام نەداوە، بەلاّم لەڕاستیدا بەو وردەکاریانەی کە ئەنجامی دابوو، کارەکەی منی چەند رۆژێك وەدواخست.

لەم کاتەدا پیشاندانیهەڤپەیڤین بە پەیڤدەر بەرلەچاپ بوونی بەڕاستی کارێکی نابەجیَ بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر ویستبای و بەو ئەنجامە گەیشتبا کە دەبیَ گۆڕانی بنەڕەتی تێدا بکات، ئەوکاتە بارودۆخ دژوارتریش دەبوو.

لـه كۆتـاييدا ئـەو هەڵەچـنيانەی كـە پـەيڤدەر مەبەسـتی بـوو جیّ بـەجێم نەكردن، (لەبەر ئەوەی هيچ بەڵێنێكيشم بەكەسێك نەدابوو كـە ئـەو كـارە بكـەم) ئـەم نموونەيـە ئـەوەمان نيشـان دەدات كە ئەگـەر هەڤـپەيڤين بـەر لـە بلاّوبوونـەوە بـە پـەيڤدەر بدرێـتەوە و نيشان بدریّ لەبەر چوار هۆ پەسند نييە:

– دواكەوتن و بەفيڕۆچوونی كات.

– داواكـاری پـەيڤدەر بـۆ گۆڕانكـاری لـە ناوەڕۆكی وتەكان، بەبیّ لەبەرچاو گرتنی شێوەی ڕێنوس و زمانی پەيامنێر.

– داواكـاری پـەيڤدەر بۆ گۆڕانكاری لە گێڕانەوە و بەسەرهاتەكان تـاكو ئەگـەر راسـتەوخۆ و بـیّ كەم و زياد قسەكانی پەيڤدەريشت هێنابێتەوە.

– داواكاری بۆ كەم كردنەوە ياخود زياتركردنی بڕی نووسراوەكە.

ياسـای گشـتی و بـنەڕەتی ئەوەيـە كە هەندیّ جار و لەبەر هەندیّ هـۆی تايـبەتی دەكریّ، هەڤپەيڤينەكەتان نيشانی پەيڤدەرەكەتان بدەن.

ئەگينا بەبیّ هۆی بەهێز هەرگيز كاری وا مەكەن، ئەوان لە گەڵتان رێـك كـەوتوون بـپەيڤن، پياچـونەوەو كەم و زياتركردنی پەيڤەكان كـاری ئـەوان نييــە. ئــەوەی كــە بــە چ شــێوەيەك دەتــەویّ هەڤپەيڤيـنەكە رێـك بخـەی و بنووسـيتەوە، تـەنيا پێوەنـدی بـە خۆتـەوە هەيـە. زۆر ئاسـاييە ئەگـەر ئەوان ويستبايان لەو بارەوە هەڤپەيڤيـنێك بكـەن يـاخود بابـەتێك بنووسن، بابەتەكەيان لەگەڵ نووسينەكەی تۆ جياوازی بەرچاوی دەبوو.

لـە كۆتـاييدا ئـەوەتان لـەبير بێـت، كـە نووسەری ئەو بابەتە تۆی نەوەك ئەوان.

ئەگـەر پـەیڤدەر ویسـتی ببینێ داخۆ چیتان نووسیوە، هەوڵ بدە بەوپـــەڕی ڕێــزەوە داواکـــەی پەســـند نەکـــەی، دەتوانـــی بـــڵێی (زۆربەداخـەوە، شێوازی کاری بڵاوکراوەکەمان بەم شێوەیە نییە، بـەڵام دەتـوانم بەسەرنووسـەر بـڵێم کە جەنابتان حەز دەکەن ئەو هەڤپەیڤینـە ببینـن)، بـەم شـێوەیە بـەبێ ئـەوەی هیـچ بەد حاڵی بونێـك بێـتە ئـاراوە لـە کـۆڵ خۆتی دەکەیەوە. تۆپەکە لە زەوی خۆتـــەوە دەخەیـــە زەوی سەرنووســـەرەکە. بـــە بـــڕوای زۆربـــەی خـەڵکی بەگشتی سەرنووسەر بونەوەرێکی ترسناکە کە ناکرێ لێی نـزیك بکەویـەوە. بـەم شـێوەیە ئیـتر لـەو بارەیـەوە شتێك ناڵێن. سـەرەڕای ئـەوەی دەتوانـی دڵـنیایان بکەیـەوە کـە هیچ بابەتێکی دوور لەراسـتی و درۆ و دژی پـەیڤدەرتان نەنووسـیوە، ئەگـەریش بـەر لـە هەڤـپەیڤین و پێشـترین بەڵێـنێکی واتـان داوەتـیێ لەڕووی ئەخلاقیـەوە، ناچـاری پابـەندی بەڵێـنەکەت بـی و وتووێژکەشیان نیشان بدەی.

**چ کاتێك هەڤپەیڤینەکە نیشان بدەن..**

هــەندێ جـار نیشاندانی هەڤپەیڤینەکە بە پەیڤدەر لە بەرژەوەندی هــەموو لایەك (پـەیڤدەر، بڵاڤۆك،خوێنەر)دایە، بەگشتی نیشاندانی هەڤپەیڤیـنەکەت بـەو پسـپۆرەی کـە وتوویـژت لەگـەڵدا کـردووە، کــارێکی زۆر بــەجێ و چــاکە، بەتایــبەتی ئەگــەر هەڤپەیڤیــنەکە دەربـارەی شـتێك بووبـێ کـە تـۆ ئـەوەندە زانیـاریت لەوبارەیەوە نییـە، (بۆ نموونە گەشەسەندنی پیشەسازی بۆڵبەرینگ)لەوەشیان دڵـنیا نیـت کــە بــە دروســتی و تــەواوەتی لەســەر بابەتەکــەتان نووسـیوە، لەم بارەیەوە وەرگرتنی بیروڕای پسپۆرێکی ئەو بوارە کــارێکی زۆر ژیـرانەو بەجێیـە. لـە کـاتێکدا کـە دەربـڕین و دانـی

زانیـاری چـەوت و نادروسـت لـەم بارەیـەوە، لەوانەیـە گـەلێك سەرئێشـەت بـۆ دروسـت بكـات. هـەروەها لـەبیرتان نەچـێت كـە زانیـاری بـە هەڵـە هـەندێ جار كێشە بۆ خۆت و بڵاوكراوەكەشتان دروست دەكات.
بـۆ نموونـە ئەگـەر بابـەتێكی پزیشـكی دەنووسـن، ئامۆژگـاری بە هەڵـە دەتوانـێ شـتی تۆقێـنەرو ناخۆشـی لێبكەوێـتەوە، ئەڵـبەتە نەتـەنیا بـۆ ئـەو كەسەی كە بەكاری دێنێ، بەڵكو بۆ ئەو پسپۆر و پزیشـكەش كـە بۆ ئەو وتار و هەڤپەیڤینەش لەگەڵی دانیشتوون و قسەتان لەگەڵیدا كردووە. لێرەدایە ئابڕوی پزیشكەكە لە گۆڕێدایە و تـۆ وەكو پەیامنێر لەباری ئەخلاقیەوە، ئەركی تۆیە ئابڕوی ئەو كەسـە لەكـەدار نەكـەی، سـەرەڕای ئـەوەی كـە ئەگـەر كێشـەكە گـەورە ببـێ لەوانەیە كارتان بكێشێتە دادگەو سكاڵاكاری و شتی دیكە.
جـارێك دكـتۆرەیەك نەیدەویسـت هەڤپەیڤینم لەگەڵدا بكات، لەبەر ئـەوەی بەرلـەمن پەیامـنێرێكی دیكـە قسـەكانی ئەو خاتوونەی بە هەڵگێـڕاوەیی چـاپكردبوون. پەیامـنێرەكە بەڵێـنی پێدابـوو نووسـراوی قسـەكانی پێـش بڵاوبوونـەوە پـێ نیشـان بدات، بەڵام بـەڵێن و سـۆزەكەی خۆی بەجێ نەهێنابوو. بە هەر شێوەیەك بوو ئەو خانمەم رازی كرد قسەم لەگەڵدا بكات. ((لەوانەیە بەو هۆیەوە بووبێـت كـە زۆر دڵسـۆزانە گوێـم لـە گـازندە و سـكاڵاكانی گرت و پێشـنیازم كـرد لـە نووسـینەكەمدا راستەوخۆ ناوی نەهێنم)). ئەو هۆیانـەی كـە ناچـارتان دەكـا دەقـی هەڤپەیڤیـنەكەتان پێـش بڵاوكردنەوە بخەنە بەردەستی پەیڤدەرەكەتان .
– بۆ تاوتوێ كردنی زانیاری هونەری و بۆ دڵنیابوون لە وردەكاری و راست بوونی هەموو نووسینەكە.

- پسپۆرانە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو هەڤپەیڤینە نابێتە هۆی بێ ئابڕووکردن و سوک کردنیان.
- کاتێکیش هەڤپەیڤینەکە بە ئامادەکراوی دەدەن بە سەرنووسەری بڵاوکراوەکەتان بتوانی بەو هۆیەوەی کە بەجوانی بە بابەتەکەدا چوونەتەوەو خوێندراوەتەوە رازی بکەیت و دڵنیای بکەیەوە.

### هەڤپەیڤینێکی دیکە .

ئەگەر هەڤپەیڤینەکە بەجوانی بچێتە پێشێ، بەڵام هەست بەوە بکەی کە کاتێکی تەواوتان نەبووە تا هەموو ئەو پرسیارانەی کە مەبەستت بوون بخەیەڕوو، یاخود تا ئێستا بە بابەتی دڵخوازی خۆتان نە گەیشتوون، لە جیاتی درێژ کردنەوەی کاتی هەڤپەیڤین کردنەکەتان باشتر وایە، داوای هەڤپەیڤین و دیدارێکی دیکەی لێ بکەن. ئەم چاوەڕەوانی و داواکاریەش پتر بۆ ئەو نووسەر و لێکۆڵەرەوانەی کە لەبواری (جدی)دا کار دەکەن، زۆریش ئاساییە و لەم بارودۆخەدا دەتوانیت بە باسێکی وەکو (دانیشتنێك بۆ بەهرە بردن لەو هەموو شتەی ئێوە دەیلێن کەمە، ئایا دەکرێ لە کاتێکی گونجاوی تردا، دووبارە چاوم پێتان بکەوێت؟) داوای لێبکەی رۆژێکی دیکە درێژە بە هەڤپەیڤینەکەتان بدەن.

### هەڤپەیڤینی دوور و درێژ .

لەهەندێ لایەنەوە ئەنجامدانی هەڤپەیڤینی دووەم باشترە لە درێژکردنەوەی کاتی هەڤپەیڤینی یەکەم، لەکاتی هەڤپەیڤیندا دەبێ هۆکارەکانی ماندووبوون و ماندوکردن لەبەرچاو بگری و هەست پێ بکەی، لەکاتی هەڤپەیڤیندا دەبێ بە تەواوەتی و سەد لە سەد لە پەیڤدەرەکەتان ورد ببیەوە و بۆ تەنیا ساتێکیش

سەرنجتان لێی نەپچڕێ. هەتا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەباری دەروونییەوە هەست بە ماندووبوون نەکا.
بەگشتی ماوەی دوو کاتژمێر بۆ وتوویژ لەگەڵ زۆربەی خەڵکیدا کاتێکی گونجاوو لەبارە، بەڵام ئەگەر دوابەدوای ئەم ماوەیە تازە بە هەندێ بابەت و شتی باش و جوان گەیشتن، یاخود وا هەست دەکەی کە پەیڤدەرەکەتان رۆژێکی دیکە ناتوانێ بابەتەکە بەو جوانییە بیرخۆی بهێنێتەوە، تا ئەو شوێنەی کە دەتوانیت درێژەی پێ بدە. لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك حەز دەکەن دوای زاڵبوون بەسەر هەڵچون و دڵەخورپێکانی سەرەتاییان، هەروا درێژە بە هەڤپەیڤینەکەتان بدەن. ئەمە لە ئەستۆی پەیڤدەرەکەیە کە ئەوانە ئەوندە ماندوو نەکا و ئازار نەدا، لەبەر ئەوەی لەوانەیە کاری تریشیان هەبێت. بەگشتی رەواو باش نییە کە هەڤپەیڤینەکە ئەوەندە درێژە پێ بدەی کە پەیڤدەر لەجیاتی پەیامنێر کۆتایی بە هەڤپەیڤینەکە بهێنێ.
کەچی هەندێ جار بەناچاری شتی واش دێتە پێشەوە.

## • پەیڤدەرانی شەڕانی

شەڕانی بوونی پەیڤدەران لەوانەیە چەند هۆیەکی هەبێت، لەوانەیە تووشی نیگەرانی بووبن و سەریان لێشێوابێ، بۆیە وەك کەسانی شەڕانی بێنە بەرچاومان. کەواتە لەو کاتەدا پەژموردە بێنە بەرچاو یاخود هەر لە بنەڕەتەوە مرۆڤی دڵگیر نەبن، لەوانەیشە ئەزموونی تاڵیان لە هەڤپەیڤینەکانی پێشوویاندا هەبێت، یانیش لەبەر ئیش و کاری رێکخراوەیی خۆیان بۆ نموونە (بەرپرسانی پێوەندییە گشتییەکان) هەڤپەیڤین ئەنجام دەدەن، لەوانەیشە کاری پێویست تریان هەبێت کە بیانەوێ ئەنجامی بدەن. هەندێ

لە پەیڤدەران، لەکاتی پەیڤینیان وەك ئەوەی گیانی خۆیان بدەن، ئاواتـە خـوازن خۆزیـا ئـەوەندە هێـزیان دەبـوو، وایـان لێدەکردی بەرلـە هەڤپەیڤیـنەکە بـە چـۆکتدابێنن و سـەریان بـۆ دانەوێـنی. یـاخود هەسـت دەکـەی بـەهۆی ئـەزموونی تـاڵی پێشـوی هەڤپەیڤینیان وەدوای کەسێکدا دەگەڕێن، بکەوێتە بەردەستیان و داخی دڵیانی پێ بڕێژن.
زۆر بـیرت بـە مێشـك دادێ ئاخۆ هۆی ئەم هەموو ناخۆشیانە منم، مـن خۆم بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانەی کارکردنم تەنیا کەسێکی واتووڕە و شەڕانیم تووش هاتووە.
دەرئەنجامـەکان ئەمـەتان بـۆ روون دەکەنـەوە کـە هەڤپەیڤینێکی نـاخۆش لەوانەیـە هیـچ پەیوەندییـەکی بـەتۆوە نـەبێت، خـەریکی هەڤـپەیڤین لەگـەڵ بەرپرسـی یەکێك لە گەورەترین مێوانخانەکانی وڵات بـووم و دەمەویسـت وتـارێك بـۆ یـەکێك لـە بڵاوکـراوەکانی ناوچـەکەمان ئامـادە بکـەم، هـەر لـە سـەرەتاوە هەسـتم کـرد کە نایـەوێ لەگـەڵ مندا بپەیڤێ، کەچی کاتێك بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێـوە کـرد تـا ژوانـی هەڤپەیڤیـنێکی لەگـەڵدا دیـاری بکـەم زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردبووم.
هـەر لـەو کاتـەوەی چـومە ژوورەوەو دەسـتم بەکارەکـەم کـرد تـا کۆتایی هەڤپەیڤینەکە تەنیا بزەیەکیشی نەهاتە سەرلێوان.
زۆر بـە فیـز دەدواو زۆریـش خـۆی بـێ قەرار نیشان دەدا، هەستم کرد کارەکەی من هەڵەیەکی تێدایە، بەڵام نەمدەزانی لە کوێ و لە چـیدا هەڵـەم کردووە، هەر چۆنێك بوو خۆم کۆ کردەوە، ئاقڵانە و بەهێمنی لەسەر پرسیارەکانم بەردەوام بووم، بەڵام بیرەوەرییەکی تاڵ جێگای خۆی لە مێشکمدا کردووە.

سالێك دوای ئەوە لە بلاوكراوەیەكدا خوێندمەوە كە هەر ئەو كەسە بەهۆی بەد رەفتاری ئەو كەسانەی سەریان دەدا، لە كارەكەی دەركراوە.
ئامۆژگاری ئەم بەسەرهاتەش ئەوەیە كە نابێ بەبێ هیچ هۆیەك وا بیر بكەنەوە كە هەڵە لە ئێوەوەیە، هەرچەندەش ئەگەر پێت وابوو سوكایەتی بە ئێوە یان بە كەسێكی دیكە دەكا، هەوڵ بدەن هەڵسوكەوتی كاریگەری بەسەر ئەرك و ئیشەكەتانەوە نەبێت.
ئالێرەدایە لێهاتوویی ئێوە بەدیار دەكەوێ و كاریگەری خۆی نیشان دەدا. هیچ شەرت و مەرجێ لە ئارادا نییە كە بلێی هەڤپەیڤینەكەتان باشتر دەبێ. تا دەتوانی بەجوانی پێوەندی بە كەسانی مەبەستدارتەوە بكە، بەلام ئەگەر هەڤپەیڤینەكە بەجوانی بچێتە پێشەوەو ئێوە هەردوكتان بە حەزەوە بەكۆتایی هەڤپەیڤینەكە بگەن، بۆ هەردوو لاتان دلگیرترە، بەلام ئەگەر وایش نەبوو ئێوە بە چۆكدانەهاتوون و نەدۆڕاون.

**تۆڵە كردنەوە لەناو رۆژنامە .**

هەندێ جار گوێمان لە رۆژنامەنووسان دەبێ كە ((تۆڵەی خۆتان لە رۆژنامە بكەنەوە نەوەك لە كەسێك))، ئەوەی كە ئەو رێنماییە جێبەجێ بكەی یاخود نا پێوەندی بەڕای خۆتەوە هەیە، بەلام تۆڵەكردنەوە لەناو رۆژنامەدا بە تەواوەتی هزرێكی باش نییە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەموو هەڤپەیڤینەكە بدۆڕێنی.
جیا لە هەر هەستێكی كە لە دڵتدایە، لەسەرخۆ و كارزانانە بجولێنەوە، تۆڵە كردنەوەش لەنێو رۆژنامەشدا ئەوە ناگەیەنێ كە دەبێ بە تەواوەتی روو لە خراپە بكەن و درۆ هەڵبەستن، بەلام ئەگەر شێوەی هەڤپەیڤینەكە كاریگەری بە سەرتانەوە ماوە،

ڕەنگـە بـەپێی بـەرژەوەندی خـۆت لە نووسینەکەتاندا نموونەی لێ بهێنیـتەوە، ئەگـەریش بەڕاستی پەیڤدەرەکەتان بێ ئەدەب بووە، هێنانەوە و دووبارە کردنەوەی وشە بە وشەی بەشێك لە قسەکانی دەقـاودەق بـەبێ هیچ بیرورایەکی خۆتان باش دەبێ و لە ڕاستیدا باشـترین شـێوەی کـاریش هـەر ئەمەیـە. نـەك سـوکایەتی بە هیچ لایەك بکەی. وریابە کارەکەت شتیوا نەگرێتە خۆ کە بەخراپە لێك بدرێـتەوە، ئەگـەر دەتوانـی ئـەم کـارە زۆر بـەجوانی ئـەنجام بدە ئەگــەریش نــا وازی لێ بهێــنە، لەبــەر ئــەوەی لەوانەیــە لەتــەك زمانـەکانی تـردا بارودوخێك بێتە ئاراوە کە، پەیڤدەر شکایەتت لێ بکـات، لـە کۆتـاییدا دەبـێ لـەبیرتان نەچـێ، بـۆ کارەکەتان پارە وەردەگـرن، لەوانەیـە تووشـی کەسـانی ناڕێك و نادروستیش ببن، ئەگـەر بیرۆکەی تۆڵە سەندنەوەتان لەلا دروست بووە، باشتر وایە واز لە هەڤپەیڤین کردن بهێنی.

**بە قازانجی خۆتان سوود لە کەش و هەوای هەڤپەیڤینەکە وەربگرن.**

لـە هـەندێك نووسـیندا سـوود وەرگـرتن لە هەڤپەیڤین تاڕادەیەکی زۆر پێوەنـدی بـەئێوەوە هەیـە. ئێـوە دەتوانـن چـاوپێکەوتنێکی ناخۆشـیش بکەنــە پــرد بــۆ پەڕیــنەوەو ســەرکەوتنتان، ئــەو هەڤپەیڤیــنەی کــە ئامــاژەی پێــدەدەم نموونەیــەکی بەرچــاوی ئــەنجامدانی هەڤپەیڤیـنێکی لــەو بابەتەیـە، پەیامـنێرێك لەگــەڵ پیاوێکی (ئەکتەردا) هەڤپەیڤینی کردبوو، کە چووبووە ژووورەوە، سـوکایەتی پێکـرابوو هونەرمەندەکـە کـە سـوودی لە هەر هەلێکی بەردەســت بــۆ ســوککردن و بچــووککردنەوەی ئــەو پەیامــنێر و کارەکانی وەرگرتبوو، پەیامنێرەکە ئەو هەڤپەیڤینەی بەشێوەیەك هێـنایە سـەرکاغەز وەك ئــەوەی کــە کێــبەرکێیەکی مســتەکۆڵە

دەگوازێتەوە و بەوردی هەموو هەڵسوکەوتە توندو نەشیاوەکان و بێ ئەدەبی پەیڤدەرەکەی مووبەموو شیکردبوەوەو هێنابووەوەو چاپ کردبوو. خوێندنەوەی ئەو هەڤپەیڤینە بەراستی چێژی زۆری تێدابوو، بەڵام ئەو پەیامنێرە بە لێهاتوویەوە ئەو سوکایەتیانەی پەیامنێری بە قازانجی خۆی شکاندەوە، بە لێکدانەوەی وردی هەڵسوکەوتەکان جەنابی ئەکتەر (هونەرمەندەکە)ی بەزاند.

**هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشتان ناوێن**

هەندێجار لەوانەیە لەگەڵ کەسانێکدا هەڤپەیڤین بکەی کە بەهۆی شەخسی یاخود بیروباوەڕکانیانەوەو هەندێ جاریش بەهەردوو هۆوە لێیان بێزارن.

لەوانەیە لەگەڵ کەسێکدا هەڤپەیڤین بکەی کە زۆر بە توندی دژی بیر و باوەڕەکانی ئەوی، بۆ نموونە لەگەڵ ئەندامێکی حزبی نازی، یاخود لەگەڵ کەسێکن کە چڕە لەهەموو خوورەوشتێك، لە حاڵەتی وادا دەبێ بیروباوەڕەکەی خۆت وەلانێی. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا هەڤپەیڤین جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دەمەقاڵەو شتی لەو بابەتەدا هەیە. تۆ دەتوانی بیروباوەڕەکانی خۆت لە زمانی کەسانی دیکەوە بهێنییەوە، بۆ نموونە ((هەندێك دەڵێن کە کێبەرکێی مشتەکۆڵە ڕێکخراوێك پشتیوانی لێدەکا، بیروڕای ئێوە لەمبارەوە چییە؟)) واتە بیروبۆچوونی خۆت بەجۆرێك لە دووتوێی پرسیارەکان بنێی کە ئەو هەست نەکات گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆت دەکەی.

ئەگەر پەیڤدەرەکەتان خۆش نەوێت ئەوەتان لەبەر چاو بێت، لە خۆتانەوە قسە کردن لەوانەیە کار بکاتە سەر بۆچوونەکانتان، لاوی، پیری، پیاو، ژن، سپی، ڕەش، دووڕەگە، بەهۆش، گێل،

دەوڵەمـەند، هـەژاربوون، کـەم توانـا، هەوارچـی، زۆزان نشـین، کۆشـکدار، . هـتد هیـچ کامیـان تـاوان یـاخود کارەسات نین. قسە کـردن هـەر لـە خۆوە سەرەڕای ئەوەی کاریگەر دەبیٚ بەسەر چاو پیٚکەوتـنەکەتانەوە، بەڵکو بابەتەکەشتان لاوازو پەرپووت دەکات. هـەوڵ بدەن راستگۆ بن بەلای کەمەوە تاوەکو کارەکەتان کۆتایی پـیٚ نـەهاتوە. لـە خـۆڕاو لـە خۆتانـەوە قسان مەکەن. پەیڤدەران وەك میوانیٚ پیٚشوازیتان لیٚ دەکەن، لەگەڵ تۆ کەرەمیان نواندوە، ئیٚـوەش لەسـەرتانە ریٚـزیان بگـرن. هەڤپەیڤین وا لەخەڵکی دەکا، بەتایـبەتی هەسـت بـەوە دەکـەن کـە زۆر گـرنگن، بـۆ هـەندیٚ پـەیڤدەریش بەڕاستی وادەکەویٚـتەوە. پیٚتان وانەبیٚ لەبەر ئەوەی ئیٚـوە تۆمارگـەتان پیٚیە پلەیەك لەوان بەرزترن. سەرەڕای ئەمەش ئەگـەر هیٚشـتا هـەندیٚ لـە پەیڤدەرانتان خۆش ناویٚ بیرتان بمیٚنیٚ بەریٚزەوە هەڵسوکەوتیان لە تەکدا بکەن، لیٚهاتوو و بیٚ لایەن بن.

### خۆشەویستی زۆر

ئەو گرفتەی کەهەندیٚ جار پەیڤدەران ڕووبەرووی دەبنەوە ئەوەیە کەلـــەکۆتایی هەڤپەیڤیـــنەکە پەیامـــنیٚران دەبـــنە هۆگـــری پـــەیڤدەرانیان، هۆگـرییەك کـە دەکریٚبـلیٚم کارتیٚکـردنی بەسـەر نووسینەکەشیانەوە دەبیٚت .

کەسـانیٚك کەبۆماوەیـەکی دوورودریـٚژ هەڤـپەیڤین دەکەن لەوانەیە تووشـــی ئـــەم گیروگرفـــتەبن . لەوانەیـــە ئـــەوان پـــتر هۆگـــری پـــەیڤدەرانی خۆیـــان بـــبن و هەســـت بکـــەن جگـــە لەســـوپاس و ڕیزلیٚـنانی پەیڤدەرەکـەیان هیچـی دیکەیان پیٚ نانووسریٚ. ڕاستە خۆشەویسـتی خـەڵکی هیـچ کـەم و کوڕیـەکی تیٚـدا نییـە، بـەلاّم ئـەوەتان لـەبیر نەچیٚ کەبەر لەهەر شتیٚك پابەندی بلاّوکراوەکەی

خـۆت و خوێـنەرانی بڵاوکـراوەکەتانن. ئەگـەر بەرلـە دەسـپێکی کارەکـە پابـەندی ئـەم ڕێسـایەبی کـەمتر تووشـی ئـەو کێشـەیە دەبی.

**لەوانەیە مەترسیدار بێت.**

بـۆ هەڤـپەیڤین کـردن لەوانەیـە بچـیتە شـوێنی نالـەبارو هـەندێ جاریش مەترسیدار .

لـەم بارودۆخـەدا بەرلەڕۆیشـتن بـە بنەماڵە و کەس و کاری خۆتان بـڵێن کەدەچـنە کـوێ و کەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێوە بکەن.

بـە پێـی هـەل و مـەرج و گونجـان کەسـێك لەگـەڵ خۆتـاندا بـەرن کەلەگۆشەیەکدا چاوەڕوانی ئێوە بکات.

لەبـەر ئـەوەی هەندێ جار وا پێویست دەکات دووکەسی ئەم کارە ئـەنجام بـدەن. کارەکـەی خۆتـان بـە گرنگتر لە ساغی وسلامەتی خۆتـان مـەزانن. لەوانەیـە مووچەو مانگانەکەشتان ئەوەندەنەبێت کە قەرەبووی ئەو هەمووکارەتان بکاتەوە.

**خۆپاراستن.**

هـەندێ جار لە نێوان پەیڤەکانی پەیڤدەرەکەتاندا لەوانەیە هەندێ شـت بگوتـرێ یاخود کارێك بکاو پەیڤدەر وابەباش بزانێ ئەو شتە بـلاو نەبێـتەوە . یـاخود کـەمێك دوای قسـەکانی بیرتـان بخاتەوە کەئـەم بابەتـە شـیاوی بڵاوکـردنەوە نییـە ، ئـەوەی خـۆی ڕزگـار کـردووە، بەلام ئەگەر نەیگوت و تۆ خۆت وات هەست کرد شتێکی گوتوە لەوانەیە بۆ خۆی و بۆکەسانی دیکە خراپ بێت ، باشتروایە بۆ بڵاوکردنەوەی ، دووبارە قسە لەگەڵ پەیڤدەرەکەتان بکەنەوە.

تا ئەگەر ئەو بابەتە هەواڵێکی تایبەت بێ و پێوەندی بەکەسایەتی و ئابـڕوی کەسـێکی تریشـەوە هـەبێت، بـڕیاردان بـۆ ئێـوە گرانتر

دەبێت. لێی بپرسن :(( ئایا فلآنە بابەت بلآوکرێتەوە یان نا )) ، یاخود: ((ئەو بابەتە بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە ، پێتان باشە لەوتارەکەمدا بەکاری بهێنم )) . ئالێرەدایە ئەگەر ڕەزامەندی ئەو کەسە بەکاسێت تۆمار بکەی ، خۆت لەسەرئێشەکانی دوایی ڕزگارکردووە.

ئەگەریش شتێك بلێین کە بەزیانی کەسانی تر تەواوبێت ، تۆ سوودی لێ وەرمەگرەو بەکاری مەهێنە ، چونکە لەوانەیە دواتر شکایەتتان لێ بکەن

**هەڤپەیڤینی تاقەتبەر.**

بەداخەوە هەموو هەڤپەیڤینەکان ، وتووێژ لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کەئێوە حەزیان لێدەکەن و سەبارەت بە باشترین کتێبەکانیان نییە. لەوانەیە هەندێ جار لەگەڵ کەسانێك دا هەڤپەیڤین بکەن کە بەڕاستی ماندوتان بکەن. لە هەر بارودۆخیکدا چ پەیامنێر ماندویەتی بهێنێ ، یاخود بابەتی هەڤپەیڤینەکە، هەرگیز مەهێڵە پەیڤدەر وا هەست بکات کەتۆ وابیر دەکەیتەوە . ئەگەر ئەوان هەست بکەن کە تۆ ماندوو دەکەن ، ناشیرینتر هەڵسو کەوت دەنوێنن . بەوردی سەرنجی خۆت بدەبە ئەوکارەی کە ئەنجامی دەدەی . زۆر جاری واش هەیە حەزکردن بە کۆکردنەوەی زانیاری (هەرجۆرە زانیاریەك) دەتوانێ لەڕادەی ماندوێتی و بێتاقەتیتان کەم بکاتەوە. بەلآم ئەگەر بۆ بلآڤۆکێکی تایبەتیش دەنووسن ، لەوانەیە خوێنەرانی دژی ئێوەش ببنە هۆگریبابەتەکە.

**پەیڤدەرانی نیگەران.**

ئەگــەر پەیڤدەرانــتان پەشــۆکاوو نیگــەران بــن ، نــاتوانن لەپرسـیارەکانتان ورد ببـنەوە. لەوانەیـە بابـەتێك بـڵێن کـە هیـچ پێوەندییـەکی بەپرسـیارەکەوە نـەبێ و شـتەکان تێکەڵاوبکـەن ، یاخود هەر نەتوانن شتێکی ئەوتۆ بڵێن .

جوڵـەکانی لەشیشـیان جـاری وایـە ئەم ڕاستیە دەردەخات. خاڵی گـرنگ لێـرەدا ئەوەیـە کـەنابێ بهێڵی ترس و دڵەڕاوکێی ئەوان کار لـەتۆش بکات . جڵەوی کارەکە بەدەستەوەبگرن و لەسەر خۆبن .

دڵنیابە پەیڤدەرەکەشـتان دەکەوێـتە بـەر کاریگەری هێمنی تۆوە بەهێمنی و لەسەر خۆو وردە وردە کارەکەتان دەست پێ بکەن .

ئەگـەریش پەیڤدەرەکـەتان لەبابەتەکە لایداو چوە دەرێ و قسەی نابـەجێی کـرد ، بـە گوتـنی ڕستەیەکی وەکو: (( دەکرێ جارێکی دیکـە لـەو بارەیـەوە قسـە بکـەین، لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی بـە سـوودە، مـن وەکـو پێویست لە مەبەستتان تێ نەگەیشتم)) . زۆر بەهێمنی پەیڤدەرەکەتان بێنەوە سەر ڕێگا.

بــەم شــێوەیە دڵنیاییــتان داوەتــەوە و ( ســەرنج ڕاکێشــانی پـەیڤدەران، بە پەسنددانیان بـەو مەرجەی وشك و سادەنەبێت، دەتوانـێ زۆر بەکـەڵك بێـت .) لەلایـەکی دیکـەوە نیشـان دەدەی کەلەوانەیـە تـۆش تووشـی هەڵەکـردن ببیـتەوە یـاخود بـەجوانی تێـنەگەی و خـەمخۆری راسـتکردنەوەی بیـت . ئەگـەر دیسـان بێ دەنگو یاخود وەڵامێکی یەك وشەیی دەدەنەوە و پێیان وایە ئەمە بەهۆی دڵە ڕاوکێیە ، دەبێت بیری خۆتان زیاتر بەکاربهێنن .

ئەگـەر پرسـیارەکانی خـۆت بـەجوانی رێـك و پێـك کـردبێ ، نـابێ بەرسـڤی یـەك وشـەیی وەربگـریەوە ، بـەڵام ئەگـەر بەرسـڤی زۆر کورتــت دەدەنــەوە کــە ئــەوەندەش بــە کــەڵك نــین ، بــەهۆی

پرسـیارکردنی زیاتـرەوە هـەوڵ بـدە ئەو وەڵامەی کە مەبەستتانە بەدەستی بهێنی ، پرسیارەکانت ساکارتر بکەوە ، بزەتان بێتیً و لەبەرانـبەر بەرسـڤەکانی پەیڤدەرەکـەتان، سـەری ڕەزامـەندی بـۆ قسـەکانی بلەقێـنە. تـالانس وەربگـریً و پـتر قسـان بکـا . ئەگەر هەڤپەیڤیـنەکە وەسـتا و هەسـتت کـرد ئیـتر پـەیڤدەر نـاتوانیً درێـژەی پـیً بـدا، پێشـنیار بکـەن بـۆ ماوەیـەکی کـورت پشوییێك بـدەن. ئەگـەر بـارودۆخیش لـەباربوو ، پێشـنیار بکـە : (( ئێسـتا دەتوانین چاییێك بخۆینەوە )). هەوڵ بدە لەو ماوەیەدا لە شتێکی دیکە بدوێن و بابەتی هەڤپەیڤینەکەتان لەبیر نەچێتەوە بۆ نموونە باسـی وێنەیەکی سەر دیوارەکە بکە ، زۆر جار هاندانی کەسێك بۆ قسـەکردن لەسەر شتێکی دیکە ، ئەو کەسە دەخاتە سەر ڕێڕەوی قسـەکردن . بـە پـەیڤدەرە پەشۆکاوەکانتان بلێن : (( بابەتەکانی جەنابـتان بەڕاسـتی بەکـەڵکن ، کەنەقـڵم کـردە سەر کاغەز ڕێك و پێکی دەکەم )) .

**ئەو هەڤپەیڤینانەی بەکەڵکی هیچ نایەن.**

هەندیً جار ، ماوەیەکی کەم دوایدەست پێکردنی هەڤپەیڤینەکە، هەسـت بـەوە دەکـەیت کـە پەیڤدەرەکـەتان هیچـی پـیً نییـە . بـڕیاردان بـۆ ئێـوە دەمێنێـتەوە کە ئایا هەڤپەیڤینەکە ببڕیەوە ، یـاخود سەرەڕای ئەوەی کەبۆ بڵاوکردنەوە ناشیً ، بەڵام درێژەی پیً بدەن ؟ بە گشتی باشتر وایە بە ئەدەبەوە درێژەی پیً بدەی. لەبـەر ئـەوەی هیـچ کەسـێك حەزناکات ، ببیستیً کە بەباسکردنی شـتێکی بـیً کەڵکەوە خەریکە. تەنانەت ئەگەر زۆر بەئەدەبەوەش پێی بگوتریً.

ئـەو گیرگرفتەی کەلەوانەیە دواتر رووبەڕووتان ببێتەوە ئەوەیە کە پـەیڤدەران لیـبڕاوانە چـاوەڕوانی بلاْوبوونەوەی ناوو پەیڤەکانیانن کـە هیچ هەواڵێك نەبێت و ناوی خۆیان بە چاپکراوی نەبینن ، زۆر بـەتوندی تووڕەو بێزاردەبن . ئەگەر خەریکی نووسینی کتابێکی ، دەتوانـی بـە سوپاسـکردنیان لەلاپـەڕەی تایـبەت بـە ڕێزگـرتن ، تۆڵـەیان بۆبکەیـەوە ، بـەلاْم ئەگـەر ئـەو هەڤپەیڤینە بۆ بلاْڤۆکێك بـووە و پـەیڤدەران تەلەفۆنـتان بۆ دەکەن و دەیانەوێ بزانن ناوو پەیڤەکانیان لەکام بابەتدا چاپ بووە ، دەتوانی بێژی لە کاتێك دا کـە هاوکـاری ئـەوان بـۆ ئێـوە زور بەنرخ بووە ، بەلاْم هێنانەوەی پـەیڤ و بابەتەکـەیان لـە هەڤـپەیڤین یـاخود وتـارە کـە بـەهیچ شێوەیەك نەدەگونجا.

**ئەو کەسانەی بەڵێنی خۆیان بیر چۆتەوە.**

کـاتێك پـەیڤدەرێك لەسـەر بەڵێـنی خـۆی ئامـادە نـەبێت ،یـاخود وەلاْمـی تەلـەفۆنی ئێـوە نەداتـەوە ، لەوانەیە خۆی بیری چۆتەوە یاخود بابەتێکی گرنگتری بۆ هاتووەتەپێشەوە. کاتێك کە دووبارە تەلەفۆنـتان بـۆ کردەوە ، بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەر ناڕەحەتیەك کەچەشـتووتانە بـەهیچ جۆرێـك ئـەو ناڕەحەتیـەی خـۆت نیشـان مـەدە. لەبـەر ئـەوەی لەوانەیـە ، بـە ڕێگـای دیاریکـردنی کاتێکی دیکەوە بیەوێ تۆڵەتان بۆ بکاتەوە.

بەگشتی ئەو جۆرە کەسانە بە هۆی ئەو بێ بەڵێنانەیان هەست بە تاوان دەکەن و هەولٚ دەدەن تۆڵەی ئەو تاوان کردنەیان بکەنەوە

**ئەگەر تۆ نەتوانی لەسەر بەڵێنی خۆت ئامادەبی.**

ئەگـەر تـۆ بـەژوانی خـۆت نەگەیشـتی– جـاچ بـە هـۆی کـارێکی گـرنگترەوەبێت یـا بیرچـوونەوە– دەتوانـی بەزوتـرین کـات بـەر

لەهاتـنی ژوانەکـەتان بـە هـۆی تەلەفۆنـەوە کـاتی دیدارێکـی تـر دابـنێن. ئەگـەر هۆیـەکی دیاریکراویشتان هەیە وەك ( تێك چوونی ئۆتۆمبیـلەکەتان ) زۆریـنەی خـەڵك لێتان خۆشدەبن . کەچی هیچ بەڵگەیـەك نییـە کەپـەیڤدەر دەبـێ کـاتێکی ترتان بۆ دەستنیشان بکـات. ئەگـەر بە هۆی کارێکی گرنگترەوەیە ناتوانیت لەودیدارەدا لـەکاتی خـۆی بەرهــەڤ بـبیت ، یـاخود درەنگـتر پێـڕادەگەی بـە ئـەدەب بوونـت وات لێدەکات ئاگاداری بکەیەوە، بەوەی ئاگاداری دەکەیـەوە لەوانەیە درەنگتر پێڕابگەی تاڕادەیەکی زۆر بەسەر دڵە ڕاوکێی خۆشتدا زاڵ دەبی.

**دیاری ، بەرتیل.**

نووسـەری و هەواڵـنێری دەتوانێ دەستکەوتی چاوەڕوان نەکراو و باشیشـی بـەدواوەبێ . ئـەم دەسـتکەوتانە ئەگـەر پارەش نەبێ ، بـەلاَم وەرگرتـنی دیاری بەلاش یاخود چوون بۆ گەشت و سەیرانی بـەلاش بـۆ لێکۆڵـیـنـەوە و هەڤـپەیڤین بەتایـبەتی بۆ پەیامنێران نا ئاسایی نییە.

ئـەم دەسـتکەوتانە لەوانەیە خواردنێکی نیوەڕۆ یاخود سەفەرێکی تایـبەتی بـە دەسـتکەوتی تایـبەتییەوە بێـت ، کـە پـتر لـەکاتی لێکۆڵـینـەوەیەکدا بەنووسـەران و پەیامـنێران دەدرێ . ئـەم کـارە هیـچ جۆرە خەراپەیەکی تێدا نییە ، بەلاَم بەو مەرجەی نووسەر و پەیامـنێر بـۆ دیاریـەکی بـەلاش خـۆی نەفرۆشـێ و پەیامەکـەی نەخاتـە ژێـرپێ. ئەگـەر لـەکاتی هەڤپەیڤینێکدا ڕووبەڕووی داوەت کـردنێکی چـاوەڕوان نەکـراو بویـتەوە ، پێـی ڕازی بـبەو چێژی لێ وەرگرە ، بەلاَم خۆتان مەفرۆشن . هیچ کاتێك بەوە ڕازی مەبن کە کەسـێك پێشـنیار دەکـات ، بـەو مەرجـەی کـە شتێك بەمەبەستی

پەسندانی وی بنووسن ، ئینجا شتێکتان دەداتێ . لەبەر ئەوەی مافی ئەوەی نییە داوایەکی ئەوتۆو لەو جۆرەتان لێ بکا . کەچی پەسند نەکردن و وەلاوە نانی پێشنیازی دۆستانە گرانە . ئەگەر کەوتیتە بارودۆخێکی ئاواوە زۆر بە ئەدەبەوە پێشنیارەکەیان وەلاوەبنێ . ئەگەر پەیڤدەر داوای پارەی لێکردی، بەڕاشکاوی پێی بڵێ کەقەت پارەی نادەنێ . پەیڤدەرە لێهاتووە باشەکان بە هیچ نرخێك لە کڕین ناهێن و لەکاتێك دا کەلەوانەیە هەڤپەیڤینەکە سوودی تۆی تێدابێت. بە دڵنیاییەوە پەیڤدەریش چ بە هۆی ڕاگەیاندنەوە و چ بە هۆی پەیداکردنی متمانەوە قازانجی خۆی دەکا. ئەگەر لەسەر قسەی خۆیان مکوڕ بوون، دەتوانی بڵێی :

(( سیاسەتی بڵاوکراوەکە ئاوایە )) هەندێ جار لەوانەیە هەندێکەس بەڕادەیەك بۆ کارەکەی تۆ گرنگ بن ، کەلەوانەیە بەبێ هاوکاری ئەوان بۆت نەکرێ بابەتی خۆتان بنووسن لەوانەیە بتانەوێ پارەیەکیشیان بدەنێ، بەلاَم ئەو جۆرە کەسانە دەگمەنن و بەپێی بنچینەیەکی گشتی بۆکارەکەت دەبێ چاوت لەوە نەبێ هەموو جارێك پارەبدەی . لەوانەیشە بڵاوکراوەیەك بۆ خۆی بۆ نووسەرانی خاوەن ناوو ناوبانگ ئەم کارەبکات ، ئەڵبەتە بڕی ئەم پارەیە لە ناوەندی ڕۆژنامەکەوە تەرخان و دابین دەکرێ.

**پرسیار لەبیرکردن.**

جگە لەهەندێ بارودۆخ ، کەباوەڕتان بە توانای بیرو هۆشی خۆتان هەیە، هەرگیز بەبێ ئەو کاغەزەی کە پرسیارەکانت لەسەر نووسیوەتەوە وەشوێن هەڤپەیڤین کردن مەکەون. ئەوەشتان لەبیرنەچێت لەکاتی هەڤپەیڤین کردندا دەبێ بەردەوام ئەو کاغەزەتان لەبەر دیدەبێت. ئەگەر واهەڵکەوت کەبیرتان چوو بێ

ئـەو کاغـەزە لەگەڵ خۆتاندا بەرن ، تەنیا ڕێگا چارەتان ئەوەیە ، هـــەوڵ بـــدەن پرســـیارەکانتان بـــیر بێـــتەوە یـــاخود داوا لەپەیڤدەرەکەتان بکەی هەڤپەیڤینە کە بۆ ڕۆژێکی تر دوابخات.

**تێکچونی ئامێری (تەسجیل).**

لەوانەیـە تۆمارکارەکـەت بـەجوانی کارنەکات و بەهەر هۆیەك بێت قسـەکان تۆمـار نەکـرێن ، ئـەو کاتەچـەند ڕێگایەکـتان لەبـەردەم دایە:

- ئەگـەر دەتوانی خاڵە گرنگەکان وەبیرەخۆت بهێنییەوە ، هەندی٘بابەت ئەوەندە بەستراوەبە گێرانەوە ڕاستەوخۆکانەوە نـین، دەبـیٚ بـتوانی بەسـوود وەرگـرتن لـە بیرەوەریخـۆت ، هەڤپەیڤینەکە بێنییە سەرکاغەز ، بەلاّم بەو مەرجەیلەزوترین دەرفـەتدا ئـەو کارەئـەنجام بدەی . لە هەر شوێنێکیش دا کە گومـانت هـەبوو دەتوانیـت بەتەلـەفۆن لـە پەیڤدەرەکـەتان دڵـنیایی وەربگری . ئەگەر نەتوانی بابەتە گرنگەکان بیرخۆت بهێـنییەوە، یـاخود هەسـت دەکـەیت پێویسـتیت بەهــەندیٚ گێـڕانەوی هـەندیٚ بەسـەرهاتیگرنگ و سـەیر هەیە ، دەتوانی بەتەلـەفۆن داوا لــە پەیڤدەرەکــەتان بکــەی کــەرۆژێکی تــر لەگەڵـتان بـپەیڤیٚ. لەوانەیە هەرگیز پێویستیش نەبێت هەموو هەڤپەیڤیـنەکە دووبارەبکەیـەوە و لەوانەیـە بتوانی ئەوەی کە دەتەویٚ ، بەتەلەفۆنیش بەدەستی بهێنی .
- بەڕێك و پێك دانانی یادداشت و تۆمارکردن لەکاتی خۆیدا ، دەتوانـیٚ پشـتگیری لـەم دیاردەیـە بکات . زۆر هەواڵنێریش هەن هەمیشە دوودانە تۆمارکار (تەسجیل ) یان پێیە.

## کامیرای وێنەگرتن.

لەیەکـەمین هەڤپەیڤیـنم دا پێـم وابـوو هـەموو کارەکـانم بـەڕێك و پێکـی ئـەنجام داوە، بـەڵام دوای ئـەوەی تـەواو بـوم و هاتمـەوە ماڵـەوە ئـەوجازانیم کە کامێراکەم هەر فلیمی تێدا نەبووە . هۆی ئـەم شـتە کەبەڕاسـتی وەك هەڵەیـەکی سـاویلکە دێـتە بەرچـاو (لەڕاستیشـدا هـەروابوو )، ئەوەیـە کـەمن پێـم وابـوو کامێراکـەم فلـیمی تێدایـە ، ماوەیـەك بوو بەکارم نەهێنابوو زۆریش نیگەرانی دۆزیـنەوی ناونیشـانی پـەیڤدەرو لەکاتی خۆی گەیشتن بە شوێنی هەڤـپەیڤین و کاردانـەوەی پەیڤدەر لەبەرامبەر کەسێکی تازەکاری وەك خـۆم بـووم.بۆیـە بـەهیچ شـێوەیەك بـیرم لە دڵنیابوونەوە لە تــەواوەتی ئامێـرە پێویسـتەکانم نەکـردبوەوەلەبەر ئـەوەی ئـەو گۆڤـارەی مـن کـارم بـۆ دەکرد وێنەی لێم دەویست ، جگە لەوەی تەلـەفۆن بـۆ پـەیڤدەر بکـەم و داوای لێ بکـەم ئیزنم بدا وێنەیەکی دیکەی بگرم هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەم نەبوو . کارەکە ئەوەندە سـەخت نـەبوو لـەو دیـدارەی دووبارەمدا گەلێك زانیاری بەنرخترم دەسـت کـەوت، بـەڵام ئـەوە هەڵەیـەك بـوو کـە ڕقـم لـە دووبـارە بوونەوەیـەتی . ئەگەر تووشی هەل و مەرجێکی وابووی ، باشترین چارەئەوەیە کەداوا لە پەیڤدەرەکەتان بکەی ئیزنتان بدا دووبارە وێـنەی بگریـتەوە . یـاخود ئەگـەر خـۆی وێـنەی بەردەستی هەیە بـتانداتێ. لەوانەیشــە ئەگــەر دوو کــامێرا لەگــەڵ خۆتــدا بــەریت یـەکێکی ڕەنگـی و یـەکێکی ڕەش و سـپی تووشـی ئـەو هەڵانـە نەبیت.

# فەسڵی نۆیەم

## نەقڵکردنی کاسێت و رێك وپێك کردنی هەڤپەیڤینەکە

## نەقڵکردنی کاسێت و رێك وپێك کردنی هەڤپەیڤینەکە.

ئالێرەدایە بۆتان دەردەکەوێ هەڤپەیڤین بۆ خۆی بەشێکە لەو رەوتەی کە ئێوە دەبێ بە ئەنجامی بگەیێنن لەکاری نووسین و لێکۆڵینەوەییتان و خۆیشی ئامانجێك نییە .کەچی لەوانەیە وا هەست بکەی کارێکی زۆرت بۆ بابەت و وتارەکەی خۆت کردووە، بەلاّم تا ئەو ساتەی سەرنووسەر پەسندی دەکات و بڕیاری بلاّوبونەوەی دەدات زۆری ماوە ، لەم بەشەدا بە شێوەیەکی پیشەیی باس لەو رێگایانە دەکەین کە بۆ رێك و پێك کردن و بەرهەڤ کردنی کاری ئێوە بە کەڵکن ، زەحمەتترین بەشی کارەکە نووسینەوەی قسەکانی سەر کاسێتەکەیە.

### نووسینەوەی کاسێتەکە.

ئەگەر هەڤپیڤینەکەتان تۆمارکردووە ،ئێستە دەبێت بە رێك و پێکی بیخەیە سەر کاغەز، ئەم کارە لە قۆناغی یەکەمدا وەختێکی زۆرت لێ‌دەگرێ ،بەلاّم هاوکاریتان دەکات کە تێبگەی لەوەی ئاخۆ چیت هەیە و دەتەوێ سوود لە چ بەشێکی ئەم بابەتە وەربگری . یاسای زێڕینی رۆژنامەڤانی دەڵێت ، لە یەکەم هەلی رەخساو ئەگەر بکرێ هەر لەرۆژی تۆمارکردنەکە – کاسێتەکە ( تەفریغ ) بکە، ئەم کارە چەند چێژێکی هەیە کە بەتام ترینیان :

- هەڤپەیڤینەکە لە بیرەوەریتاندا نوێیە و دەتوانی کاردانەوەکانی خۆت سەبارەت بە هەرشتێك کە گوتراوە و جوڵەو بزاوتەکانی پەیڤدەرتان بیر بێتەوەو خاڵی پێویستیش بخەنە سەری.
- دەزانن کە ئایا شتێکی گرنگ لە قەڵەم کەوتوە و نەتان نووسیووە یانیش پێویست دەکات پێوەندی بە پەیڤدەرەوە

بکـەن، لـە کـاتێکی ئـاوا دەتوانـی دەسـت بـە جـێ  ئەو کارە بکـەی و مەیخەنـە ڕۆژانـی داهاتوو ، چونکە لەوانەیە هەم تۆو هـەمیش پەیڤدەرەکـەتان وەردەکـاری ئـەو باسـانەتان چـەند ڕۆژێکی تر لە بیر بچێتەوە.

- تـا زوتـر هەڤپەیڤینەکە لە کاسێتەوە بخرێتە سەر کاغەز باشـترە، چـونکە لە ماوەیەکی زوتردا بابەتی دڵخوازی خۆتان دەست دەکەوێ .هیچ پێویست ناکات هەموو بابەتەکانی سەر کاسێتەکە وشە بە وشە بنوسییەوە .چونکە هەموو بابەتەکان بـە کـەڵك و بـە سـوود نین. ئەو خاڵانەی کە تۆ گەرەکتە ، بە لەبـەر چـاو گـرتنی ئـەو بابەتـەی کـە مەبەسـتتانە دابەزێنە و بنووسنەوە. دەقی هەڤپەیڤنێکی (١ ) سەعاتی ، بە گشتی لە ماوەیـەکی دوو تـا سـێ سـەعاتدا دەکـرێ لـە سـەر کاسـێت تەفـریغ بکـەی .دوای تەفـریغ کـردنی کاسـێت بـە تـەواوەتی جـارێکی تـر گـوێ لـە کاسـێتەکە ڕادێـرە، تا نەوەکو خاڵێکی گرنگـتان لە دەست چووبێت. کاسێتەکە تا ماوەیەکی زۆر لای خـۆت ڕاگـرەو مەیسـڕەوە چـونکە لەوانەیـە پێویستیتان پێی ببێتەوە.

**زیاد کردنی زانیاریی خۆتان بە هەڤپەیڤینەکە.**

لـە کـاتی لـە بـەر نووسـینەوەی کاسـێتەکە ،لەوانەیـە بـتانەوی تێبیـنیی و هـەندێ سـەرە قەڵـەمی خۆتـان بـە کورتی ، سەرەڕای ئـەوەی کـە لەوانەیە لە هەڤپەیڤینەکەشدا هەندێکیانت زیاد کردبێ بخەیـتە  سـەری .ئەگـەر پـەیڤدەر شتێکی وەکو(( من لە تەمەنێك دام کـە دەبـێ ژیـانی خـۆم هـەڵ بسـەنگێنم و هەوڵ بدەم لێی تێ بگـەم )) ی گوتبێ،لەوانەیە بیرتان بێتەوە کە کاتێك ئەو قسەیەی

دەکـرد، لـە چ بـارودۆخێك دا بـوو .خەمـبار ،لـە سـەر خـۆ، یـا پەشـۆکاو بـوو؟ ئایـا بەتامەزرۆییـەوە لـە پەنجەرەکەی دەڕوانی؟ ئەگـەر لـە یەکـەم هەل و بەبێ وەدرەنگ کەوتن کاسێتەکە تەفریغ بکـەی ،ئـەم وردکاریانـەتان هـەموویان بیر دەمینێ .ئەمانە لەتەك سـەر بـردە و بیرەوەریـەکانیدا بنووسـەوە ،کـە کـاتی نووسـین و دارِشــتنی بانەتەکــەئاماژەیان پــێ بــدەی . ئەگــەریش ئەمانــە بخەیـتەنێوان دوو کەوانـە یـاخود هێـڵ لـە کـاتی نووسـین هەسـت دەکــەیت کــە ئەمــە بــیرو بۆچــون و تێگەیشــتنی خۆتــە نــەوەك پەیڤدەرەکەتان.

**واتا بەخشین بە خاڵەکان.**

ئەگەر لە جیاتی تۆمار کار ( تەسجیل ) لەکاتی هەڤپەیڤین ، تەنیا هــەندێ خــاڵ و ســەرە قەڵەمــتان نووســیوەتەوە ، لــە یەکــەم دەرفەتدا دەبێت ، ئەوانە بخوێنیتەوە تا خاڵ و شتی پێویستیان پێـوە زیـاد بکەیت و هەروەها بابەتەکەتان بەو شێوەی دەتانەوێ رێك و پێك بکەی.

زۆر زەحمەتــە توانیبێــتت هــەموو قســەکانی پەیڤدەرەکــەتان نووسـیبێتەوە ،بـەڵام ئەگـەر سـوودتان لـە شـێوازێکی تایـبەتی یادداشـت نووسـینەوە یاخود هەندێ وشەی تایبەتی وەرگرتبێت ، دەتوانیـت تـا درەنـگ نـەبووە و لـە بیرتان نەکردون ، ئەوەی لەو وشـانە مەبەسـتت بـووە بیخەیـتە سـەر بابەتەکـەتان . بـە هـۆی پاراسـتن و رێزگـرتن لـە وردبیـنی و ئەمانـەتداری و خۆپاراستن لە هەڵـە، باشـتر وایـە ئـەم کـارە بـەبێ وەدرنـگ کـەوتن دوا بـەدوای هەڤپەیڤینەکە ئەنجام بدەی.

**لێکۆڵینەوە.**

ئەگـەر لەسـەر یەکێك  لەو شتانەی کە پەیڤدەر بە ئێوەی گوتووە گومانـتان هەیـە ، یـاخود بـە هەڵـەی دەزانـی، سەبارەت بەو شتە لێکۆڵیـنـەوە بکـە ،پسـپۆرو شـارزایانیش وەك ئێمە مرۆڤن و وەکو هـەر یـەکێك لـە ئێمـەمانان لەوانەیـە شـتێکیان بـیر بچـێتەوە یـان لەگـەڵ شـتێکی دیکـەدا تێکـەڵاویان کـردبێ ،دەتوانـی بـەهۆی پـەیوەندییێکی بـە پەلـەی تەلـەفۆنی و بـە رسـتەیەکی ئـاوا (( بـە باشی تێنەگەیشتم بە درێژای شەڕی دووەمی جیهانی چەند جاران بریـندار بـوون ٣ یاخود ١٣ جار)) چونکە لەوانەیە کار تێکردنی بە سـەر بەرسـڤی پەیڤدەرەکەتانـەوە هـەبێت . راستییە گشتیەکانی تریش دەتوانن لە سەرچاوە تۆمارکراوەکان وەدەست بهێنن.

**رێك و پێك کردنی بابەتان.**

دوا بـەدوای تەفـریغ کـردنی کاسـێتەکە ، لەوانەیە کۆڵێك بابەتتان لەبەر دەست بێت، کە بە لانی کەم ئەمانە زۆربەی ئەو شتانەن کە بـۆ نووسـینی بابەتەکـەتان پێویسـتیتان پـێ هەیـە. دەکرێ بڵێین کۆمـەڵێ بابەت کە هیچ بەسەریەکەوە نین و پەرش و بڵاون، بەڵام هــەنگاوی دووەم کۆکــردنەوە و یەکخســتن و ریــزبەندی کــردنی بابەتەکانـە. باشـتر وایـە زانیاریـەکانی خۆت بە پێی بابەتەکە رێك بخـەن. دەتوانـن لـە ژێرسـەردێڕی هـەر بابـەتێك بـەمازیك هێـڵێك بکێشـنەوە یـاخود بابەتــەکان بـبڕەوە و ئەوانــەی پــەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بەیەکتریانەوە بچەسپێنن.

**تەنیا یادداشت و یادداشتەکان .**

دوای لـە بـەر نووسـینەوە (تەفـریغ)ی کاسـێتەکە مەیسرەوە و لە شـوێنکی باش و دڵنیا دایبنێن، بابەتی هەڤپەیڤینەکە ، رێکەوت و

شـوێنی هەڤـپەیڤین ، نـاوی پەیڤدەرەکـەی لـە سـەر بنووسـن ، لانیکـەم کاسـێتەکە بۆ ماوەی شەش مانگ لای خۆتان هەڵگرن و بپارێزن ، تاکو ئەگەر گازندە و سکالأیەکیشتان لێ کرا وەکو بەڵگە قسەکانی پەیڤدەرەکەتان لەلا هەبێ.

**سکالا.**

بـەزانین و تێگەیشـتن لەیاساو لە بەر چاو گرتنی بنەما ئەخلاقی و ئەمانەتداریـەکان لـە کـار دا دەتوانـن خۆتـان لـە سـکالأی دواتری پـەیڤدەرو خـەڵکانی دیکـە بپارێزن . بەگشتی کاروبارو جۆرەکانی ئیشـکردنی هـەر هەواڵـنێرێکیش ، دراوە بـە بلأوکـراوەکە ، بۆیـە لـەکاتی هـەر جـۆرە سـکالأیەك لـە هـەر بلأڤۆکێـك بەڕێوەبـەری گۆڤارەکـە دەبـێ وەلأم بداتـەوە ، بـەلأم سـەبارەت بـە هەواڵنێرە ئازادو سەر بەخۆکان بارودۆخەکە جیاوازیهەیە.

**شکایەت (سکالا ) نەکردن.**

ئەگەر دەتانەوەیهیچ کەس سکالأتان لێ نەکا:

- دڵـنیا بـە لـەوەی کـە ئـەو شتەی دەینووسییەوە دروست وەکو خۆیەتی.
- بابـەتێك کـە نەوتراوە بەناوی کەسێکەوە بلأو مەکەوە .

ڕۆژێـك پەیامـنێرێکی لاو دوای هەڤـپەیڤین لەگـەڵ قەشـەیەکدا ئـاوای نووسـی: ( ئـەو گـەورەو بەڕێـزە، هیـچ شتێکی بە قەد ئیـش کـردن لە باغچە کەیدا خۆش ناوێ ))، قەشەکە سکالأی بەرز کردەوە و گوتی کە نەخێر من وەك پیاوێکی ئایینی هیچ شـتێکم بـە رادەی خـوا خـۆش ناوێ. خستنە پاڵی ئەوەی کە پەیامـنێرەکە وتویـەتی، خۆیـی و کەسـایەتیەکەی سـووك

کـــردووه. بـــەو شـــێوەیە قەشـــەکە لـــە دادگـــاش بـــردیەوەو پارەیەکی بەلاش وزۆری لە سەر ئەو رستەیە وەرگرت.

- لـە بەرانـبەر پـڕوپاگەندەی گـەرمدا ، خۆتان نەدۆڕێنن ، تـاکو ئەگـەر پـەیڤدەر شـتێك لـە سەر کەسی سێیەمیش باس بکات ، تۆ وەك نووسەر لێی بەرپرسیاری .
- هـەموو جـارێك لـە کـاتی نووسـیندا خۆت لە شوێنی ئەو کەسە دابنێ ، بزانە ئەگەر قسەیەکی وا لەسەر تۆ بکرێ چیت لێ بە سەر دێ.
-

**ئاگادار بوون لەوەی بۆ کێ دەنووسن ..**

لـەکاتی یـەك خسـتنەوەی بابەتەکـەتان ئـەم خالأنەی خوارەوەلە بیرمەکەن.

- بۆ کێ دەنووسن ؟.
- چـــاوەڕوانییەکانیان چـــین ، چـــیان دەوێ ، یـــاخود پێویستیان بە چ شتێك هەیە ؟.
- شیاوترین و گونجاوترین شێواز بۆ ئەمان کامەیە؟

هـەر وەهـا لـە کـاتی نووسـیندا ئـەم خالأنـەی خوارەوەتان لە بیر بێت:

- درێژیی رستە.
- ئەو وشانەی بە کاری دەهێنن.
- ئەندازەی پەرەگراف.
- خالّ بەندی و بە کارهێنانی دروستی نیشانەو ئامارژەکان.
- دەستپێك و کۆتایی هێنان بە پەرەگرافەکان.

**جیاوازیی نێوان قسەکردن و نووسین..**
قسەکردن جیاوازیەکی بەرچاوی لە گەڵ نووسیندا هەیە . لە کاتی نووسین دا ڕێزمانی نوسین لە بەرچاو دەگرین ، رستەکان تەواو دەکەین ، کەمتر دەوەستین ، رەچاوی خاڵ بەندی و نیشانە و ئاماژە تایبەتییەکان دەکەین . لە کاتێکدا لە قسەکردندا بە گشتی ئەو ڕێزمانە لە بەر چاو ناگیرێ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی رستەکان ، سوود وەرگرتن یان واتایەکی تایبەتی و دیاریان نییە. ئەو ڕستانەی کە لە وانەیە دە دەقیقە یاخود پتریش درێژە بکێشن بە بێ ئەوەی خاڵ و یاخود فرمانی تێدا بێت ، یاخود بەردەوام وشەی وەکو ، پێموایە، لە خزمەت ئێوەدا بڵێم و شتی لەو بابەتەی تێدا دووبارە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی واتایەکی تایبەتیان هەبێت. ئەگەر مەبەست لە هەڤپەیڤین کردن تەنیا وەرگرتنی زانیاری بێت کارەکە ئاسان ترە ، بەڵام ئەگەر بتانەوێ وتەکانی پەیڤدارەکەتان راستەوخۆ بهێننەوە دەبێ بابەتی بێ سێو و دوو بەراشکاوی هەڵبژێرن کەدواتر تووشی گیرو گرفت نەبنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ پەیڤدەرێکیش نایەوێت قسەکانی هەر بەو شێوەیەی کە قسەی کردووە ، بنووسرێتەوە و چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە پەیڤەکانی بەشێوەیەکی رێك و پێك و ژیرانە بنووسرێ و بڵاوببێتەوە.

**کورت کردنەوە.**
تا دەتوانن رۆح ، ناوەرۆك و مەبەستی سەرەکی بابەتەکە بپارێزە، هەر شتێك کە مانای پەیڤەکان بگۆڕێ ، لێی کەم مەکەنەوە و پێیەوە زیاد مەکەن ، یاخود زمانێکی تایبەتی بە نووسینەکە مەدەن ، بەڵام دەشێ بگوترێ کە ڕێنوس کردنی

بابەتەکـــەزۆر گونجـــاو و ڕەوایـــە . ئەمـــەی خـــوارەوەش چـــەند نموونەیەکی ڕێنووس کردنە:

**نموونە : وەڵامەکە دوورو درێژو ناڕاستەوخۆیە ...**

**پرسیار** : ئامۆژگاریت بۆ نووسەرێکی لاو چییە ؟

**بەرسڤ** : باشـە بەراستی نازانم. پێم وایە یەکەم شتێك کە دەبیٚ بیلێم ئەمەیە کە بەردەوامی بنوێنن .

دە سـاڵ نوسـیم و بـەهیچ کوێیەك نەگەیشتم ، لە راستیدا زیاتری کاتی من بە کاری گەسکدانی چێشتخانەکان و ئیش و کار لە پشت بـانی خواردنگـەکان بـە سـەر دەچـوو تا ئەوەی کەلە پشت مێزی نووسـینمدا . نـە پێـتان وابـیٚ کـە ئەمـە ناڕەحـەتی کـردم ، بـە پێچەوانەوە ئەمە وایکرد لە ژیانی خەڵکانی ئاسایی تێبگەم و بزانم چـۆن دەژیـن . بیرەوەریەکانی چۆنەو شتی لەو بابەتە . ئەگەر لە خۆیشم دەپرسن ئەمە بابەتێکی دیکەیە نووسەران دەبێت سەرەتا بێـنە نـاو کۆمـەڵگاوە و لە نزیکەوە هەست بە بوونی ژیان بکەن ، نـــەوەکو کەســـانی زانکۆیـــی کـــە هیـــچ ئـــەزمونێکیان لـــە ژیـــانی کۆمەلآیەتیدا نییە.

لـەم نموونەیـەدا زانیـاری پێویسـت بـۆ نووسـین سـەبارەت چەند لایـەنێکی ژیـانی پـەیڤداری لـە بەردەسـت دایە ( ژیانی سـەرەتایی ئـەو و بـیروڕای سـەبارەت بە کەسانی خوێندەوارو زانکۆ دیتوو )، بـەلأم بـڕوای ئێـوە ئەوەیـە کـە بـزانی چ پێشنیازێکی بۆ نوسەرە لاوەکـان پێیـە بـەم پێیـە دەتوانـی ئەم رستەیە لە زمانی ئەوەوە بنووسـیەوە: ( ( یەکـەم کـار ئەوەیـە کـە خۆڕاگـری و بەردەوامی بنوێـنن. دە سـاڵ درێـژەی کێشا تا سەرکەوتم . هەموو نووسەران

سەرەتا دەبێت بە دوای کە سانی ئاسایی بکەون و لە نزیکەوە ببینن داخۆ لە ناو کۆمەڵدا چ شتێك هەیە)).

**نموونە : بەرسڤ دژوو ناکۆکە...**

پرسیار: یەکەمین جار کەی یەکەم ئۆتۆمبیلی ڕۆلز ڕۆیسی خۆتان کڕی؟

بەرسڤ: ئاخ . دەبێ بڵێم کە .. لە خزمەتتاندا کە .. بەڵێ بەڵێ ساڵی ١٩٨٧ بوو ، ساڵێك کە نەخوشکێ گیان بوستە ، بەر لە وە بوو ، یاخود نا ، نا ، هەر ئەو ساڵە بوو ؟ دەزانم کە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ بوو . ئەو ساڵەی یەکەم بەرهەمی سەرکەوتووی خۆم نووسی . ناوەکەیشی (خەونە گەورەکان) بوو لە بیرتانە؟

لە و نموونەیەدا ، لە وانەیە بتوانی پەیڤەکان بەو شێوەیە کورت بکەیەوە : یەکەم (ڕۆلز ڕۆیس )ی خۆم ساڵی ١٩٨٧ هەر ئەو ساڵەی کە خەونەگەورەکانم نووسی، کڕی . کەچی ئەم بەرسڤە ئەوەندە شێلوە کە لە وانەیە باشتر بێت ئەوەیان وەکو گێڕانەوە نەهێننەوە.

**نموونە : بەرسڤ بۆ خۆ دەرباز کردن و تەفرەدان ...**

پرسیار: کەواتە بۆچی زەمانەوەندتان لەگەڵ پیاوێکی ( ٦٠ ) ساڵە دەکرد؟

بەرسڤ: پێم وایە لە بەر چەند هۆیەك بوو . بە سانایی نییە ئەو هۆکارانە بژمێرم . بەلأم ، لام وایە کە ئەو و من بووین ،(( باشە ، لێم بگەڕێ ئاوا بڵێم یەکەم جار کە یەکترمان بینی ، شتێك بوو کە ناتوانم شیی بکەمەوە ، لام وایە دەتوانی ناوی لێ بنێی دیداری مێشك. یاخود شتێك کە ناتوانم بیری لێ بکەمەوە و وەك ئەوەی

کە هەیە باسی لێوە بکەم ، بەڵام ئیزنم پێ بدە کە بڵێم شتێك لە نێوانماندا هەبوو)) .
بۆ ئەم نموونەیە دەتوانی ئاوا بنووسیت : ئەو بە تەواوەتی نەیدەویست بڵێ بە ڕاستی چ شتێك و چ هاوبەشیەك لە نێوان ئەوو هاوسەرەکەیدا هەبووً . بەڵام دەڵێت (هەر لە سەرەتای دیداری مێشکەکان) بوو ئەوەی کە (شتێك لە نێوانماندا بوو).

**شیکردنەوە و مانادان.**

هەندێ جار شیکردنەوە و هێنانەوەی واتا ، باشترە لە وەی دەقا ودەق پەیڤەکانی بهێنیتەوە.

هیچی لێ کەم نابێتەوە ئەگەر لەم کاتانەدا لە هێنانەوەی ڕاستەوخۆی قسەکانی پەیڤدەرەکەتان ببوێرن و ڕونکردنەوەی خۆتی لەسەر و لە جیاتی بنووسیت. دیارە بۆت نییە دەستکاری واتاکەی بکەی.

**نموونە**

پرسیار: وەکو ئاوارەیەکی ناوچەی شەڕگەکان چ بیرەوەریەکی واتان هەیە کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیرتان ناچێتەوە، تا بۆمان باس بکەی.

بەرسڤ: لە خزمەتتاندا بڵێم ، کە ئەو شتەی لە هەموو ئەوانی تر خۆشترم دەوێن، ژیان لە گوند بوو . دەزانی لە خەو هەڵسانەوەبە هۆی بۆڕە بۆڕی گایان زۆ شیرین بوو ،کوڕەکەمان (جۆرج) دەیگوت هەروەکو چیرۆکەکانی ناو کتێبەکانە .دەزانی یەکێك لەوکتیبانەی کەهەمان بوو،کتێبێك هی ئەونووسەرە بوو کە بۆمناڵان دەنوسیێ، ناوەکەییم لەبیرنەماوە بەسە رهاتێك سەبارەت بەومناڵانەی کە لە کێڵگەیەکدا دەژین . هەمیشە بیرم دەکردەوە

کە دەنگی گایەکانی لە کێڵگەکەدا ، کاتی بەیانی یەکێك لە هێمن بەخشترین دەنگەکانە لەو دنیایەدا . کەچی هەندێ جار دەنگی ئەو بۆمب هاوێژانەم دەبیست کە بەسەر سەرماندا تێپەڕ دەبوون زیاتر لە هەر شتێکی‌تر خۆشم دەویست. بەڵێ پێم وایە ئەمە شتێك بوو کە بەڕاستی هەر لەم نموونەدا دەتەوێ زانیاریە سەرەکیەکان دەربهێنی، کە دەکرێ بڵێم بەرهەمی کارەکەت ئاوای لێدێ: ئەو بەیانیان دەنگی مانگاکانی بە تاسەو هۆگریەکی زۆرەوە وەبیر خۆی دێناوە کە تاکو دەنگی جار جارەی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانیش شتێکی لەو خۆشەویستییە کەم نەدەکردەوە. ئەگەر دەتەویست گێڕانەوەکە دەقاو دەق بهێنیتەوە لەوانەیە ئاوای لێ دەهات (هەموو جارێك بیرم دەکردەوە کە دەنگی مانگاکان لە کێڵگەدا ، لە کاتی بەیانیاندا یەکێك لە هێمن بەخشترین دەنگەکانە لەو دنیایەدا ).

ئەگەر هەندێ لە پەیڤدەران لە ئاخاوتندا سوود لە زاراوەی ناوچەیی وەردەگرن ، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە وشە ودەشتەواژەکانی ئەوان بە کار بهێنی و دەکار بکەیت و لە ژێر نووسینیشدا شی بکەیەوە کە واتای ئەم وشانە یانی چی. دەستەواژەی ناوچەیی بە بەڵگە بوونی پتری بابەتەکەتان دەردەخەن. هەندێ لە پەیڤدەران لە سەرە خۆو ژیرانەو ڕێك وپێك دەدوێن، ڕێزمان تێك نادەن ، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە زۆر دەگمەنن . هەندێ کەس بەهۆی جۆری قسەکردن و ناوەڕۆکی پەیڤەکانیان هەمیشە گاڵتەجاری ئەم وئەون . هەوڵبدە پەیڤدەرانت بە شێوەیەکی گێژ وساویلکە و نەخوێندەوار ، لەناو نووسینەکەتاندا نەنوێنن و سەر هەڵنەدەن سوود وەرگرتنی نا بەجێی لە وشە، یاخود ئاشنا نەبوون بە ڕێزمان، نابێ لە

وتارەکـەتاندا وەدیـار بکـەویّ و نیشـان بـدەی ، تـەنیا لـە هەندیّ جـاردا نەبیّ بە مەبەستێکی تایبەتیتان هەبێت، هەرکەسێکێش لە وانەیـە لانـی کـەم بـە هـۆی پاڵەپەسـتۆی تـووڕە بوونـەوە لـە هەڤپەیڤینەکەدا هەڵەیەك بکا.

**دوا وتە.**

چـەند چـاو پێکـەوتن وهەڤـپەیڤینی سـەرەتایی زۆر بەسـەختی دەڕوا، بـەڵام لـە هەمان کاتیشدا زۆر دڵخۆشکەرە . ئەگەر ویستت درێـژە بـەو کـارە بـدەی ، دەبێـت پسـپۆری و لێهـاتوویی خۆتـان باشـتر بکەن و توانای خۆت ببەیە سەر، لە کاتێکدا تەنیا رێگایەك بـۆ بوونــە پەیامــنێرێکی بــاش و ســەرکەوتوو ،ئــەنجامدانی هەڤپەیڤیـنە، دەتوانـی بە هۆی خوێندنەوەی هەڤپەیڤینەکانی ناو رۆژنامـەکان، گۆڤارەکـان ، کتێـبەکان ، شـێوازە هـەرە باشەکانی ئـەم کـارە فێـر بـبیت. بـە خوێـندنەوەی رەخـنەییەوە دەسـت پێـبکەن، لـە رەوشـتی نووسـەران و رۆژنامەنووسانی سەرکەوتوو ورد ببـنەوە، هۆیەکانی سەرکەوتن و داکەوتنی ئەوان دەستنیشان بکەن ولە بەر چاو بگرن ، خوێندنەوەی رۆژنامە بۆ سەر گەرمی و کـات رابـواردن بکــە بــە راهێــنانێکی بایــەخدار لــە پرسـیار و وەڵامەکاندا لێزان و مەلەوان بەو وەڵامی وردی بدەوە. گویّ لە هەڤپەیڤیـنەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن راگرە و بزانە دەتوانی لێیان و فێـر بـی لــە کــاری خۆتــاندا ورد بـین بـن ، هــەولّ بـدەن نووسـینەکانتان وەهـا بخوێـنەوە وەك نووسـینی کەسـێکی تربن، یـاخود لـە هـەڤاڵێکی دڵسۆز یا خاوەن رایەك داوا بکەن رەخنە لە نووسـینەکەتان بگـریّ، لەهـەمووی گـرنگتر ئـەوەی کـە دەبـیّ لـە

بیرتان بێت باشترین شوێن کە تۆ لێی فێر دەبیت، هاتنە مەیدان و ئەنجامدانی هەموو جۆرەکانی هەڤپەیڤینە.